مامه عەودە

# مێژوویەک لە خۆڕاگری و خەبات

**مامه عەودە**

# مێژوویەک لە خۆڕاگری و خەبات

نووسین و ئامادەکردنی: حەمید بەهرامی

مامە عەودە مێژوویەک لە خۆڕاگری و خەبات

نووسین و ئامادەکردنی: حەمید بەهرامی

دیزاین: شاروخ ئەڕژەنگی

تیراژ: ٢٠٠٠ دانە

نرخ: ٣٠٠٠ دینار

چاپی یەکەم، سلێمانی ٢٠١٧

مافی لە چاپدانەوەی پارێزراوە بۆ نووسەر و ئامادەکاری کتێب.

ئەم کتێبە پێشکەشە:

بە دایکم کە دەرسی خۆڕاگری لە زیندانداا فێر کردم.

لە بیست و پێنجی جوزەردانی ساڵی ١٣٦١ هێزەکانی ئیتلاعات و سوپای پاسداران لەگەڵ ژمارەیەك بەکرێگیراوی خۆجەیی لە کاتژمێر یازدەی شەو، رژانە ناو حەوش و سەربان و ناو ماڵی ئێمە لە دیواندەرە. ئەو کات من کە گەنجێکی پانزدە ساڵان بووم لە لایەن ئەو تاقمەوە دەستبەسەر کرام و بردنیانم بۆ زیندانی ئیتلاعات لە دیواندەرە. رۆژی دواتر دایکم هەر لە بەرە بەیانەوە هاتبووە بەر دەرکی سوپا و ئیتلاعات و بە هاوار و داد و فەریاد و نارەزایەتی خوازیاری دیتنی من ببوو. هێزەکانی رژێم ناچار بوون نیوەڕۆی ئەو رۆژە دیدارێکی کورتی دوو دەقیقەیی بۆ من و دایکم ئامادە بکەن. دایکم کە منی بینی یەکەم شت کە پێی گوتم بە ئەسپایی ئەوە بوو، وتی"رۆڵە ئامان ناو کەس نەوەی"!

ئەو رستەیەی دایکم، هەر چەند کورت، بەڵام پر ماناو مەبەست. لە تەواو دەورانی زیندان و لێپرسینەوەمدا، تەنانەت لە کاتی ئەشکەنجەکردنیشدا لە گوێم دەزرنگایەوە، "رۆڵە ناو کەس نەوەی"!

لە راستیدا ئەو ئامۆژگارییەی دایکم هەم منی پاراست لەوەی بۆیان دەرنەکەوێت من کار بۆ کۆمەڵە دەکەم، هەم ژمارەیەکی زۆر هاوڕێمی پاراست کە ئەو کات پێکەوە کارمان دەکرد بۆ کۆمەڵە.

بەم بۆنەیەوە، ئەم کتێبە پێشکەش بە دایکی ئازیزم دایە"خاوەر محەممەدی" ئەگەرچی لە ژیانیشدا نەماوە و هەموو دایکانی خۆراگری گیانبەختکردوانی کۆمەڵە دەکەم.

حەمید بەهرامی

ڤانکۆڤەر / کانەدا

ئۆکتۆبەری ٢٠١٧

**ناوەڕۆك**


پێشەکی ٩

بەشی یەکەم: بەسەرهاتی ژیان، لە زمانێکی سادەو خۆماڵییەوە. ١٣

بەشی دووهەم: ڕۆژانی پێشمەرگایەتی ١٩

پاشکۆی بەشی یەکەم و دووهەم ٦٣

لیستی گیانبەختکردووان

بەشی سێهەم: مامە عەودە لە دیدی هاوڕێیانییەوە ٧١

بەشی چوارەم: یادگارییەکان بە وێنە ٩٧

## پێشەکی

لە کۆمەڵگای کوردەواریدا کەم نین ئەو کەسانەی کە جێگە و پێگە و شوێنی تایبەتیان لە ناو خەڵکی ناوچە و دەڤەری خۆیان و یا بگرە لە بەشێکی زۆر لە کوردستانیش هەبێ و رێز و خۆشەویستیەکی تایبەتیان بۆ خۆیان دەستەبەر کردبێت. ئەم خۆشەویستیە چ بە هۆی بنەماڵەیی و عەشیرەتی و خانەوادەگییەوە یان بە هۆی پلە و مەقام و رێژەی خوێندەوارییەوە، یا بە هۆی خەبات دژی زوڵم و زۆری دەرەبەگایەتی لە رژیمی پاشایەتیدا و ئێستاکەش خەبات لە دژی رژیمی کۆماری ئیسلامی، ئەم جێگە و پێگە کۆمەڵایەتیەیان بۆ خۆیان دەستەبەر کردوە. یەکێك لەو کەسانە کاك عەبدوڵڵا عەزیمی ناسراو بە مامە عەودەیە. مامە عەودە کە خەڵکی ناوچەی دیواندەرەیە هەر لە دەورانی لاوییەوە بە خەبات لە دژی زوڵم و زۆری ئاغاو دەرەبەگ و رژیمی پاشایەتی خۆی پێگەیاند. زیندانیشی کێشاو تووشی رووبەروو بوونەوەو ئازارو ئەزییەت بووە. دوای سەرهەڵدانی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران و کوردستان، دژی رژیمی پاشایەتی و ئاشکرابوونی هەڵسووڕانی کۆمەڵە، خەباتی خۆی بە کۆمەڵەوە گرێدا. ژیانی سیاسی دەیان ساڵەی مامە عەودە شان بە شانی هاوڕێیانی لە ناو کۆمەڵەدا قۆناغی جۆراوجۆری تێپەڕاندوە. لە پلەو پایە، ئاست و شوێنی جیاوازیشدا کار و چالاکی کردووە.

مـامه عەوده گەنجیـنەیەك لە بیـرەوەری دەورانـی پێشـمەرگایەتی لە کوردسـتانی رۆژهەڵاتی لە لای خۆیدا هەڵگرتووە. کە هەر کام لەم بیرەوەریانە ئەتوانن وانەیەك بـن بۆ نەسڵی نوێی خەباتکار. دیارە کەسـانی وەکـو مـامە عەودە لە کـۆمەڵەو بـزووتنەوەی کوردسـتاندا، زۆرن. کە بەداخەوە تـا ئێسـتا زۆر بەکەمـی بیرەوەریەکـانی خۆیـان نوسیوەتەوە .

لە هاوینی ساڵی ٢٠١٣ کاتێـك بە مەبەسـتی ئەنجامـدانی ئەرك و فەرمـانی حیزبـی، گەڕامەوە بۆ کوردستانی باشوور، ئەم وتوویژەم لە گەڵ مامە عەودە ئەنجامدا. ئەو کات زۆرتر بە فیکری وتوویژێکی داکیۆمێنتی و بـۆ بڵاوکـردنەوەی بە ڤیـدیۆ ئەو کـارەم کـرد، بەڵام دواتر بیرم لەوە کـردەوە کە ئەم وتـوویژە هەم مێـژوویەك لە خەبـاتی کـۆمەڵە بە زمانێکی سادە باس دەکات و هەم بۆ رێز گرتن لە خەباتی زیـاتر لە چـوار دەیەی مـامە عەودە بە شـێوەی کتێـب بـڵاو کەمەوە، بەڵام بـۆ ئەم مەبەسـتە، پێویسـت بـوو تیشـك بخەمە سەر  قۆناغە جۆراوجۆرەکانی دیکەی ژیـانی مـامە عەوە. هەر بـۆیە لە هـاوینی ٢٠١٧، قۆناغی دووهەمی وتوویژەکەم ئەنجامدا.

لە بـاری زمـانەوانییەوە، لە کـاتی دابەزانـدن و نووسـینەوەی بیرەوەرییەکـانی مـامە عەودە، تێکۆشـاوم تـا ئەو جـێگەیە بگونجێـت هـیچ گۆڕانکـارییەك لە زاراوەکەی مـامە عەودە کە زاراوەیەکی تایبەتی ناوچەی دیواندەرەیە، پێك نەهێنم، مەگەر لە جێگایەکدا، کە ناچار بووم بیگۆڕم بە وشەی سۆرانی.

ئەم کتێـبە چـوار بەشـی سـەرەکی،  لە خـۆ دەگرێـت. کە پێکهـاتووە، لە ژیـان و بەسەرهاتی مامە عەودە، دەورانی پێشـمەرگایەتی، مـامە عەودە لە دیـدی هاوڕێیـان و وێنەو یادگاری. هەروەها لەم کتێبەدا پاشکۆیەك بـۆ بەشـی یەکەم و دووهەم هەیە. کە تـایبەتە بەو کەسـانەی کە دۆسـت و هـاوڕێ و هاوسـەنگەری مـامە عەودە بـوون و لە ریزەکانی پێشمەرگایەتی کـۆمەڵەدا گیانیـان بەختکـردووە. هەوڵـم داوە کە بە کـورتیش بێت، یادێکیش لەوان بکرێت. هەر وەك بۆ خۆشی دەڵێت" ژمارەی گیان بەختکردووانی کۆمەڵە لە دیوانـدەرە زۆر لەوانە زیـاتر بـوون و لەو کـاتەدا تەنهـا نـاوی ئەو کەسـانەی وەبیر هاتوەتەوە.

سەبارەت بەو کەسانەش کە لە سەر مامە عەودەیان نووسیوە. پێویسـتە، ئەوە بڵـێم

وەرگرتبا، بە تەنها یەك كتێبی دەویست، بۆیە تەنها ژمارەیەكی تایبەتی لە كەسایەتی دەرەوەی بازنەی كۆمەڵە و هەروەها رێبەرانی حیزبەكان و چەند كەس لە كادرە دێرینەكانی كۆمەڵە كە لە ناوچە لە گەڵیا بوون دیاریكرد بۆ وەرگرتنی لێدوان. هیوادارم كە دڵی كەسم لێ نەڕەنجێت. پێوستە لێرەشەوە زۆر سوپاسی هەموو ئەو بەڕێزانە بكەم كە كاتێك بۆ ئەم مەبەستە پەیوەندیم لە گەڵیان گرت و نامەم بۆ ناردن و داوام لێكردن بۆ ئەم بەشەی كتێبەكە بە نووسراوە هەرچیەكیان پێخۆشە دەربارەی مامەعەودە بینوسن و بۆمی بنێرن. بە دڵێكی ئاوەڵا و فراوانەوە داواكەیان قەبوڵ كرد و لە كاتی دیاریكراودا، نووسراوەكەی خۆیان بۆ ناردم.

لە كۆتاییدا، بە پێویستی دەزانم كە سوپاسی چەند هاوڕێیەكم بكەم، كە لە ئامادەكردنی ئەم كتێبەدا یارمەتیان كردووم. هاوڕێی خۆشەویستم كاك سۆران پاڵانی نە تەنها پاڵپشت و هاندەرم بوو، بەڵكو كاری داڕشتن و و پێداچوونەوەی بە ئەستۆ گرت و كارەكەی بە باشی بەسەرئەنجام گەیاند. هەروەها سوپاسی هاوڕێیانی خۆشەویست قادر فەرەجی و ئیدریس عەبدی دەكەم كە ئەركی تۆمار كردنی دەنگ و رەنگیان لە سەر شان بوو. دیزاین و بەرگی كتێبەكە لە لایەن هاوڕێی خۆشەویستم كاك شاروخ ئەڕژەنگیەوە كراوە كە سوپاسی دەكەم. سوپاسی هاوڕێ فەرهاد عەزیمی دەكەم، كە لە كۆكردنەوەی وێنەو رێكخستنی هەندێك لە كارەكاندا یارمەتی كردم.

با رێز لە زیندووەكانیشمان بگرین.

هیوادارم كە ئێوەی خوێنەر چێژی لێ ببینن.

حەمید بەهرامی

ڤانكۆڤەر / كانەدا

ئۆكتۆبەری ٢٠١٧

**بەشی یەکەم:**

**بەسەرهاتی ژیان،**

**لە زمانێکی سادەو خۆماڵییەوە.**

ناوم "عەبدوڵڵا"یە و شۆڕەتم "عەزیمی"یە. لە ساڵی هەزار و سێسەد و هەژدە، لە ئاوایی "گڵەسوور" لە ناوچەی دیواندەرە، لە بنەماڵەیەکی مامناوەندی، لەدایکبووم. گڵەسوور نزیکەی چل کیلۆمیتر لە دیواندەرەوە دوورە. دێکەمان حدود سی، سی و پێنج ماڵ بوو، لەو دێیەدا ئێمە تەقریبەن ژیانمان خراپ نەبوو، دەوڵەمەند نەبووین، بەڵام لە هاوماڵەکانمان باشتر بووین. ژیانمان تەقریبەن باش بوو، لە چینی مامناوەند بووین.

باوکم ناوی مرادخانە. ئینسانێکی غیرەتی و ئازا بوو، ئینسانێکی زۆر بەهێز و بە قودرەت بوو. لە ناو هاوماڵ و رەفیق و مەنتەقەکەدا بە ئینسانێکی بەغیرەت دەیان ناسی و نازناوی عەبدوڵڵای مرادخانم لەوە وەرگرتووە. پێنج کوڕی هەبووە، من کوڕی بچووکی بووم. بۆ گەورەکەم ناوی ساڵحە، بۆ دووهەمم فەرەجی ناوە، بۆ سێهەمم حەمە خۆرشید. ئەو لە عێراقدا لە دایك بووە، پەوچێ"بۆیە" ناویان ناوە حەمەخۆرشی، بۆ چوارەمم محەممەد و ئاخرینیشیان خۆمم. براکانم سیانیان، فەوتیان کردووە، تەنها حەمەخۆرشی لە ژیاندا ماوە. خوشکەکەیشم کە ناوی نەهیە بوو، فەوتی کردووە. ئەم کەسانە هەموو بۆ و خوشکی باوکی منن، بۆ دایکیم جیاوازە. من پێویستە ئەوەش بڵێم، خوشکێکی دایکیشم هەیە ناوی"مریەم"ە. بە خۆشیەوە ئێستاش لە ژیاندایە.

من زۆرتر لە ناوچە و لە ناو پێشمەرگایەتیدا بە عەودە قاڵقاڵی ئەناسرام، بە هۆی ئەوەی سەر بە تایفەی قاڵقاڵیم، بەڵام شۆڕەتی دایکم عەزیمیە. منیش ئەوەم هەڵگرتووە.

وەك مناڵانی تری دێ، کە بێبەشبوون لە هەزاران ئیمکاناتی مناڵان، گەورە بووم. بەداخەوە من لە وڵاتێك و لە مەنتەقەیەکەوە هاتمە دونیاوە نە ئەوەی من نەم خوێندبێت، کەس ناو خوێندنی نەدەزانی. هەر بۆیە لە نیعمەتی گەورەی خوێندن و فێربوون بێبەش بووم. من نەخوێندەوارم.

من لە تەمەنی حەڤدە ساڵیدا، کە باوکم لە ژیاندا بوو، ژنم هێناوە. ئەو کات وەزعی

ئەو کـاتە لە بیـرمە کاتێـك چـووین بـۆ تـاران مەڕ و ماڵاتمـان بـرد بیفرۆشـین، تـومەس رەفیقەکەمیان داسپاردووە، لیباسـی زەماوەنـد بـۆ مـن بکـڕن. منـیش خـۆم خەبەرم لـێ نەبوو. چووینە تاران، رەفیقەکەم مەحمودی ناو بوو، یادی بەخێر، مەحمـودی دەروێـش ئەحمەدیان پێدەوت. ئێمە چووینە"راەئاهەن"ی تاران، مەحمود وتی، با بچین بۆ دوکان پارچە فرۆشی، وتم پارچە فرۆشی بۆ چە؟ وتی وەڵا لیباس زەماوەند ئەسێنین بۆ تۆ. وتم بۆ من؟! خەبەرم لێنەبوو. مەحموود وتی" بێدەنگ بە ئەگەر ئێعتراز بـکەی بەم گۆچـانە گشت گیانت ئەشکێنم". ئیـتر مـن نەمتـوانی، رووم نەبـوو هیچـێ بڵـێم. ئەو کـاتە مـن لیباسی زەماوەندم لەتاراندا ئامادە کرد و هاتینەوە. بە داخەوە تـا مـن هـاتمەوە، بـاوکم فەوتی کردبوو. ئیتر من بووم بە ساحێب مـاڵ و سەرپەرەشـتی خـانەوادەم بەدەسـتەوە گرت. سەرپەرەشتی خانەوادەش ئەگەر چی من لە براکـانم منـداڵتر بـووم، بەڵام چـوون بەلای دایکمەوە بووم و لەگەڵ دایکم ئەژیام، براکـانم هەمـوو جیـا بـوون، لە دەورانـی باوکما جیابوونەوە، ئەوان هەر کەسە ماڵ و ژیانی خـۆی بـوو، سـەروەت و سـامانێکمان بوو، بەشی باوکیم بۆ من ماوە، زەوی و زارمان بوو، زەوی کەشاوەرزی، حەیوانمـان بـوو، بەوە ژیانمان بەرێوە ئەبرد.

من لە ژنی یەکەمم، چوون تەفاهوممان نەبوو، جیابوومەوە. سێ منـاڵمان هەبـوو. بە داخەوە هەر هەموویان مردن. ژنی دووهەمم خزمی خۆم بوو. ناوی حەسیبە شەهبازی بوو. بە داخەوە بە کارەساتێکی ناخۆش، بە هۆی دەرچوونی فیشەك لە دەستی کەسێك، کە بەر ئەو کەوت، گیانی لەدەستدا. ئێستاش دوای تێپەڕبوونی چل ساڵ هەر بـۆی بە داخم. لەو ژنەم تەنها کوڕێکم بوو، ناومـان نـا "فەرهـاد" و بە خۆشـیەوە لە ژیانـدایە و ئێستا لە دەرەوەی وڵات لە نۆروێژ دەژی.

لە ناو خەڵك و کۆمەڵگادا، قسەیەك هەبوو، ئەیانوت باوەژن ناتوانێت منداڵ بەخێو بکات. عەزیەت و ئازاری منـداڵەکە ئەدات. منـیش ئەمە بـوو بە گـرێیەك لە دڵـما. هەر بۆیە بڕیارمداو وتم" تا فەرهاد نەوێتە کەلاس شەش و نەینێرمە شـار سـنە، ژن نـاخوازم. فەرهاد، بوو بە کەلاس چووار، نەبوو بە کەلاس شەش، ئینقلاب لە ئێراندا هاتە پێشـەوە، و تووشی شۆڕش لە ئێراندا بووین. ئێمەش سەر ئاشنایمان لە گەڵ شۆڕشدا داخسـت، لە گەڵ رەفیقەکـانی ئەوکـات، ئیـتر نەکـرا و تـا ئیسـتاش هەر شـاخەو شـاخ، دۆڵا و دۆڵ، زەحمەت و دەردیسـەری، شـەر و گیـان لەدەسـتدانی زۆرێـك لە رەفیقەکـانم، هەمـوو

ئەمانە بوون بە سەبەب کە ئیتر من ژن نەهێنم و هەر بە تەنها بمێنمەوە. لە ژیانیشمدا، حەزم لە کەس کردووە. بەڵام ئیتر شتەکان، ئەو وەختە، رەعایەت دەبوون. دەورانێك جۆرێکی دیکە بوو، ئینسانەکان کەم روو بوون. منیش وەکو ئینسانەکانی دیکە وا بووم.

لە رێگای دایکمەوە، کە مرۆڤێکی زۆر دیندار و موسڵمان بوو، لە گەڵ دین و ئایینـدا ئاشنا بووم. هەر خۆی فێری نوێژ و رۆژگ و مانگی رەمەزانی کردم. هەتا تەمەنی نزیـك بە بیست ساڵان وا بـووم. دوای ئەوە وردە وردە بەوە گەیشـتم کە ئەمە سـوودی نیـیە. دەستم لە ئایین کێشا و پاڵم دا بە سیاسـەتەوە. سیاسـەتیش لە سـاڵی ١٣٥٧دا ئەو کـاتە مـن لە گەڵ رەفیقەکانـا، کـاك ئەیـوب نەبەوی، شـەهید نەورۆز، شـەهید حوسـەین پیرخزرانی، شەهید ئەحمەد، هوشەنگ خەتمی و موزەفەر محەممەدی و زۆرێکی دیـکە لە رەفیقەکاندا ئاشنا بووم. ئەڵبەتە ئەو کاتە زیاتر و زیاتر لە گەڵ کـاك ئەیـوبی نەبەوی پەیوەندیم بوو. من لە ئەویشەوە فێری سیاسەت بووم. راستتان دەوێت، خۆم سیاسـەتم نەدەزانی. ئەو سەوادی بوو، هەر چەند لە تەمەندا لە من منداڵتر بـوو، بەڵام بـووین بە رەفیقێکی فەوقولعادە نزیك. پێشتریش هاتووچۆی خـانەوادەیمان بـوو. پـێش ئیـنقلاب، ئەو هێشتا گەنج بوو. تازە ببوو بە دەبیر، من تەمەنم لەو زیاتر بوو، من لە هـاوڕێیەتی لە گەڵ ئەو رەفیقانە فێری سیاسەت بووم.

هەر بەر لەوەش فێری سیاسەت بم لە بەرامبەر زوڵم و زۆری ئاغـاو دەرەبەگەکانـدا وەستاومەتەوە. من لە باری تایفەییەوە، قاڵقاڵیم. تایفەی قاڵقاڵی ئینسان گەلێکی باشـن، بە داخەوە تا ئەم چەند ساڵەی رابردوو خوێندەواری نەبوو یا کەم بوو، بەڵام ئێسـتا لەم بوارەشدا زۆر باشن، تا مەدرەکی دیپلۆم و لیسانس و فەوقی لیسانس و موهەندسیشیان هەیە. خەڵکی قاڵقاڵی، شەرافەتمەندن، بە عاتفەن، یەك خاسیەتیان هەیە، بە گشتی قەد لە ژیانیاندا نەچوونەتە ژێر باری زوڵم و زۆر، زوڵمیان لەکەس قەبوڵ نەکـردووە. مـن لە سەر ئەوان، تووشی شەڕ و مەرافە و کێشەی زۆر بوومە. ئەویش دەلـیلەکەی ئەوە بـوو، قاڵقاڵی تایفەیەکن، نزیکەی دوازدە ئـاوایی و دێهـاتن. ئـێمە مەنتەقەکەمـان مەنـتەقەی گەڵباخییە. گەڵباخی خەڵکەکەیان زۆر بوو. حدود چل پەنجا ئاوایی بوون. ئێمە رەعیەت بووین. زەوی رەعیەتی بەدەست ئـێمەوە بـوو. مالکەکـان و ئاغاکـان گەڵبـاخی هـاتن و لەگەڵ ئێمە بوون بەتەرەف. بوو بە شەڕ و ناخۆشی. بەداخەوە چەند کەس لەو بەینەدا

کوژرا، پیاو باش لە بەیندا کوژرا. هەر لەو رۆژەوە تا ئیستاش من پێوەی گیرۆدەم و بەدبەختی لە سەر دەکێشم.

ساڵی ١٣٤٤ ئەو شەڕە کە رووویدا، ئەو شەڕە لە سەر ئەو زەوی و زارە بوو، شەڕی ئاغا و رەعیەتی بوو. بەداخەوە شەڕەکە زۆر خراپ بوو، زۆر نەفرەت لێکراو بوو. تەرەفەکەی ئێمەیش پیاو خراویان تێدا بوو، بەڵام کەسانی عاقڵ و ژیر و پیاوی باشیان زۆر تێدا بوو. لەو شەڕەدا، کە ئەو رۆژە بوو بە شەڕی ژاندارمری و شەڕی قاڵقاڵی و شەڕی گەڵباخی، بەڵام ژاندارمری هەڵاتن و شەڕەکەیان بە جێهێشت. لەو شەڕەدا ئێمە کەسێکمان کوژرا بە ناو "مەجید ئەحمەدی"، یەکێك لە بنیادەمە باشەکانی رۆژگار بوو. ئێستاش کە پەنجا ساڵی لێ تێپەڕیووە خەڵك بە گیانی ئەو سوێند دەخۆن. زۆر بنیادەمێکی باش بوو، بە رەحم بوو، کەسێکی ئازا و سەخی تەبیعەت بوو، فەقیر خۆشەویست بوو. ئەو رەئیس مەنتەقەکەی ئێمە بوو، رەئیس قاَلقاڵی بوو، ئەگەر چی خۆیشی رەعیەت بوو، بەڵام بە هۆی لیاقەت و ژیری خۆیەوە خەڵکەکە قەبوڵیان بوو. لە سەر ئەو شەڕە زیندانیەکی زۆری کێشا و زەرەرێکی زۆر لە خەڵك کەوت. لە ساڵی ١٣٤٧ دا دیسان کێشەکە قوڵ بووەوەو کەسێکی دیکە بە ناو "سەعید شەهبازی" کە ژن برای من بوو، کوژرا. ئەم شەڕ و کێشە ساڵی ١٣٤٤ تا ١٣٥٧ کە شۆڕش لەئێراندا کرا هەر ناوە ناوە بەردەوام بوو. زیندان، کوتەك لێدان، ئەزیەت و ئازار، هەموو جۆرە زەحمەت و بەدبەختی تێدا بوو. شۆڕش کە لە ئێراندا کرا و ئێمە پاڵمان دا بە شۆرشەوەو ئیتر ئەم مەسەلەیە تەواو بوو.

لە زەمانی شادا، بە هۆی شەڕو ململانێ لە گەڵ ئاغاو دەرەبەگەکان، زیندانی کراوم و زۆریان لێداوم. لە دوای شۆڕشی گەلانی ئێرانەوە پەیوەندیم بە کۆمەڵەوە کرد. بەردەوام بووین لە کار کردن لە ناو خەڵکدا و چیم لە دەستم هات کردوومە.لە کۆمەڵەدا دۆڵ بە دۆڵ و ئۆردوگا بە ئۆردوگا هاتووم و لە سەر بیروباوەڕم ماومەتەوە. دوای دروست بوونی رەوتی کۆمۆنیزمی کارگەری، هەندێك کێشە و گرفت، لە ناو کۆمەڵەدا بوو کە بەرە بەرە ئەو موشکلاتە گەورە دەبووەوە، بەو بۆنەوە خەڵکێکی یەکجار زۆر رۆیشتن بۆ دەرەوە. وە خەڵکێکی زۆر کەم ماوە لە ئۆردووگا. ئێمەشیان بە زۆر نارد بۆ تورکیە. من چوومە تورکیە، بەڵام دوای ماوەیەك لە گەڵ کاك بەهمەن عەلیار و چەند رەفیقێکی دیکە، زۆر بەرۆشی ئۆردووگا و کۆمەڵە بووین و هەمیشە

خەبەری ئێرەمان دەپرسیەوە. زانیمان کە وەزعی کۆمەڵە لە باری نەفەر و کەسەوە زۆر خراپە. کەسی بەدەستەوە نەماوە. ئەو کاتە سەرەڕای ئەوەی کە من قەبوڵی سوئیدیشم بوو، بڕیارماندا بگەڕێینەوە بۆ کوردستان و کۆمەڵە بەو وەزعەوە بە تەنیا نەهێڵینەوە. بۆیە گەڕامەوە کوردستان. بۆ مێژوو باسی دەکەم، لە ساڵی دوو هەزاردا، یەکێك لە بونیادگوزارەکانی رەوتی ساغکردنەوەی کۆمەڵە لە حیزبی کۆمۆنیست بووم. دەور و نەقشی زۆرم هەبوو. لە یەکەم کۆنگرەی دوای جیابوونەوە لە حیزبی کۆمۆنیست بووم بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران.

دوای ئەو هەموو ساڵە لە تێپەڕاندنی ساڵەکان و قۆناغەکانی ژیان، لەو بڕوایەدام، ژیان شێوەی جۆراوجۆی هەیە، من خۆم ژیانێکی خراپم بووە، بەڵام ناڕازی نیم، ئیفتخاریشی پێوە دەکەم. ئێستاش ئەگەر لە قەبر زیندوو ببمەوە دەست دەردێنم و ئەڵێم شانازی دەکەم بەو رێگایە گرتمە بەر و ئەو حەرەکەتەی کە کردوومە. چوون کۆمەڵە بۆ من قوتابخانەیەك بوو، مەکتەبێك بوو، فێرگەیەك بوو، شەهامەت بوو، دڵسۆزی بوو، ئێحساس مەسئولیەت بوو، بنیادەمەکانی پاك بوون، مەغرور نەبوون، من قەد ئەوانەم لە بیر ناچێت. من دانشگا نەچووم، بەڵام دانشگایەکی گەورە بوو بۆ من. لەو ئەندازەدا کە شعوری سیاسی و ئیجتماعیم پەیدا کرد، بە دانشگایەکی گەورەی ئەزانم .

لە راستیدا قسە و بیرەوەریم لە ژیاندا یەکجار زۆرە و بۆ دەیان نەوار ئەبێت، بەڵام بەداخەوە ئێستا زاکیرەم باش نییە. شتم وەبیر نایەت. تەمەنم رۆیی. لەوانەیە بپرسن، ئەگەر گەنجیت گەڕایەوە، یەکەم کارێك بیکەیت چ دەبێت. دەڵێم" دڵنیام گەنجیم ناگەڕێتەوە. وەختێك ناگەڕێتەوە، بۆیە یەکەم کاریشم نابێت".

ئیتر ئەوەندەی بە بەشی من بڕاوە لە ژیان بەسە. هەر بۆیەش لە سوپاس و رێز و سەرکەوتن بۆ هەمووتان کۆتایی پێ دێنم.

## بەشی دووهەم:

## ڕۆژانی پێشمەرگایەتی

**پرسیار: تۆ هەر لە سەرەتای تەمەنتەوە، لە دژی زوڵم و چەوساندنەوە، وەستاویتەوەو خەباتت کردووە. لە سەر ئەوە، تووشی بەدبەختی و لێدان و ئەشکەنجەو زیندان بووی. وەستانەوە و خۆراگری ئێوە، بەرامبەر ئاغاو دەرەبەگەکان چۆن بوو؟ لە بەرامبەر وەستانەوە و بەرەنگاری ئەوان حکومەتی شا چی بەسەردا هێنان؟**

**وەڵام:** بەڵێ. لە زەمانی شادا، ئێمە لەسەر زەوی و زار لە گەڵ مالکەکان کێشەمان بوو. ئەو کاتە عەشیرەی گەڵباخی هێرشیان کردە سەر ئێمە. ئێمە کە رەعیەت بووین لەسەر نزیکەی چوار سەد هێکتار زەمین شەڕمان بوو. ئەوان زوڵمیان لەئێمە دەکرد و ئێمەش زوڵمەکەمان قەبوڵ نەدەکرد. ئاکامەکەی بوو بە شەڕ و لەشکر کەشی و تایفەگەری. لەو شەڕەدا "مەجید ئەحمەدی" ناسراو بە مەجیدخان کە سەرۆکی تایفەی قاڵقاڵی بوو کوژرا. ژمارەیەك لە ئێمە گیرا و خراینە زیندان. پاش ئەوەی کە بە رەسمی ئەو کات، موڵك لە باتی "خوێن" دا درا، ژن لە باتی "خوێن"دا درا، سوڵح کرا و بەو شێوە کۆتایی پێهات. بەڵام پاش سێ ساڵ لەم رووداوە واتە لە ساڵی ١٣٤٧ تەوە، ئەو شەڕە دیسان سەریهەڵداوە. ئەمجارەیان بەهۆی ئەوەی مالکەکان پوڵدار و دەوڵەمەند بوون، ژاندارمریش لایەنی ئەوانی گرت و پشتیوانی لەوان دەکرد، ئێمەیش هەم زۆر بووین و هەم ململان نەدەدا و تەسلیم نەدەبووین، بۆیە ئێمە لە گەڵ ژاندارمری توشی شەڕ بووین. رۆژێك فەرماندەی گورهانی دیواندەرە هاتە شوێنمان و ئێمە چوار کەسمانی برد بۆ دیواندەرە. زیندانی نەبووین، بەڵام دەستبەسەر بووین. وتی ئێوە لێرە لە ئیدارە ئەمێننەوە و حەقتان نییە بڕۆنە دەرەوە تا ئاگادارتان دەکەمەوە. نەکونە ئێمە خەبەرمان نییە هێزێکی زۆریان کۆکردۆتەوە لە چریکی "مەڕەدەر" و پاسگای "هەزارکانیان" و ئەمانیانە ئامادە کردبوو لەگەڵ حەوت هەشت تەراکتۆر هاتبوون بۆ سەر ئەو زەوی گەلە کە تەسەروفی بکەن لە ئێمە، ئێمەیش ئەو چوار کەسە لە ناو گورهانا دامانیان نابوو خەبەرمان لێنەبوو کە چ تەرح و پلانێکیان هەیە. هاتینە ناو حەوش گورهان، ئیستوارێکی گێجی لێ بوو، لێمان پرسی، سەرکار ئەوە بۆ گورهان چۆڵە و کەسی تێدا نەماوە، وتی نەتانزانیووە؟ "ئەو نەیدەزانی ئێمە چ کارەین" وتمان نەوەڵا. وتی" شەرێکی قەرسە" تا ئەوەی قاڵقاڵی لە گەڵ دەوڵەت و ژاندارمری پاش هەرزانە، ئێمەیش خۆماغان

دزیەوەو دەرچووین. ئەو رۆژە حەفتا تمەنمان دا بە کرێی ماشین، حەفتا تمەن ئەو کات یەکجار زۆر بوو. ئێمە هاتین تا دەشتی "تەیتاخ"، تەماشامان کرد لەو مەنتەقە کە زەمینەکان هەیە و لەشکر کەشی لەسەری کراوە، دووکەڵ تەراکتۆر هەڵدەستێ. ئێمەیش پێشتر سفارشمان ناردبووەوە ماڵەوە کە ئەگەر هاتنە سەر زەوینەکان بە ژن و پیاوەوە لێیاندەن. ژن بە تیرەنان و مەسیەوە و پیاو بە بێل و بە خاکەنازەوە. بە هەرچیەك پێتان ئەکرێت لێیاندەن. ئەوانیش دەستیان دابووە ئەو شەڕە. ئەو رۆژە کورێکی هەژدەساڵان بە ناو"سەعید شەهبازی" کە ژن برای من بوو بە تەقەی ئیمیەکی ژاندارمری کوژرا و کەسێکی دیکەیش بریندار بوو. ئەمانیش سەرو بەچك ژمارەیەك لە ژاندارمریان شکاند بوو. تەرەفەکان شکستیان خوارد بوو، دواتر هەڵاتبوون. سێسەد عەدڵ گەنمیان هێنابوو بەزرپاشی کەن و بیوەشێنن، ئەوەیشیان لێ بەجێمابوو. جیپی رەئیسەکەیان بە جێ مابوو. دوو تەراکتۆری هانوماك یان ئاگر تێبەردرا بوو. ئێمە چووینەوە دیتمان نزیکەی دووسەد کەسێك بە دەور ئەو ژن برای منەوە بوون کە کوژرا بوو. فەرماندەی هەنگی ژاندارمری کە کەسێك بوو بە ناو سەرهەنگ "مەنسور پوور" خۆی هات. لەو کاتەدا زۆربەی خەڵکەکە بڵاوەیان کردبوو تەنیا ئێمە کە حەڤدە هەژدە کەس بووین مابووینەوە. دەست بە تفەنگ هاتن دەورمانیان گرت و محاسرەمانیان کرد و گرتمانیان. سەرهەنگ مەنسور پوور هاتە پێشەوە بەرەو لای من، ئەو کات تۆزێك قوڵم بووم و لیباسی تەمیزم لە بەردا بوو. منیش دەمم داو وتم" ئەمە بۆ وا دەکەن، ئەمە زوڵمە". بەدەست ئیشارەی لێم کرد وتی بێرە پێشەوە. منیش چووم و سڵاوم کرد. وتی ئیسمت؟ وتم عەبدوڵڵا. وتی شۆرەتت؟ وتم عەزیمی. هەتا خوا قەوەتی بدا شەقە زیلەیەکیدا لێم. نازانم چۆن ملم نەپەڕی. وتی"ئەها ئەشرار خودتی"؟ منیان دەسبەند کرد و خستمیانە ناو ماشینێك. شانزدە نەفەری دیکەشیان لە خزمەکان و رەفیقەکانم گرت و ئەوانیشیان سوار کرد و بردمانیانە دیواندەرە. لە گورهان ژاندارمری دیواندەرە، عەزیەتێکی زۆرمانیان کرد، زۆریان لێماندا . خستمانیانە تەوێڵەی ئەسپ، بێحەد بێحورمەتیان پێمان کرد. دوای ئەوە باس پورسێك هات و بازجویی لێمان کرد. لە بیرمە ناوی "میرمیران" بوو. هاتە ناومان وتی "من زۆر رەحمم پێتان کردووە" یەکێ پەنج هەزار تمەن قەرار وەسیقەم بۆتان سادر کردوە. ئەبێ بچنە زیندان و ئەو پەنج هەزارە بدەن. ئێمەیان نارد بۆ زیندان سنە. جا هەر ئەو وەختە، کابرایەك بە ناو موزەفەر

ئەسپەکان کە ئێمەیان لەوێ دانابوو، وتی بە من ها رووداری ئەکەی؟ پەشیمان نیت؟ وتم ئا موزەفەر بەخوا پەشیمانم! یەکجاری پێخۆش بوو. وتی چۆن پەشیمانی؟ ماشین من ئەسوتێنی؟ وتم بۆ ئەوە پەشیمانم من دەبوو خۆتم بسووتانایەت، ئێستا ماشینتم سووتاندووە پەشیمانم. دەبوو خۆتم بسووتانایەت. ئێمەیان بردە سنەو حدود حەفت مانگ لە زینداندا بووین. دوای ئەوەی کە وەکیلمان گرت و دوای ئەوەی کە زەرەرێکی زۆرمان کرد بە قەرار وەسیقە ئازاد بووین. لەو دەورانەدا ئێمە هەر لەناو شەڕ و شۆڕ و کێشەدا بووین. رۆژێك خۆشیمان نەبینی، خەڵکی مەنتەقەکە هەمووی بە دەست ئەو زوڵم و زۆرەوە خۆشیان نەبینی.

**پرسیار: کاتێك کە شۆڕش لە ئێراندا کرا و رژیمی پاشایەتی روخا، تۆ پەیوەندیت بە کۆمەڵەوە کرد و لە یەکەم پێشمەرگەکانی ناوچەی دیواندەرە بوویت، هۆکاری پەیوەست بوونت بە کۆمەڵەوە، چی بوو؟**

**وەڵام:** من خۆم عەقڵ و فیکرێکم بوو، کە موخالفی زوڵم و زۆر بووم. تەنانەت لە ناو خانەوادەکەی خۆمیشدا. من نموونەیەکت بۆ بێنمەوە. لە سەر مەسەلەی بەین دایکم و باوکم. هەر وەك باسمکرد، باوکم، پیاوێکی غیرەتی بوو، ئێمە حەیواندار بووین، حەیوانمان بوو، چەمێك لە بەر دێیەکەمانا بوو، چەمی "قزڵ وەزان"یان پێئەوت، لەو چەمەوە دایکم بە دوو حەلەب بیست لیتری ئاوی ئەهاورد، بۆ پەروارەکان. باوکم، لەسەر ئەوە دایکم"رێگاکەی دوور بوو دێر ئەهاتەوە"، ئەچوو لێی ئەدا. من فیکرم ئەکردەوە وتم ئەی هاوار، ئەم ژنە، چ گوناحێکی کردووە؟ لە راستیدا نە دەمتوانی شتێك بڵێم، نە زۆریشم بە باوکم ئەشکا، بەری پێ بگرم. من هەر لەو کاتەوە بە راستی زوڵم و زۆرم قەبوڵ نەبوو. ئێستایش قەبوڵم نییە. من بۆیە لە گەڵ کۆمەڵە پەیوەندیم گرت لە سەر ئەو زوڵم و زۆرەوە بوو. نا بەرابەری و نا عەداڵەتی بوو. بێحورمەتی و زوڵم بوو. من براکانم، ئەچوون مەسەلەن زوڵمیان ئەکرد لە هاوساکەمان، من لەو کاتەدا پێم ناخۆش بوو. ئەموت" ئەمانە بۆ زوڵم ئەکەن، ئەو کابرا چ خراپەیەکی بووە؟ مەبەستم ئەوەیە کە من لە سەرەتاوە تا ئیستاش هەر دژی زوڵم و زۆر بووم. من لە ئەسەر زوڵم و زۆرەو پاڵم دا بە کۆمەڵە. کۆمەڵە ئەودەم بە رەهبەری ئەو رەفیقانە کە لە کوردستانا بوون، شەهید ئەیوب نەبەوی، موزەفەر محەممەدی، هوشەنگ خەتمی، شەهید حسین پیرخزرانی، شەهید ئەحمەد، شەهید نەورۆز گەنجی، ئەمانە هاتووچۆی مەنتەقەی

قەرارم دانیا و بەینم بەست و ئەوان لە سەر زوڵم و زۆر تەوزیحیان بۆ منـدا و منـیش قەبوڵم کرد. لەو کـاتەوە مـن تـا ئێسـتا کـۆمەڵە مـاومەوە و یەك جـاریش بە خەیاڵمـدا نەهاتووە پاشگەز ببمەوە، یەك جار پەشیمان نەبووم ، هەر لە سەری سوور بـووم، بەڵام ئێستا کەمێك نیگەرانیم هەیە. ئەو نیگەرانیە پەیوەندی بە خۆمەوە هەیە.

**پرسیار: پێم خۆشە باسی ئەوەمان بۆ بکەی، پاش ئەوەی پەیوەندیت بە کـۆمەڵەوە گـرت و بووی بە پێشمەرگەی کۆمەڵە، ئیتر دەستت بە خەبات کرد. کاری تۆ لە ناو کۆمەڵەدا چـی بوو؟ لە بارەی پەیوەندیت لە گەڵ پێشمەرگەکان، لە گەڵ خەڵك و چۆنیەتی هەڵسـوکەوتتان لە گەڵ جەماوەر، چۆن بوو؟**

**وەڵام:** من هەر لە سـەرەتای مێـژووی دەسـت پێکردنـی پێشـمەرگایەتیمەوە زۆر لە گەڵ هاوڕێکانمـدا چ ئەوانەی پێشـمەرگە بـوون یـا ئەوانەی بەرپـرس بـوون و چ ئەو کەسانەش لە فێـرگە بـوون، پەیوەنـدیم لە گەڵیانـدا خـۆش بـوو. رێـزم لێیـان دەگـرت و ئەوانیش بەو پەڕی مەتانەت و دڵسۆزییەوە رێزیـان لـێ دەگـرتم. ئەگەر مـن بمهەوێـت نموونەی رێز لێنانی ئەوان بگێڕمەوە ساعەتها کاتی دەوێت.

من ئەو کاتە کە بووم بە پێشمەرگە و لە ناو شاری دیواندەرەدا بووین. بۆ ماوەیەکی کورت بەرپرسایەتی دەستەیەکیان بە من سپارد. ئەمە لە سەرەتای پێشـمەرگایەتیم بـوو. کە زۆر نەبوو، تەنها بۆ چەند مانگێك بوو. بە دوای ئەمەدا منیان لە بەشی تەداروکات و ماڵی سـازماندا. هۆکـاری ئەوەش کە منیـان لەم بەشـەدا دامەزرانـد، ئەوە بـوو، کە مـن خەڵکەکەم دەناسی و ئاشنایەتیم لەگەڵیان هەبوو. خەڵکەکەم بە گشتی دەناسی، چـون خۆم منداڵی ناوچەکە بووم. زۆرێکیان دۆست و هاورێ و خزم بوون، بۆ ماوەی نزیکەی دوو ساڵ لەو بەشەدا مامەوە. ناوچەی دیواندەرە ئەو کاتە کادر و پێشـمەرگەی یەکجـار زۆر بوو. هەموو پێداویستیەکانیان لە باری ماڵیەوە وەکو لیبـاس و کەوش و خـۆراك و... هەموو پێداویستیەکانمان دابین دەکرد، تەنانەت ئەو شتانەش کە لە لای خۆمان دەسـت نەکەوتایەت لە رێگای دۆستەکانمانەوە ئەمان نارده تاران یان سنە، ئەیان هـاورد بۆمـان. پاش ئەو دوو ساڵە، سـازماندەیەکەم گـۆڕدرا. هۆکارەکەشـی ئەوە بـوو کە مـن بـووم بە دەستەی سازماندە ئەویش هۆکارەکەی ئەوە بوو، کە من ئاشـنایەتیم لەگەل خەڵکـا زۆر بوو، خەڵکم بە باشی ئەناسی و خەڵکیش منیان بە باشی ئەناسی. لەو ماوە کە دەستەی سازماندە بووم کاری رێکخستن و زەنیمان ئەکرد. ئەو کارەیان ئێمە چەند زەفەر بووین

ئەمان کرد کە کارمان ڕێکخستن و سازماندەهی گەنجەکان و دۆستان و لایەنگرانی کۆمەڵە بوو. ئەو کارەی ئێمە کە ئەو کات ئەمان کرد ئێستاش هەر بەردەوامە. کار و بارەکەمان بەرهەمی زۆری بوو لە ناو خەڵکدا. خەڵك باوەڕیان پێمان بوو، خۆشیان دەویستین. ئەو کەسانە کە ئەمان ناسین بە تایبەت ئەو گەنجانەی کە شور و شەوقی موبارزەیان بوو ئەرۆیشتین بۆ لایان کە وای لێهاتبوو کە گەنجەکان خۆیان ئەهاتن بۆ لامان و داوایان ئەکرد کە کاریان پێ بسپێرین و ئێمەیش ڕێنوێنی پێویستمان پێیان ئەدا و کارمان پێ ئەسپاردن. ئەو ماوە کە ئێمە لە ناو خەڵکدا بووین، زۆر بە باشی ئێمەیان ئەپاراست. ئێمە ژمارەمان کەم بوو و تەنیا چەند کەس بووین، بەڵام لە گەڵ خەڵکەکە و لە ماڵاندا ئەژیاین. ئەگەرچی دەور و بەرمان هەموو هێزی حکومەت بوو. بە جۆرەها چەکی سوك و قورس تەیار بوون، بەڵام ئێمە باوەڕمان بە خەڵکەکە بوو و ئەوانیش ئێمەیان ئەپاراست. رژیم زۆر جار دەیانزانی ئێمە لەو ناوچەیەین. دەیانزانی ئێمە لە فلانە ئاوایی خەڵکمان کۆکردۆتەوەو کۆبونەوەمان بۆ خەڵك کردوە. ڕێنوێنیمان بە خەڵك داوە. بە دوامان دا دەگەران بەڵام ئێمە بە هۆی ئەوەی باوەڕمان بەو خەڵکە بوو هەر لەناو ئەواندا ئەماینەوەو رژیمیش نەیدەتوانی پەیدامان بکات.

**پرسیار: مەبەستت لە ئێوە ئەو واحیدەیە کە ناوی دەستەی سازماندە بوو؟**

**وەڵام:** بەڵێ، مەبەستم دەستەی سازماندەییە. ئەو کاتە بۆ خۆمان دەگەڕاین و لە ماڵاندا مەخفی دەبووین. بەڵام کاتی واش بوو کە گوردانیشمان لە گەڵ بوو و ئێمە لە گەڵ گوردااندا ئەگەراین و لە پەنای ئەواندا کارەکانمان ئەکرد. ئەو کاتە ئیتر پێویست نەبوو کە مەخفی بین و لە گەڵ هاوڕێیانی گوردان بە ئاشکرا دەگەڕاین. کاتی واش بوو هەر جێگایەك گوردانی لێ بوایەت ئێمە ئەمانتوانی یەك یان دوو ئاوایی ئەولاتریش بڕۆین و کاری خۆمان بکەین، هیچ ترسێکیشمان نەبوو. چوون گوردان پشتیوانمان بوو. ئەگەر موشکلێکیشمان بۆ پێش هاتبا خێرا فریامان ئەکەوتن. ئەو دەورانە کاری موسبەت و ئەرێنی زۆرمان کرد. ئەو کەسانەی کە ئەوکات لە گەڵمان بوون، پێم خۆشە ناویان بەرم. چەند کەسیان شەهید بوون. یادیان بەخێر. ئەوانەش کە ماون هیوادارم تەمەنیان درێژتر بێت. ئەو کەسانەی ئەو کات بریتی بوون لە: ئیبرایم رۆستەمی، موزەفەر پاکسرشت، شەهید فایەق حەیدەری "فایەق کانی کەبود" یادی بەخێر، شەهید "سەعید خانی"، یادی بەخێر، ماوەیەکیش "سەدیق قوبادی" و هەر چارەیش چەند

پێشمەرگەیەکیان ئەخستە گەڵمان بۆ پاراستن و ئەگەر تووشی موشکلێك بین بتوانین زیاتر دیفاع لە خۆمان بکەین. ئێمە لە پەنای کاری رێکخستن، کاری ماڵی و کۆکردنەوەی یارمەتیشمان ئەکرد. بۆ نموونە ئێستا لە مەنتەقەی "هەوەتوو" نازانم چەندە مابێ یا چی لێهاتبێ، بەڵام دوو عەدڵ گۆرەویمان داوەتە دەس بنەماڵەیەك بۆمان هەڵبگرێت. دەیان دەس لیباس کە بەدەستمان ئەگەیشت لە ماڵێکدا دامان ئەنیا تا رۆژێك کە پێویستیمان پێبوایەت ئەڕۆیشتین ئەمان هێناوە و بەکارمان دەهێنا. خەڵکەکە بە عام دڵسۆز و پشتیوانمان بوون بە گەورە و چکۆلەوە. لە بیرمە تەنانەت منداڵە چکۆلەکان سوزنی گۆرەوی چنیان بەدەستەوە دەگرت و ئەیان گوت گۆرەوی ئەچنین بۆ پێشمەرگە! نەشیان دەزانی، بەڵام بوو بوو بە کەلتور لەناو خەڵکدا و پێشمەرگە تا ئەو رادە لە ناو دڵی خەڵکدا جێگەی بۆ خۆی دەستەبەر کردبوو. بۆ ماوەی ساڵ و نیو تا دوو ساڵ ئەو کارەمان دەکرد. لەو ناوچەیە، پاش ئەوەی کە ئێمە توانی بومان خەڵکانێکی نوێ بۆ ئەم کارە ئامادە بکەین و رایان بهێنین و بتوانن کاری دەستەی رێکخستن بەڕێوەبەرن. منیان لە بەشی ماڵی سازماندا. ئەمە لەکاتێکدا بوو، کە دیواندەرە خاوەنی دوو گوردان پێشمەرگە بوو. تەواوی پێداویستیەکانی ئەو دوو گوردانەی پێشمەرگە لە لایەن من و چەند هاوڕێیەکی دیکەوە، ئامادە دەکرا. لە بیرمە جارێکیان بە شاهێدی زۆرێك لە هاوڕێیان کە لەژیاندا ماون لە مەنتەقەی قاڵقاڵی سەر بە ناوچەی دیواندەرە گەنمان کۆ کردەوە. ئەوەندەیان پێدابووین کە بەش ناوچەکانی سنە و مەریوان و دیواندەرەی کرد. بە ماشینی بارهەڵگری گەورە دەمان گواستەوە بۆ ئەو ناوچانەی دیکە و تەنانەت بۆ زستانیش زەخیرەمان دەکرد. دەیان حەلەب رۆن و هەنگوێنمان زەخیرە دەکرد بۆ زستان. جارێکیان هاوڕێیانی ناوچەی سنە بە شوێنی هەنگوێنەکەیان زانی بوو، پێنج تەنەکە لە هەنگوێنەکەیان، بە بێ ئەوەی ئیجازە لە ئێمە بگرن، بردبوو. ئێمەش لەو کارەیان تورە بووین کە بۆ بە بێ پرسکردن ئەو کارەیان کردووە. جارێکیان لە ئاوایی"دەرەگاوان" تووشیان بووین یادی بەخێر کاك عەبدوڵڵای هۆشیاریان بەرپرسیان بوو، گەیشت بە من وتی" ئەوە من تەسلیم" چی دەڵێی حازرم ئەوە من خۆمم ناساندووە منیش وتم: نۆشی گیانتان بێت، هیچێك ناڵێم. مەبەستم ئەوە بوو کە هەموو پێداویستیەکانمان تەنانەت دەواو دەرمان و هەمووشتێ دیکە لە لایەن خەڵکەوە تەئمین دەبوو. لە بیرمە جارێك کە لە گەڵ گوردانا بووین، لە کێوێك بووین، بە ناو "کانی

پێشمەرگەکان "حەمەی سەیار" بوو کە ئێستا لە دەرەوەی وڵاتدایە، ناوبراو هاتە لای من و وتی مامە عەودە هاوڕێیان داوای کالباس ئەکەن! منیش وتم جا کاکە کالباس ئا لێرە چۆن پەیدا ئەبێت! وتی ئەو ئیتر کاری تۆیە و بۆ خۆت دەزانی! منیش کەسێکم بانگ کرد کە مینوبووسی بوو، وتم" کاکە بڕۆ، لە سنە دەقیقەن لە بیرم نییە دە کیلۆ بوو یا پانزدە کیلۆ بۆمان بێنە" ئەویش چووە سنە و بۆمانی هێنا. کابرای کالباس فرۆش پرسی بوو ئەری کاکە تۆ ئەم هەموە کالباسەت بۆ چییە؟ ئەویش وتبووی کرێکارم هەیە، ئەیبەم بۆ کرێکارەکانم. ئەویش وتبووی بە قوربان کرێکارەکانت بم نیوەی با لەسەر خۆم بێت، پارەی نیوەی وەرناگرم و سڵاوی کرێکارەکانیشت بگەیەنە! تەنانەت ئەو پێداویستیانە کە زۆر گرنگ بوون و لە کوردستان دەست نەدەکەوت، کەسمان بوو ئەمان نارد لە تاران بۆی دەهێناین. جارێکیان یادی بەخێر کاك "ئەیوب نەبەوی" یەکێك لە کچەکانی هێنا بۆ لام. وتی مامە عەودە ئەم کچە نەخۆشە ئەبی بینێرین بۆ تاران. چۆنی بنێرین؟ وتم زۆر ئاسانە. منیش ناردم بە دوای کەسێکدا بە ناو رەشید یادی بەخێر لە ژیاندا نەماوە،"رەشی گوڵانە" کە هاوڕێی سەمیمی و دەورانی لاویم بوو. ئینسانێکی زۆر زۆر، بە غیرەت و ئازا و ژیر بوو. ناردم بە دوایدا و هات. کچێکمان بوو کە ناوی شیرینە و ئیستا لە سوئید ئەژیت، پێموت رەشی ئەم کچە ئەبی ببەیتە تاران، بە دەست کەسێکی بسپێریت و موعیدیشی لە گەڵ دانێیت و بڕۆیت بیشی هێنیتەوە. وتی"بە سەرچاو وا دەکەم، زۆر زۆر ئاسانە". رەشید کچەکەی بردبووە ماڵ خۆیان جل و بەرگی ئاسایی لەبەر کردبوو، دواتر بردبووی بۆ تاران. لە تاران ماوەی هەژدە رۆژیان بۆ دانابوو کە دوای ئەو ماوە بڕواتەوە بەدویدا. رەشیدیش یادی بەخێر دوای هەژدە رۆژ، چوو بۆ تاران بە دوای شیرینا و هێنایەوە.

جارێکی دیکەش پێش ئەوەی کە کاك ئەیوب شەهید ببێت لە ئاوایی "کەنۆلان"، لە باشماخدا بووین، باشماخ تیلەکۆ، کاك ئەیوب هات وتی" گەرەکمانە شەهلا بنێرین بۆ تاران". شەهلا وەزعی حەملی بوو. کاتی منداڵبوونی بوو. ئێمەش نەمان دەتوانی لە دەوروبەری خۆماندا رایبگرین. لەوێش کەسێکمان لە ئاوایی باشماخ بۆی پەیدا کرد و ناردمانە تاران، بەڵام بە داخەوە دوای ئەوە کاك ئەیوب شەهید بوو. مەبەستم ئەوەیە ئەو کارانە ئەو کاتە ئەکرا لە ئێستا باشتر بەڕێوەمان ئەبرد. واتە هەر کارێك، هەر ئەرکێك، هەر بەرپرسایەتێکت بدایەتە دەستی هەر کەسێك بە باشی بەڕێوەی ئەبرد. لە

مەئموریەتێکدا کە ئاگادار نەبووین گوردان دەڕۆن بۆ عەمەلیات. لەو شوێنە کاك سدیق گیانی بەخت کرد. ئێمە چووینە لای بنەماڵەکەی و وێرای پرسە و سەرەخۆشی داوای لێبوردنیشمان کرد بۆ ئەو هەڵە کە رویدا بوو. من ئێستاش کاك سدیق وەکو شەهیدێکی کۆمەڵە چاو لێدەکەم. هاوڕێیەکی زۆر نزیکمان بوو، زۆر پیاوی چاك بوو، زۆر کەسێکی شۆڕشگێڕ بوو، ئیتر بەداخەوە چارەیەك نەبوو.

مەبەستم لێرەدا ئەوەیە، کە فیداکاری خەڵك، دڵسۆزی خەڵك، تەلاشی خەڵك روو لە ئێمە یەکجار زۆر بوو. ئاخر زۆر زۆرە کە مەسەلەن تۆ چوار ساڵ، پێنج ساڵ، شەش ساڵ لە ناو خەڵکایت ئەم چەن ساڵە کە حکومەت بە تەواو هێزییەوە، بە شوێنتەوە بێت، بەڵام نەتوانێت بت بینێتەوە. مەسەلەن نموونەت بۆ بێنمەوە، جارێك لە تازاوای ئاسەفدا بووین، بە داخەوە ساحێب ماڵەکەمان کە "گوڵ محەمەدی" ناو بوو و کۆچی دوایی کردووە، وتیان پاسدار هات! نیوەڕۆ بوو، ئاواییەکەش پایەگای تێدا بوو. وتیان پاسدار هات! ئێمە وەخۆ کەوتین، کاك گوڵ محەمەد وتی" نا، نا" وەخۆ کەوتنی ناوێت. بڕۆنە ئەو ژوورەی دیکە و دانیشن. ساحێب ماڵ خەریك بوون نەهارییان بۆمان ساز دەکرد، ئەگەر پاسدار هاتبا نەیدەگوت ئەم نەهارە بۆ کێیە؟ پاسدارەکان هاتنە دیوەخانەکە و دانیشتن، لە نێوان ئێمە و ئەواندا دەلاقەیەکی بچووك هەبوو کە ئێمە ئاگامان لە قسەکانیان بوو. کەسێکیان لە گەڵ بوو کە پێم وابێت کوژرا، جاش بوو، پرسی لە ساحێب ماڵەکە وتی" کاك گوڵ محەمەد، ئەگەر کا عەودە و کا موزەفەر هاتن زۆر زۆر سڵاوی منیان پێ بگەیەنە! ئەویش وتی"جا برا کا موزەفەر لە کوێیە؟ کا عەبدوڵڵا لە کوێیە؟ ئەمە چ قسەیەکە! وتی نە، نە، مەترسە. تەڵاقم کەوتبێت بە عەمد ئەیڵێم. ئێمە دڵمان ها بە لای ئەوانەوە. ئێمە گوێمان لە قسەکانیان بوو. دەیان جار شتی لەو چەشنە بۆ ئێمە هاتووەتە ئاراوە، بەڵام عەین خەیاڵمان نەبوو. هۆکارەکەش دڵسۆزی خەڵك بوو. بۆ نموونە جارێکی دیکە لە ماڵێکدا بووین وەخت نیوەڕۆ بوو. دوو سەرباز هاتە حەوش. دێیەکە پایەگای تێدا بوو. من دەستم برد بو چەکەکەم، ساحێب ماڵەکە وتی ئەوە چیدەکەی؟ وتم بۆ؟ وتی کورە ئەوە بەهمەن مل رەشە، ئەو برسییە، هاتووە بۆ دوو نان، نەهاتووە ئێوە بکوژێت. بانگی خێزانەکەی کرد و وتی ئا جێران، جێران، دوو نانی بدەنێ.

**پرسیار: ئەو کاتە ئێوە دەستەی رێکخستن بوون؟ ئەی قەد وا بوو کە ئێوە تووشی شەر بن؟**

**وەڵام:** بەڵێ، ئێمە دەستەی سازمانده بووین. ئێمە قەد تووشی شەر نەبووین. تەنها یەك جار نەبێ. کە زۆر بە باشی سەرکەوتین بەسەریاندا. لەو کەسانە کە ژمارەمان هەشت کەس بوو، بەداخەوە چەند کەسێکیان شەهید بوون.

**پرسیار: لەو شەڕەدا؟**

**وەڵام:** نەخێر، دوایی شەهید بوون. ئێمە لەو شەڕەدا دەسکەوتی باشمان بوو، دەسێکی باشمان وەشاند. کەسێکی زۆر دیار و ناسراوی جمهوری ئیسلامی بوو، کە بە دەستی پێشمەرگەکان کۆمەڵە کوژرا. دەسکەوتی باشمان بوو. بێجگە لەوە من لە بیرم نایەت ئێمە لە ماڵانا دەرگیر بوبێتین!

**پرسیار: کەی بوو؟ لە ناو شاری دیواندەرەدا بوو؟**

**وەڵام:** نەخێر، ئێمە ئەو شەوە لە تازاوای مەویەوە رێکەوتین بۆ مەنتەقەی ئێمە"مەنتەقەی قاڵقاڵی"، یەکجار دوورە نازانم لە بیرت مابێت، حەتمەن چوویت، بەڵام یەکجار دوورە. رۆژەو ببووەو گەیشتینە ئاواییەکە. کە گەیشتین، چووینە ماڵێك کە خزمان بوون. ئەڵبەتە هەموویان خزمان بوون. لە دەرگاماندا، پێش ئەوە لە حەوشەکەوە چاومان لەو ماڵە کرد بینیمان هەرچی شتومەك و وەسایلی ئەو ماڵەیە پێچایانەتەوە و ئامادەیە. پێمان سەیر بوو. تۆ بڵێی ئەمە چی بێت؟ چی روویدابێت؟ ساحێو ماڵمان بەخەبەر هێنا وتمان ئەمە چ خەبەرە؟ وتی کۆچ ئەکەین، ئەڕۆین! وتم ئەی ئێمە چ بکەین؟ وتی نیگەران مەبن، جێگەتان ئەکەمەوە و خۆم ئەڕۆم. بردمانیە ماڵ کەسێك و خۆی کۆچی کرد و رۆیشت. ئەو ماڵە منداڵیان زۆر بوو، خەڵکیش هاتووچۆی زۆریان ئەکرد بو ماڵیان بۆیە ناچار کەوتین بڕۆینە گەوڕ. چوینە گەوڕ، دیتمان مەڕێکیان هەیە نەخۆشە، ئێمەش دڵمان بە گۆشتەوە بوو. وتم بە ساحێب ماڵەکە ئەرێ برا ئەمە گەرەکتە دوکتۆری بۆ بێنی یا چی؟ وتی کاکە ئەوە چەقۆ بیبەن سەری ببڕن، تازە بۆم چاك نابێتەوە نۆشی گیانتان بێت. ئێمەش لە گەوڕا سەرمان بڕی و پێستمان کەند و گۆشتەکەشمان جنی و ناردمانە ماڵەوە، ئەوانیش دروستیان کرد بۆمان.

کەس بووین. دێیەکە هەمووی خزمم بوون، کەسێکمان کردە نیگابان و وتمان تۆ وریای ئەو جادە بە. منیش لە گەڵ خزمەکان دانیشتم و کاك ئیبراهیمیش (ئیبراهیم رۆستەمی ) لە دەور حەوزەکە خەڵکەکەی کۆ کردەوە و کۆبونەوەی بۆیان کرد. زۆری پێنەچوو نیگابانەکە هات و وتی دوو ماشین پاسدار هات! با ئەوەم لە بیر نەچێت، یەك رۆژ پێش موزەفەر پاکسرشت، کە مەسئول دەستەی سازماندە بوو لە گەڵ چەند کەسدا لە بان باڵداوی گوڵانە توشی شەڕ ببوون. کە بەداخەوە "مەنسور غەیاساوا" شەهید بوو. خەڵك شێخەیەر و گوڵانە زۆر یارمەتیانی دابوو تا جەنازەکەیان شەو بردبوەوە حوسەین ئاوا و ئەسپەردەیان کردبوو. ئێمەش کە لە ئاوایی بەردەڕەشە کۆبونەوەمان بۆ خەڵك کردبوو و دوایش ئەو کوڕە هات وتی" دوو ماشین پاسدار هات". ئێمە هاتینە دەرەوە دیتمان نە پاسدارە و نە هیچێك دیار نییە، وتم بە کوڕەکە تۆ ترساوی، وتی کورە ماڵتان کوناوێت ترسی چی؟ وەڵا بە شەرەفم دوو ماشین بوون هاتنە بەردەستم. دوو رێگای بوو، رێگایەکی لە پشتەوە ئەڕۆیشت بۆ تەوریز خاتون رێگایەکی دیکەی لە پێشەوەیە. شوێنێکە کە پێی دەڵێن "ناوتاق" کە ئەچی بۆ قەڵاگە و مەڕەدەر، کانی سێمراد و ئەو ناوە، تەماشامان کرد کە هەی هوو ماشین تێپەڕیوەو هانە ناوتاقا، دامە مل رانە ئێ؟ چۆن لە دەسمان دەرچوون. ئێمەش دانیشتبووین و هەر ئاخمان هەڵدەکێشا و قسەمان ئەکرد کە چلۆن لە دەستمان دەرچوون. بیرمان ئەکردەوە، تومەس ئەمانە چووگن بە شوێن جەنازەکەی مەنسورا کە لە حوسێن ئاوا ئەسپەردە کرابوو. بەخەڵکیان وتبوو ئەبێ دەری بێنن و ئەوانیش بیبەنەوە بۆ دیواندەرە. بۆ دەسخۆشانە وەرگرتن و بۆ ئەوەی چڵکاوەکەیان زیاتر چەور بێت و هەروەها تەبلیغی پێوە بکەن. ئێمەش هەروا خەریکی قسە بووین لە ناو خۆمانا کە ئەمانە چۆن لەدەسمان دەرچوون یەکەو دیمان دوو ماشینەکە گەڕانەوە. تومەس هێزەکەیان دابەزاندوە و بە پیادە ناردوویانە بۆ ناو حوسەین ئاواو دوو ماشین بە دوو شۆفێرەوە گەڕانەوە. ئێمەیش نەمان زانی هێزەکەیان دابەزاندووە، دانیشتین بۆیان تا هاتنە پانزدە متریمان و لێیان درا و هەردووکیان کوژران. یەکێکیان کە دوایی شناسایی کرا کەسێك بوو، بە ناو پەرویز کاك سەوەندی. پەرویز جاشێکی ناوزڕاو و ناسراو بوو، تا ئەو جێگە من بیستبێتم جار جار دەسەڵاتی تەواویان داوەتێ لە دیواندەرە. ئەڵبەتە بۆ عەزیەت و ئازار ئەختیار تامیان پێدابوو. ئەوی دیکە پاسدار بوو، هەر تەقەی ئەکرد. وتمان تەقە مەکە خۆت تەسلیم بکە ئەگینا ئەتکوژین،

تەقەی هاوڕێیاندا شەش گوللەی بەرکەوت. واتە سێ گوللە وەبەر خۆی کەوت و سێ گوللەش بەر چەکەکەی کەوت. خەتای خۆی بوو، بەڵام دەسگیرمان کرد و برینەکەیمان پێچا و بڕێك نان و پێخۆرمان پێبوو دامانێ و هەر دوو ماشینەکەشمان ئاور تێبەردا و ئێمەش لەوێ دوور کەوتینەوە. ئێمە چووینە دێیەك کە لەوێ زەماوەند بوو. قەرار نەبوو باسی ئەو شەڕە بکەین چون وتمان مەنتەقەکە ئاڵۆز ئەبێت، بەڵام یەکێك لە رەفیقەکان درکاند بووی. وا بوو خەڵکەکە هەموو بیستیان و زەماوەندەکە دوو ئەوەندەی دیکە گەرم بوو ئەو خەبەرە خەڵکەکەی مەست کرد. بوو بە هەرا هەرا. ئێمە لە ناو زەماوەندەکەدا ئەوەندە بەن نەبووین، چوینە شوێنیکی دیکە و لە دێیەکی دیکەدا بحەسێینەوە و شەو لەو دێیە ماینەوە، بەڵام باسی هیچمان نەکرد وتمان با خەڵکەکە نەترسن. شەو ئیسراحەتمان کرد و بەیانیەکەی وتمان بە خاوەن ماڵەکە بچۆ بۆ دیواندەرە بزانە هیچ خەبەرێك باسێك هەیە! وتی جا خەبەری چی؟ وەڵا هیچ باس نییە. وتمان کورە ماشینت هەیە هەستە بڕۆ هەم دوو خەبەرمان بۆ بێنەو هەم بڕێك شیرینی و میوەمان بۆ بکڕە. ئەویش هەستا و ڕۆیشت. دوای ماوەیەکی کورت دیتمان هاتەوە و بە راکردن خۆی کردە ژورەکەدا. وتمان چییە؟ بۆ وا پەشۆکاوی؟ وتی ئەڵێن دوێنی شەڕ بووە و دووسەد کەس کوژراوە! وتمان لە کوێ؟ وتی وەڵا لە ئاوایی بەردەڕەشە. وتمان کاکە دووسەد نەفەر نابێ زۆرە! وتی خاڵۆ ئێوە خۆتان جێگەکەتان گەرمە بەشەرەف دوێنی دووسەد نەفەر کوژراوە. وتمان کێ کوشتونی؟ وتی ئەڵێن کۆمەڵە. وتمان پێشمەرگە کوژراوە؟ وتی خەبەر پێشمەرگەمان نییە، ئەگەر کوژراو یا بریندارياں بێت. ئێمەش هەر پێدەکەنین. وتی ئەوە بۆ پێ ئەکەنن ؟ وتمان وەڵا ئێمە بووین و دووسەد نەفەریش نەبوون، دوو نەفەر بوون کە کوژران و بەجێمان هێشتن.

**پرسیار: خەڵك پێیان خۆش بوو گەورەی بکەنەوە؟**

**وەڵام:** بەڵێ، خەڵك ئەوەندە لەو حکومەتە بێزار بوون، یەك دونیا پێیان خۆش بوو ئەو خەبەرانە ببیستن. چما ئەتوت بە دەست خۆیان دوژمنەکەی خۆیانیان کوشتووە.

**پرسیار: بێجگە لە دەستەی ڕێکخستن کە ئەو دەم لەو بەشەدا کارت ئەکرد بەرپرسایەتی و ئەرکی دیکە چیت لەسەر شان بوو؟**

**وەڵام:** دوای ئەو پرۆسە گەلە، واتە دەستەی ڕێکخستن و بەشی ماڵی دوو جار و

پاش ئەو دەورانە، هاتینە کوردستانی عێراق. لە کوردستانی باشووردا، من بەرپرسی کەمپێکی کۆمەڵە بووم. ئێمە میوانداریمان ئەکرد چوون میوانمان زۆر بوون. خەڵکێکی زۆر رویان تێدەکردین، خەڵکانی سیاسی، بنەماڵەی گیانبەختکردووان، بنەماڵەی پێشمەرگە، خەڵکی جۆراوجۆر، دۆستان و ئاشنایان، ئەوانەی کاریان بە ئێمە بوو، ئەوانەی کاریان بۆمان جێبەجێ ئەکرد. ئەمانە هەموو ئەهاتنە ئەو کەمپە و من بەرپرسی ئەو کەمپە بووم. لە شوێن گەل جۆراوجۆردا کەمپمان بوو. دەوارنێکی زۆر لە مالومە، دەورانێك لە رانیە، دەورانێك لە باساك، دەورانێك لە سلێمانی، دەورانێك زڕگوێزی گەورە کە ئێستا کاك سەید برایمی تێدایە. دوای ئەوەی کە هاتینە ئێرە واتە زڕگوێزی بچووك، ئەو کاتەی کە لە حیزبی کۆمۆنیست جیابووینەوە و یەکەم کۆنگرەی دوای حیزبی کۆمۆنیستمان لە زڕگوێز گرت. من وەکو ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردرام. لەو کاتەشدا چ کار و وەزایفێکم پێ سپێردرابێت لە کۆمەڵە بە باشی بەڕێوەم بردووە. نامهەوێت خۆم تاریف لە خۆمەوە بکەم. کەسێك بووم حەزم کردووە خزمەت بکەم بە خەڵك. حەزم کردووە خەڵك بناسم، دۆستایەتی بکەم لە گەڵ خەڵکا، پرسین لە خانەوادەی شەهید، پرسین لە خانەوادەی پێشمەرگە، پرسین لە قەدیم دۆستەکان، پرسین لە لایەنگرەکانی کۆمەڵە لە کوردستانی ئێران. من ئاشنا و رۆشنام یەکجار زۆر بووە. ئەتوانم بێژم لە قەسری شیرینەوە تا مەهاباد، نالێم بە تەواوی، بەڵام ئەو خەڵکانەی دۆستی کۆمەڵە بوون، دۆستی منیش بوون. چوون بە هۆی ئەوەی من لەو کەمپەدا بووم خەڵك زیاتر منی ئەناسی. هەرچی بیری لێ دەکەمەوە دەورانی ژیانم، واتە لە ساڵی ١٣١٨ تا ئێستا کە ساڵی ١٣٩١ە خۆشترین دەورانی ژیانم زەمانی پێشمەرگایەتی بوو. بەو هەمووە ماندوو بوون و برسیەتی و فەقیری و بێ نانی و بێ ئاوی و بێ لیباسی و بێ خەوی و سارد و سەرما، ئەمانە هەموو بەسەرمانەوە بوو لەو دەورانەدا، بەڵام سەرەڕای هەموو ئەوانە سەفا و سەمیمیەت، خۆشی و شادی، هەست بە بەرپرسایەتیکردن، دۆستایەتی هاوڕێیان، نزیکایەتی، مراودات و هاتووچۆی رۆژانەمان، پێشمەرگە گیانی لە رێگەی رەفیقەکەی ئەدا، هەموو پێشمەرگەیەك خۆ نەویست بوو، ئەگەر شتێکی بوایەت پێش ئەوەی بە خۆی رەوا ببنیایە بە هاوڕێکەی رەوای ئەدی. ئەوەی من باسی دەکەم لە ئەو دەورانە لە کۆمەڵەدا تەنها کورتەیەکیەتی، دەنا بیرەوەرییەکانی من لە ژیانی سی و سێ ساڵ پێشمەرگایەتیمدا، لێم ئەبێتە دەیان

کتێب. بەس ئێستا لەبەر ئەوەی زۆر موزاحمی ئێوە نەبم و زۆر کاتی ئێوەی پێنەگرم گۆشەیەکم باس کردووە.

**پرسیار: وتت بووی بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە، ماوەی چەند لە ڕێبەری کۆمەڵەدا مایتەوە؟**

**وەڵام:** من ساڵی ٢٠٠٠بووم بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران، تا ساڵیی ٢٠١٠ لە کۆنگرەی سێزدە سەرەڕای ئەوە هاوڕێیان زۆر داوایان لێکردم، بەڵام من بە خواستی خۆم لە کۆنگرەی سێزدەوە خۆم نەپاڵاوت بۆ سەرکردایەتی و پێموابوو کە دەبێ نەسڵێکی نوێ و گەنج جێگای من بگرنەوە. ئێستاش ئەندامی کۆمەڵەم لە دوو سێ جێگا بەردەوام کار دەکەم و ئێستاش لە جاران زیاتر کار ئەکەم. کاریش زۆرە. ئەوەی کە کۆمیتەی ناوەندی نیم بەو مانا نییە کە کارم نیە. لە سەر هەموو بابەتەکان قسەم هەیە، پێشنیار دەدەم، دەخاڵەت دەکەم، قسەی خۆم دەکەم، کاری عەمەلیش دەکەم واتە ئەوە کە ئەرك بێت و لەسەر شانم بێت بەڕێوەی ئەبەم. تا ئەم دەقەش کە لەگەڵ جەنابتا قسە دەکەم حەز دەکەم ئەوەت پێ بڵێم بۆ مێژوو، لە ماوەی سی و سێ ساڵ پێشمەرگایەتیدا سی و سێ چرکە تەزەلزولم نەبووە واتە دوو دڵی و ڕاڕائی نەبووم. ئەگەر بووبێتم حەز دەکەم ئەو کەسانەی کە لەژیاندان، لە هەرکۆیەك هەن با پێم بڵێن کە فلانە شتت وتووە، دەربارەی تەزەلزول و ڕاڕائی بوونی خۆت. ئەو ڕۆژە دەستم دایە چەك و بڕیارمدا بێمە ناو کۆمەڵە تا ئەم دەقە کە قسە لەگەڵ جەنابتدا ئەکەم من هیچ جۆرە ئاڵوگۆڕێك لە بیروباوەڕمدا و بە فیکرمدا نەهاتووە کە پێشمەرگە نەبم و لە خزمەت خەڵکدا نەبم. تا ئەم دەقە لەسەر فیکر و بیروباوەڕی خۆم سورم و هەمیشە بۆ خۆم بڕیارێکم داوە و ئێستاش پەیمان تازە دەکەمەوە تا یەك قەترە خوێنم تێدا مابێت حازرم ئەو قەترە خوێنەشم لە ڕێگای گەل و لە ڕێگای کۆمەڵەدا، پێشکەشی کەم.

**پرسیار: هێندێك باسی دەورانی حیزبی کۆمۆنیست و پێش جیابوونەوەکان بکە، ئەگەر شتێکت لە بیر ماوە هی ئەو دەورانە بۆمان باس بکە؟**

**وەڵام:** ناچمە ناو ناوەڕۆکەکەی، بەس ئاماژەیەکی پێدەکەم. کێشەیەك کە ئەو کات لە ناو حیزبی کۆمۆنیستدا بوو کێشەی سیاسی بوو. بە جۆرێك کە لەسەر بابەت گەلی

درێژە بدەین. ساڵەکانی ساڵ حیزبی کۆمۆنیستی ئێران تەلاشی کرد لە ئێراندا کە پێگەیێك بۆ خۆی بکاتەوە، بەڵام بەداخەوە ئەو هەمووە هەوڵە ئاکامی زۆر کەم بوو. ئێمە نزیکەی حەڤدە ساڵ خزمەتمان کرد بە حیزبی کۆمۆنیست. بڕیا سەرکەوتوو ببوایەت، بەڵام بەداخەوە هیچ دەسکەوتێکی نەبوو. ئەو حەڤدە ساڵە بێجگە لە خەڵکی رەش و رووتی کوردستان و بێجگە لە پێشمەرگەکانی کوردستان و بە عام جودا لە خەڵکی کوردستان ئێمە دۆستێکی دیکەمان نەبوو. ئێستاش و ئەو کاتی هەر خەڵکی کوردستان پشتیوانی ئێمە بوون. کوژراو و قوربانی خەڵکی کوردستان دای، خوێن رشتن هەر ئەوان بوون. کوڕ و براو باوك و کچی ئەم خەڵکەی کوردستان بوو کە کوژران، خانووی ئەوان تۆپ باران و خومپارە باران کرا، ماڵی ئەوان کەوتە بەر شاڵاوی وێران کردن بە دەستی کۆماری ئیسلامی، ئەوان زیندانی کران ، ئەشکەنجە دران، ئەزیەت و ئازاریان کێشا، کە بە بڕوای من بەشەکانی دیکەی ئێران کە ئێمە خزمەتمان بەوان دەکرد، هیچ خزمەتێکیان بە ئێمە نەکرد. دیارە چەند کەسێکیان بە داخەوە لە ناو ریزەکانی ئێمەدا شەهید بوون، بەڵام ئەگەر سەرتاسەر ئێرانت بپشکنیایەت ئێمە بیست ئەندامی حیزبی کۆمۆنیستمان نەبوو لە ئێراندا. بێجگە لە کوردەکان کە ئەو دەم هەر کورد بوون و ئێستاش هەر کوردن. کێشەی ئێمە لەگەڵ ئەواندا لە سەر ئەم بابەتانە بوو. ئێستاش ئێمە وەك کۆمەڵەی شۆڕشگێڕ ڕێز و ئیحترامامان بۆیان هەیە و خۆمان بە برای ئەوان ئەزانین و ئەگەر ئەوان قەبوڵ بکەن حەز دەکەین دۆستایەتی و برایەتی و نزیکایەتیمان پێکەوە هەبێت. دیارە لەم بارەوە قسە زۆرە بەڵام حەز دەکەم هەر ئەوەندە ئاماژەی پێبدەم، حەز ناکەم زۆرتر لەسەری بچم.

**پرسیار: هەر وەك باست کرد پەیوەندیت لە گەڵ خەڵك لە کوردستانی ڕۆژهەڵات بەربڵاو و زۆر بووە، بەڵام ئەوەی من ئەیبینم لێرە واتە لە کوردستانی باشووریش بەتایبەتی لە ناوچەی سلێمانی پەیوەندی و تێکەڵاوییەکی زۆرت هەیە لە گەڵ خەڵك، ئەم پەیوەندی و ئەم تێکەڵاویە چۆن دروست بووە؟**

**وەڵام:** بە خۆشییەوە، دۆستایەتی و نزیکایەتی یەکجار زۆرە ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتریش ئەبێت. هۆکارەکەشی ئەوەیە کە ئێمە ساڵانێکی زۆرە لە کوردستانی عێراقین. بەشە سیاسییەکەی بە تایبەتی یەکیەتی نیشتمانی و لایەنەکانی دیکە وەکو حیزبی شیوعی و حیزبی زەحمەتکێشان، لەگەڵ ئەوانە هاتووچۆ و دۆستایەتیمان هەر زۆر بووە.

یەکترمان کردووە، ئەمانە یەکێك لە هۆیەکانیەتی. هۆیەکی دیکەش ئەوەیە کە من خەڵکی کوردستانی عێراق هەر وەکو کوردستانی ئێران کە مراودات و هاتووچۆمان لە گەڵ خەڵك زۆرە، لێرەش بەهەمان شێوە رەچاوم کردووە. ئێستا ئەتوانم بە خۆشیەوە بڵێم کە چەندە دۆستم لە کوردستانی ئێراندا هەیە لەوە کەمترم لە باشوور نییە، بە تایبەتی خزمی زۆریشم هەیە لێرە. خزمەکانم بە خۆشیەوە کەس گەلێکی باشن. ئینسان گەلێکی ژیرن، پاکن، بە نیسبەت منەوە دڵسۆزن، من بە برای خۆیان ئەزانن، بە کەسی خۆیانم ئەزانن و زۆر رێز و ئیحترامیان بۆم هەیە. من هەم خزمی دایکم یەکجار زۆرە لێرە هەم خزمی باوکیشم. ئەڵبەتە لە بەشەکانی دیکە و شارەکانی دیکەش هەروەها دۆست و ئاشنا و خزمم هەیە. هەر لێرەوە بگرە تا کفری و کەلار و تا هەڵەبجە و پێنجوێن و تا رانیە و هەولێر دۆست و ئاشنامان هەیە و من بەش بە حاڵی خۆم دۆسایەتی و نزیکایەتیم لەگەڵیانا زۆرە. کە هۆکارەکەشی زۆرتر دوو شتن یەکێکیان ئەوەیە کە خزمی یەك بووین و بەشی دووهەمیشی ئەوە بووە کە مراوداتی سیاسیمان بووە. بەخۆشیەوە ئەتوانم بیڵێم کە لە گەڵ یەکیەتی نیشتمانی دۆست بووین و هاتووچۆمان زۆر بووە و ئێستاش هەر دۆستین و هاتووچۆمان هەر هەیە. خەڵکی دیکەش وەکو خەڵکی ناو بازاڕ لە بەزاز و میوە فرۆشەوە بگرە تا خەیات و سەرتاش و قەساو لە گەڵ هەمویان دۆستین و تا ئێستا باش هاتووین بزانین لەوە بە دوا بەرەو کوێ دەڕوات.

**پرسیار: دوای ئەوەی لە ئێران شۆرش کرا لە دژی رژیمی پاشایەتی و شارەکانی کوردستان ئازاد بوون و کۆمەڵەش خۆی ئاشکرا کرد و چالاکی عەلەنی دەست پێکرد، لە دیواندەرەش کۆمەڵە بارەگا و مەقەراتی هەبوو. ئێوەش ئەو کات پەیوەندیتان بە کۆمەڵەوە گرتبوو و ببوویتە پێشمەرگەی کۆمەڵە. ئەو کات دام و دەزگای حکومەتی پێشوو هەموو هەڵوەشابووەوەو دەسەڵات بە دەست پێشمەرگەوە بوو. پێم خۆشە بۆمان باس بکەی کە لەو دەورانە ئەو دەسەڵاتە چۆن بوو؟ کێشە و گرفتەکانی خەڵك چۆن چارەسەر دەکران ؟**

**وەڵام:** بە داخەوە ئێمە تەنها بۆ ماوەیەکی کورت شارەکان بە دەستمانەوە بوو. بەڵام تا ئەو کاتەی کە ئێمە لە ناو شارەکاندا بووین، خەڵك خۆیان حکومەتیان دەکرد بە سەر خۆیاندا واتە لە رێگای شۆراکانی هەڵبژێردراوی خۆیانەوە دەسەڵاتیان بەدەستەوە بوو. خەڵك لە رێگای شۆراکان و نوێنەرانی خۆیان لە شۆراکاندا کارەکانیان رادەپەڕاند. دیارە

بڕیاردەری سەرەکی بوون. کێشەو گرفتیش هەبوون لە گرفتی ناو بنەماڵەوە تا کێشە لە سەر زەوی و زار، کێشەی دوکتۆر و دەرمان و بێهداشت بە گشتی. ئەمانە هەموو لە ڕێگای شۆڕاکان و بە هاوکاری و پشتیوانی کۆمەڵە چارەسەر دەکران. هیچ زوڵم و زۆرێك بە سەریانەوە نەبوو. کەسێك نەبوو زۆریان پێ بڵێت یا ئەمریان پێبکات. شۆڕاکان هەموو کارەکانیان دەکرد و پێشمەرگەش پاڵپشتیان بوو. خەڵك لەو دەورانەدا زۆر ئاسودە بوون. ترس و خەتەر نەبوو. دزی نەبوو. خەڵك هەست بە بەرپرسایەتیان زۆر بوو، هاوکاری و هاریکاریان بۆ یەك زۆر بوو. خەڵك ئەو دەرفەتەی کە بۆیان ڕەخسابوو، خۆیان حاکمی خۆیان بوون زۆر پێی خۆشحاڵ بوون و زۆریان پێخۆش بوو، خەڵك لە تولی ژیانیاندا بە ئەندازەی ئەو ماوە کەمە کە شارەکان بە دەست پێشمەرگەوە بوو، ئاسودە نەبوون و ئەوەندە خۆشیان لێ نەگوزەرا بوو. خەڵك بێجگە لەوەی کە کێشە و گرفتەکانی خۆیانیان چارەسەر دەکرد پێداویستیەکانی پێشمەرگەشیان لە خوردو خۆراکەوە بگرە تا جێگاو ڕێگاو جل و بەرگ هەموویان دابین دەکرد. کۆمەڵە هەر حەوتوویەك جارێك لە گەڵ شۆڕاکانی مەحەلەکان و خەڵکی باوەڕ پێکراو و دەست ڕۆیشتوو و خۆشناوی مەحەلەکان کۆبونەوەی دەکرد و دەربارەی ڕەوشت و هەلومەرجی ئەوکات و پێشهاتەکان، هەموو ئەگەرەکان قسەو باسی دەکرد و ڕاو تەدبیری خەڵکی وەردەگرت و بۆچوونی خۆشی باس دەکرد .

**پرسیار: پێش شۆرشی ساڵی ١٣٥٧ ئەمنیەتی شارەکان و خەڵك لە لایەن کەلانتەری و ژاندارمری و پۆلیسەوە دابین دەکرا. دوای ئەوەی ئەو ئۆرگانانە هەڵوەشانەوە بۆشاییەك لەم بارەوە دروست بوو. بۆ ماوەیەك پێشمەرگە لە ناو شارەکاندا بوو. ئەوەی کە جێگای سەرنج و پرسیارە ئەوەیە کە دوای داگیر کردنەوەی شارەکان لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە و هاتنی هێزێکی یەکجار زۆر و کۆنترۆڵکردنی شارەکان، بەڵام دەبینین کێشە و ململانێی ناو کۆمەڵگا هەر زیادی کردووە واتە کوشتن، دزی، ئیعتیاد بە مادە هۆشبەرەکان و کۆمەڵێك کێشەی کۆمەڵایەتی دیکە هەموو لە ژێر سێبەری دەسەڵاتی رژێم دا یان دروست بوون یان بە سەدان قات زیاتریان کردوە. پرسیار ئەوەیە لە ماوەی دەسەڵاتداریەتی پێشمەرگە بە سەر شارەکاندا ڕێژەی ئەم کێشانە چەندە بوو و چلۆن لە گەڵ ئەم کێشانە مامەڵە دەکرا و ئەمنیەتی خەڵك کێ دەیپاراست؟**

**وەڵام:** ئەمنیەتی خەڵك و شارەکان لە لایەن پێشمەرگە و خەڵکە پێکەوە ئەپارێزدرا.

ساحێب وڵاتەکەی و دۆخەکە دەزانی. لەو ماوەدا کەمترین ڕێژەی دزی و شەڕ و کێشەی کۆمەڵایەتی لە ناو خەڵکدا بوو. لەو ماوە کورتەدا باشترین دەورانێك بوو کە خەڵك بە ئازادی و سەربەستی ئەژیان. من خودی ئەو خەڵکە کە ئەم قسانە دەبیستن بە شاهد وەردەگرم بۆ قسەکانم کە ئەو دەورانە باشترین دەورانی ژیانی خەڵکی کوردستان بوو. دیارە ئەگەر کێشەیەکیش هەبووبێت هەم خەڵکەکە خۆیان ئاگاهی و شعوری ئەوەیان بووە کە کێشەکان لە ڕێگای دروستەوە چارەسەر بکەن و هەم پێشمەرگەش یارمەتی دەریان بووە لەم بارەوە.

**پرسیار: رژێم هێرشی هێنا بۆ سەر شارەکانی کوردستان بە مەبەستی داگیرکردنیان. پاش شەڕ و مەقاوەمەتێکی زۆر رژێم توانی دەست بە سەر شارەکاندا بگرێت و پێشمەرگەیش لە شارەکان کشانەوە و رویان لە دێهاتەکان کرد. پاش ئەو پاشەکشە و ڕۆیشتن بۆ دێهاتەکان ئێوە چیتان کرد و چلۆن خۆتان ڕێکخستەوە؟**

**وەڵام:** ئێمە کاتێك شارەکانمان چۆڵکرد لە نزیکترین دێهاتەکانی شار و سەرجادە مەقەرمان دانیا. بۆ نموونە ئەوەڵین مەقەرێك کە دامان نیا لە دێی "حسێن ئاوا" بوو کە تەنیا پانزدە کیلومتر لە دیواندەرەوە دوورە. لەوێ جێگیر بووین و کۆمەڵە خۆی سازماندەهی کردەوە. دەستی کرد بە سازماندەهی جەوانەکان و کەسانی ڕێکخستنی نهێنی، ئۆرگانێکمان بوو بە ناو دەستەی سازماندە، کاری ئەوە بوو خەڵك و لاو و جەوان و هەوادارانی کۆمەڵەی سازمان ئەدا. لەو ماوەدا هاتووچۆی خەڵکمان دەکرد، خەڵکمان ئاموزش ئەدا، لە گەڵ خەڵك قسە و باس و پرس و رامان بوو. هەم خەڵکەکە یارمەتیدەری ئێمە بوون هەم ئێمەش یارمەتیدەری ئەوان بووین. لەو ماوەدا نە موشکلاتێك لە لایەن ئێمەوە بۆ خەڵك ئەخولقا نە لە لایەن ئەوانیشەوە بۆ ئێمە کێشە دروست دەبوو. خەڵك ئەو ماوە کە لە گەڵیانا بووین زۆر زۆر رازی و خۆشحاڵ بوون .

**پرسیار: ئەو کات مەناتقێك بوو کە پێمان دەگوت مەنتەقەی ئازاد. واتە ناوچە گەلێك بوو کە بەدەست پێشمەرگەوە بوو، رژێم هیچ دەسەڵاتێکی بە سەریانەوە نەبوو. دەسەڵات لەو مەناتقەدا چۆن بوو؟ خەڵك بۆ کاروبار و کێشەکانیان چیان دەکرد؟ ئایا دەڕۆیشتنە شار و بە حکومەت موراجعەیان دەکرد یان بە پێشمەرگە؟**

**وەڵام:** کۆمەڵە کە لە شار هاتە دەرەوە هەموو دێهاتەکان بە دەستیەوە بوو. بە ناو مەنتەقەی ئازاد. حەتا جادە ئیسفالتەکەش تەنیا تا سەعات سێی ئێوارە بە دەست رژیمەوە بوو.

ئەوکات لەو مەناتقە کە مەنتەقەی ئازاد بوو، حەلی موشکلاتی خەڵك لە لایەن هێزی پێشمەرگەوە بەرێوە دەچوو. هەر کاروبارێکیان ببوایەت، هەر موشکلاتێکیان ببوایەت، هەر شکایەتێکیان ببوایەت، حەلی کێشەکانی ناوخۆیان، شەڕ و قڕەی ناوخۆیان، کێشەی زەوی و زار هەموو ئەمانە لە رێگای ئەو شۆرایانە کە بە رێنوێنی کۆمەڵە لە دێهاتەکانا دروست کرابوون حەل و فەسل ئەکرا و پێشمەرگەیش رێنوێنی پێویستی دەدا و پاڵپشتی بڕیاری شۆراکانی دەکرد.

**پرسیار: رژێم کاتێك کە لە شارەکان جێگیر بوو، جێگە و پێگەی خۆی قایم کرد، هەوڵیدا بەرەو دێهاتەکان بڕوات و لە ئەو دێ و شاخ و ناوچانە کە گرنگی ئیستراتیژیان بوو، پایەگا دانێت و ئەو شوێنانەش کە نەیاندەتوانی کۆنترۆڵی بکەن بە رۆژ دەڕۆیشتن و ئێواران چۆڵیان دەکرد و خۆیان ناویان لێنابوو پاکسازی، بۆ ئەم مەبەستە زۆر جار لە گەڵ پێشمەرگە تووشی شەڕ دەبوون و زۆر جار پێشمەرگە کەمینی بۆیان دادەنا و زەربەی قورسیان لە هێزەکانی رژیم دەدا. ئەوەڵین جارێك کە تووشی ئەم جۆرە لە شەڕ بوون و خۆت لەوێ بوویت، کوێ بوو؟**

**وەڵام:** تا ساڵەکانی ١٣٦٠هیچ دەسەڵاتێکیان نەبوو. نەیاندەتوانی لە جادەکان بترازێن. لەوە بە دوا لە سەر بەرزاییەکانی نزیك شارەکان و لە سەر کێوەکان پایەگایان دائەنیا. بۆ نموونە لە مەنتەقەی ئێمە پایەگایەکیان دانیا بە ناو پایەگای نەچیرگا، ها لە پشت تازاوای ئاسەفەو، ئەو دیوی ئاوایی کەپەکە و ئەم دیوی تازاوای ئاسەف کە ئەبێتە مەنتەقەی قاڵقاڵی. کۆمەڵە حەملەی کرد بەو پایەگایە. بە داخەوە لەو هێرشەدا رەفیقێکی ئێمە چوو بە سەر مینا کە رژێم لە ترسەنۆکی خۆیاندا مین گوزاریان کردبوو. ئەو رەفیقەمان کە چوو بەسەر مینەکەدا ناوی کاك حەمەڕیش بوو کە ئێستا لەسوئێد دەژی، قاچێکی لە دەستدا. بە هۆی قەتبوونی قاچی ئەو رەفیقەمان ئیتر نەمانتوانی پایەگاکە بگرین. لەوە بەدوا زۆربەی پایەگاکان مەنتەقە لە لایەن حیزبەکانەوە دەستی بەسەردا دەگیرا. حکومەت دەسەڵاتێکی ئەوتۆی لە مەنتەقەدا نەبوو، رژیم نەیدەتوانی هیچ دەسەڵاتێك بەسەر خەڵکی دێهاتەکاندا ئیجرا بکات. لە واقیعدا رژیم هیچ

دەسەڵاتێکی ئیجرائی نەبوو. تەنها بە راگوزار ئەویش بە تانگ و تۆپ و خومپارە و هێزی زۆرەوە رووی دەکردە دێهاتەکان و مومکینە چوار کەسی بگرتبایەت یا چوار کەسی بکوشتایەت، کاری رژێم هەر ئەوەندە بوو. حوکمی ئیجرائی بەدەست پێشمەرگەوە بوو لە مەنتەقە.

**پرسیار: باست کرد کە ئەوەڵین شەڕ کە کردتان پایەگای نەچیرگا بوو، کە یەك کەسیش بریندار ئەبێت و قاچی لەدەست ئەدات. بەڵام رژێم پاش سەقامگیر بوونی لە شار هەر وەك باست کرد دەستی کرد بە دانانی پایەگا لە شوێنە ئستراتیژیەکان، بەڵام ئەم کارە بۆ رژیم ئاسان نەبوو، بە قیمەتی شەڕ و کوژرانی ژمارەیەکی زۆر لە هێزەکانیان تەواو دەبوو، لە یەکەم شەڕەکان و بەرپەرچدانەوەی هێرشەکانی رژێم بۆ سەر دێهاتەکان ئەگەر لە بیرت ماوە بۆمان باس بکە؟**

**وەڵام:** رژیم قودرەت مانۆڕی نەبوو لە دێهاتەکان و لە دەرەوەی جادە ئیسفالتەکان. حەتا لە سەر جادە ئیسفالتەکانیش رژیم ئەمنیەتی نەبوو، چون پێشمەرگە کەمینی بۆ دادەنان، ئەسیری لێدەگرتن، کەسی لێیان ئەکوشت و کولەن عەمەلیاتی بە سەریاندا ئەکرد، بەڵام تا ئەو جێگە من لە بیرم بێت لەو ئەوایلەوە سێ شەڕ کرا، شەڕێکی لە چەم گلەسوورا کرا، شەڕ دووهەمەکەی لە یێنییێرخ کرا، شەڕی سێهەم لە کاقولی کرا. لە شەڕی یێنییێرخ من لە بیرمە ئەو کاتە شەست پێشمەرگە بوو. ئەو شەست پێشمەرگە سی کەسیان ئاموزشی بوون، سی کەسی پێشمەرگەی قەدیم بوو، بە فەرماندەهی "قادر بەهرامی" ئەو کات ئەو شەڕە کرا. ئێمە لە واقیعدا هاتین بڕۆین بۆ عەمەلیاتێك لە سەر پردی نسارە، یانی چەم نسارە.

**پرسیار: یێنییێرخ لە کوێ هەڵکەوتووە؟**

**وەڵام:** یێنییێرخ کەوتوەتە سێ کیلومیتری جادە ئیسفالتەکە، جادەی سنە/ دیواندەرە و شەش کیلۆمیتری شاری دیواندەرە. ئێمە تەنیا شەش کیلۆمیتر لە دیواندەرەوە دوور بووین. بەرانبەرەکەیشمان قەرارگایەك بوو لە ناو غەیسووردا بوو. نازانم ناوی چیبوو. ئەویش هەر سێ کیلۆمیتر لە ئێمەوە دوور بوو، زیاتر نەدەبوو. هاوڕێیان چوون کەمینێکیان دانابوو، لە خوار دێی نسارەوە بەرەو دێی کەولە، لەوێ دەرگیر ببوون و دابوویان لە دوو، سێ ماشینی رژێم و تەلەفاتێکیان بە هێزەکانی رژێم گەیاند. لەوێ

بیجار و له سنه و له سەقزەو له باوەرەشانی هەمەدانەو "بـۆیە دەڵـێم له بـاوە رەشـانی هەمەدان چوون دەلـیلم هەیە دەلیلەکەیشـم ئەوەیە کە رەئـیس پایەگاکەیـان کـوژرا و جەنازەکەی کەوتە دەست ئێمە" کاتێك کە حەملەیان کرد ئەوان یەکجار زۆر بـوون، بـێ حەد و حەساو بوون، له ئەژمار نەدەهاتن. پێشمەرگەیش سـی پێشـمەرگەی قەدیمـی و شەڕکەری تێدا بوو. ئەو رۆژە هەتـا دوای نیـوەڕۆ کـۆمەڵە مەقـاومەتێکی گەورەی کـرد. ئەو سی پێشمەرگە مەقاومەتێکی بێوێنەیـان کـرد کوشـتەیەکی زۆریـان له رژێـم گـرت. ئابڕوویان پێیانەوە نەهێشت. له کاتی شەڕەکەدا بە بێسیم بە فەرمانـدەکانی سـەرەوەی خۆیان دەگوت تا سەعاتێکی دیکە هەموویـان ئەسـیر ئەکەیـن. قـادر بەهرامـی ئەسـیر دەکەیـن و ئەیهێنیـنەوە دیوانـدەرە، بەڵام بە خۆشـیەوە سـەرنەکەوتن. ئەڵـبەت ئـێمە کەوتینە لای ئێوارە حدود دوانزدە جەنازەیان له شـوێنێك بـوو له رووبەڕووی ئـێمەوە و حەملەیان ئەکرد، بەڵکو بتوانن دەستیان پێبگات و بیبەنەوە.

ئاواییەکە شاخ و داخ و جەنگەلی نییە، بەرانبەرەکەی روو بە جادەکە تێخە شـانێکە، ئێمە هەر له ناو ئاوایدا بووین و محاسرەکەمان زۆر تەنگەو بوەو، هێزی رژێم له ژمـارە نەدەهات، ئەو دێیە حدود بیست و پێـنج تـا سـی مـاڵە، بەڵام نـزیکەی سـەدو چـواردە خومپارە دایە نـاو ئاوایـدا. لەو شـەڕە بە داخەوە رەفیقـێکمان کە هەواداری تەشـکیلاتی بوو، و خەڵك شاری دیواندەرە بوو، گیانی بەختکرد. لەو شەڕەدا سێ پێشمەرگە شـەهید بوو. هەروەها سێ پێشمەرگەیش بریندار بوون. ژمارەی کـوژراو و برینـداری حکـومەت بێحەدو حەساو بوو. له ئێوارە ئـێمە ئیـتر موهیماتمـان نەمـا ، لەو کـاتەدا شـەهید قـادر بەهرامی سازماندەهی هێزەکانی کرد، وتی هچ کەسێك حەقی تەقەی نییە تا دێنە چەند میتریتانەوە. ئەو کات له چەنـد میـتریەوە بۆتـان هەیە لێیانـدەن. ئەبـێ دەسـت بە ئەو ژمارە کەمە فیشەکە کە ماوە بگرین. چەکە نیوە قورسەکان وەك ئارپی جی و ئەوانەمان له ماڵ خەڵکدا شـاردەوە، خەڵـك زۆر بە دەمـمانەوە بـوو. زۆر یارمەتیمانیـان کـرد، مـن ئێستاش و له داهاتوویشـدا سوپاسـیان ئەکەم. کـۆمەڵە قەرزداری ئەوانە. هەتـا تـاریکی کرد دەقیق سێزدە سەعات ئێمە لەشەڕدا بووین. ئەو مەنتەقەی قاڵقـاڵیە بە گـوڵانەو بە دێهاتەکانترەوە تەواو هاتن، جەنازەی پێشمەرگەکانیان هاوردە دەرەوە بۆمان له ناو دێی یێنییـرخ. برینـدارەکانیان هـاوردە دەرەوە، ئەو پێشـمەرگانەی کە زۆر مانـدوو بـوون، چەکەکانیان بۆیـان هەڵـدەگرت، زۆر زۆر یـارمەتی دەرمـان بـوون، ئەو رۆژە حکـومەت

ئابڕویان پێوە نەما. بە سی پێشمەرگەی کۆمەڵە ئەو پەنەیان بەسەریان هێنا. ئەو سی پێشمەرگە بە ئیمان و بیرو باوەڕەوە شەڕیان دەکرد. خەڵکی دێیەکەش وەك منداڵی خۆیان چاویان لێیان ئەکرد و هاوکاریان باش بوو، بە ژن و پیاو و کوڕ و کچ و بە گەورە و بچووکەوە یارمەتی پێشمەرگەکانیان ئەدا. ئەوەی کە ئیمکانات بوایەت وەك نان و پێخۆر و چای ئەیان هاوردە ناو سەنگەر بۆ پێشمەرگەکان. دیارە هەر ئەوەیان بوو، نە فیشەك یان بوو نە ئەسلحەیان بوو، هیچ یەك لەو بابەتەیان نەبوو. من تا بمێنم زەحەماتی ئەو خەڵکە، دڵسۆزی ئەو خەڵکە، ئیحساس مەسئولییەتی ئەو خەڵکە لە بیرم ناچێت.

**پرسیار: باست کرد لەو شەرەی یێنیرخ سێ پێشمەرگە شەهید بوون، ناوەکانیانت لە بیرە؟**

**وەڵام:** بەڵێ لە بیرمە، جەنازەکانمان هاوردە دێی گوڵانە. کە خەڵکی ئەو دێیە زۆر زۆر یارمەتیمانیان کرد. بەتایبەت ئەوەی کە پێشمەرگە خەستە و کوفتە بوو. سێزدە سەعات شەڕی کردبوو، شەهیدەکان، یەدێ کانی چایی بوو، ساڵح گۆمەیی بوو، لە گەڵ ناسر کانی چەرموو. ئەو سێ کەسە ئەو رۆژە شەهید بوون . پێشمەرگە ئەو رۆژە یەك دەقەش ئیسراحەتی نەبوو. پێش ئەوە چەنێك رێگەمان بڕیبوو هاتبووینە دێی یێنییرخ دوای ئەویش سیانزە سەعات دەرگیر بووین، پێشمەرگە زۆر ماندوو بوو، بەڵام خەڵك گوڵانە لە نان و لە چای و خۆراك و ئەوپەڕی خزمەت و میهرەبانیان پێمان کرد.

**پرسیار: باست کرد لە ئەوەڵەوە سێ شەڕتان کرد یەکێکیشیان هین گلەسوور بوو، ئەو چۆن بوو؟**

**وەڵام:** شەڕی گلەسوور ئەوە بوو کە ئێمە تازە لە شاری دیواندەرە هاتبووینە دەرەوە. ئێمە هەر لە دێهاتەکانا بووین هێشتا بە تەواوی موستەقەر نەببووین، لە حاجی موسیا بووین لە تازاوی ئێمەدا بووین. لە تازاوای مەجیدخان، لە دێی حوسەین ئاوا بووین، بۆ مەئموریەتێك چووین بو جادەی گلەسوور، ئەو رۆژە بە داخەوە حزبی دێموکرات کەوتبوونە کەمین جمهوری ئیسلامی لە ئاوایی دەواخ. وا بزانم پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات جەماعەتیان کەم بوو. ئەو رۆژە کەسێك بە ناو سەروان ئیبراهیم بەهرامی کوڕی عەودە وەزیریان پێدەوت خەڵك شاری دیواندەرە بوو،

دوو پێشمەرگە شەهید بوون. دوای ئەم شەڕە رژێم کە دەمخوێنین ببوو توانی بوویان دوو پێشمەرگەی دێموکرات شەهید بکەن چوون ژمارەیان کەم بوو، پێیان وابوو ئەتوان تەعەروز بکەن و لە دێهاتەکانی دیکەشدا کارێکی لەو جۆرە بکەن. هاتن کەوتنە کەمین ئێمە کە لە چەم گلەسوو بووین. جەماعەتێکی دیکەی حزبی دێموکرات لە دێی گلەسوورا بوون. ئێمە دەرگیر بووین لە گەڵ جاش و پاسدارەکانا باوەڕکە ئەو هەموو جاش و پاسدار و مفتەخۆرەیان بوو یەك کەسیان نەبوو، یەك فیشەك لە تفەنگیانەو بتەقێ، زۆربەیان کوژران و لە بەین چوون. ئەوەیشیان مابو هەڵاتن و ماشینەکانیان بە جێهێشت. چوون شاخاوی بوو نەمانتوانی ماشینەکان بێنین. پێشمەرگەکانی کۆمەڵەیش هەمو ساق و سڵامەت بوون.

**پرسیار: وا بزانم شەری سێهەمیشتان لە ئاوایی کاقوڵی بوو، کاقوڵی لە کوێ هەڵکەوتووە و شەڕەکە چۆن بوو؟**

**وەڵام:** کاقوڵی لە پەنای شاری دیواندەرەس، وا بزانم لە دە کیلومیتر کەمترە تا دیواندەرە. کۆمەڵە تەرحێکی بوو ئەو رۆژە، ئەو تەرحیشە هەر بە فەرماندەهی "قادر بەهرامی" بوو. ئەو کات یادی بەخێر، هەزار جار یادیان بەخێر، شەهید عەتای قەمەریش بوو، تەرحەکە بەو جۆرە بوو، کە دوو پێشمەرگە ئەنێرنە ماڵێك و بە ماڵەکە ئەڵێن کە ئێمە دەمانەوێت خۆمان تەسلیم بکەین. ئێوە بڕۆنە دیواندەرە و پێیان بڵێن دوو پێشمەرگە لێرەن و دەیانهەویت خۆیان تەسلیم بکەن وەرن بیانهێننەوە. رژیمیش هێز ئەخاتە رێ بە حیساب ئەو دوو کەسە بگرێت، بەڵام پێشمەرگە بە پێی پلان و تەرحی پێشوو لەویا کەمینێکیان دانابوو. هەروەها لەوێی مینێکی زدی تانکیان لە جادەکەدا نیابووە چاڵ، هێزەکەی رژیم ئەکەوێتە کەمین و زەربەیەکی قورس دەخۆن دواتر رژێم هێزی زیاتر دێنێت و هێرش دەکات بە جۆرەها چەك و تۆپخانە و چەکی قورس و تەنانەت تانکیان هێنابوو، بۆ ئەو شەڕە. هاوڕێیانمان دەرگیر بوون لەگەڵیان. لەو شەڕیشەدا رژێم شکستێکی بە تەواو مانایان خوارد. بە ژمارەیەکی پێشمەرگەی کەم کە وا بزانم کەمتر لە پەنجا پێشمەرگە بوون، هێزەکانی رژیمیان هەڵماڵی و کردیانیانەو شاری دیواندەرەدا. جەنازەیەکی زۆریان بە جێمابوو، من خۆم لەو شەڕەدا نەبووم، بەڵام ئەیان گێڕاوە کە بەردێك بووە نزیکەی حەفتا جاش و پاسداری لێ بووە، یادی بەخێر عەتای قەمەری چەکەکەی خستوەتە سەرشانی و رۆیشتووە بۆیان، هەر هەموویان

هەڵاتوون، لەبەر عەتا. زۆر زۆر بەداخەوە ئەو مینە کە نرابووە کار بۆ تانکی دوژمن، بووە بایس ئەوە کە عەتا گیانی لەدەست بدا. عەتا هاتبوو کە مینەکە خونسا (پوچەڵ) کاتەوە و هەڵی بگرێتەوە بەداخەوە مینەکە ئەتەقێتەوە بە عەتادا و گیان لەدەست ئەدات. دوو پێشمەرگەی دیکەش کە لەگەڵیا بوو بەناوەکانی مەسعود محەممەدی و رەئوف کە خەڵکی نسارە بوو، هەر لەوێ لەگەڵ عەتا قەمەری شەهید ئەبن. لە راستیدا ئێمە کەسمان بەدەست جمهوری ئیسلامی لە شەڕەکەدا لەدەست نەدا، بەڵکو ئەو مینەی خۆمان بوو کە ئەو سێ هاوڕێیەی لێمان شەهید کرد.

**پرسیار: دەتوانی باسی ئەوەمان بۆ بکەی کە پلانێکتان هەبوو بۆ گرتنی بانکی دیوانـدەرە ئەوە چۆن بوو؟**

**وەڵام:** زستانی ساڵی ١٣٦٤، کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە، مەئموریەتێکی بە گوردانی سەقز و کاوە و بەشێك لە هاوڕێیانی گوردانی ئارێز، لە ناوچەی دیوانـدەرە، دا. کە مەئموریيەتەکە بۆ دەست بەسەرداگرتنی بانکێ لە ناو شاری دیواندەرە بوو. بەر لەوەی دەست بە ئەنجامدانی عەمەلیاتەکە بکەین تووشی شەڕێکی سەخت بووین. سەرەڕای ئەوەی بەفرێکی ئێجگار زۆر باریبوو توانیمان دەسکەوتێکی زۆر باش بە دەست بێنین و زەربەیەکی زۆر لە هێزەکانی رژێم بدەین. بەداخەوە لەو شەڕەدا، کاك خەسرەو رەشیدییان لە دێی حسێن ئاوا برینـدار بوو، دەستەیەك چووین بە شوێن دەواو دەرماندا بۆی بێنین و دەستەیەکی تر ئەویان بردە ئاوایی تەیتاخ. دواتر ماشینێکی بارهەڵگرمان لە ئاوایی زاخەوە هێنا، پڕمان کرد لە"کا" و کاك خەسرەومان حەشاردا و گواستمانەوە بۆ شاری سنە. لە سنەوە بردیان بۆ تاران. بە داخەوە، بە هۆی سەختی برینەکەی لە رێگادا، گیانی لە دەستدا. دوای ئەوە "رەحمان ئەرغەوانی" بوو بە فەرماندەی هێزەکەمان. رەحمان زۆر زۆر باش فەرماندەیی شەڕەکانی کرد. لە دێی شەمسە و کانی چەرموو هەروەها دەرگیر بووین و بە داخەوە کاك سەدیق کەعبی و موسا مارنج، شەهید بوو.

**پرسیار: کاردانەوەی ئەم شەڕانە لە ناو خەڵکا چۆن بوو؟**

**وەڵام:** من لە بیرمە برایەکم بە ناو فەرەجوڵڵا هاتەوە لە شاری دیواندەرە، ئەو رۆژە لە دیواندەرە بوو. من لە دێکەی خۆمانا بووم و لەو شەڕەدا بەشداریم نەکرد. هاتەوەو

خـوا غەزەو بگـرێ لە جمهـوری ئیسـلامی، وەڵا پێشـمەرگەی کـۆمەڵە ئابڕویـانی بـرد، حەیسیەتی پێیانەوە نەهێشت. هەڵیانی ماڵی و کردیانیە شاری دیوانـدەرەدا. وەلـێ زۆر زۆر بە داخێکی گرانەوە "عەتای قەمەری" شـەهید بـوو. مەرگـی عەتـا لە مەنـتەقەکەدا دەنگی داوە، شکسـتی جمهـوری ئیسـلامی لە مەنـتەقەکەدا دەنگـی داوە، ئەو بە بـاری مەنفیەکەیـدا و ئەم بە بـاری موسـبەتەکەیدا، خەڵـك یەکجـار خۆشـحاڵ بـوون، خەڵـك یەکجار پێیان خۆشبوو، خەڵـك بەو جـۆرە شـەڕانە ئەگەشـانەوە. هاوکـاری کردنیـان بەو هۆیە بوو کە پێشمەرگە جیا نەبوو لە ئەوان. پێشمەرگە لە ئەوان بوو، کوڕی ئەوان بـوو، کەنیشکی ئەوان بوو، منالی ئەوان بوو، خانەوادەی ئەوان بوو، قەوم و کەسوکاری ئەوان بـوو. لە خوێنێـك بـوون، لە میللەتێـك بـوون، زوڵـم لێکراوێـك بـوون، هەر بەم بـۆنەوە خەڵـکەکە یەکجـار پێـی خۆشـبوو. ئەگەر پێشـمەرگە عەمەلیـاتێکی بکردبـایەت و سەرکەوتوو بوایەت چەندە پێیان خۆش ئەبوو، خەڵکی مەنتەقەکە دوو ئەوەنـدە پێیـان خۆش بوو.

**پرسیار: ئێـوە چـۆن ئەژیـان؟ مەبەسـتم ئەوەیە کە ئێـوە بـێجگە لە خـورد و خـۆراك کە دەڕۆیشـتنە مـاڵان و بەرگـوزار دەکـرا، ئەی بـاقییەی ئیمکانـات و پێداویسـتیەکانتان چـۆن بەدەست ئەهێنا؟ پێداویستی وەکو جل و بەرگ؟**

**وەڵام:** ئێمە لیباسمان، خۆراکمان، پێڵاومان، گەرمامان، سـەرمامان، هەمـوو شـتێك لە لایەن خەڵکەوە دابین ئەکرا.

**پرسیار: ئەی چەك و تەقەمەنی؟**

چەك و تەقەمەنـی، بە دوو شـێوە دەسـتمان دەکەوت، یەکەم، بەشـێکی لە لایەن خەڵکەوە دابین ئەکرا. دووهەمیش بەشی هەرە زۆری لە دوژمـنمان دەگـرت لە رێگـای دەست بە سەردا گرتنی پایەگـاو مەقەر و هەروەهـا دانـانی کەمـین و لێـدان لە گـروپە زەربەتەکانیـان چەك تەقەمەنـیمان بە دەسـکەوت دەگـرت و لە چالاکییەکانـدا بە کارماندەهێنا.

**پرسیار: ئەو پێداویستیانە چۆن خەڵك دابینی ئەکرد؟ داواتان لێیان ئەکرد یا خود چلۆن و بە چ شێوەیەك دابینتان ئەکرد؟**

**وەڵام:** جار و بار بوو داوای یارمەتی نەقدمان لە خەڵك ئەکرد بو خەرج و مەخارجی پێشمەرگە، بەڵام باقی پێداویستییەکان وەکو خۆراك و لیباس و کەوش، ئەمانە لەلایەن خەڵکەوە دابین ئەکرا. بۆ نموونە تۆ پێشمەرگە بوویت، ئەچوایتە ماڵێك، ساحێو ماڵەکە سەیری ئەکرد کە کەوشەکانت دڕاوە یا کۆنە، کەوشەکان خۆی پێت ئەدا. یا سەیری ئەکرد لیباسەکانت شڕ بووە و بە کەڵك نایەت، خۆی لیباسی بوایەت لیباسەکەی خۆی پێت ئەدا، کراسەکەی خۆی پێت ئەدا، زۆر باوەڕیان بە پێشمەرگەی کۆمەڵە بوو. پێشمەرگەی کۆمەڵەیان یەکجار خۆش گەرەك بوو. تۆ ئەگەر لە ماڵەکەی خۆت بڕۆیشتبایەتە دەرەوە و دوای ماوەیەك بگەڕیایتەوە ماڵ و لەدەرکەت دابا دوای پێنج دەقە دەرکەیان بۆت ئەکردەوە، بەڵام کە پێشمەرگەی کۆمەڵە لە دەرکەی هەر ماڵێکی ئەدا و دەیگوت پێشمەرگەم و بەتایبەتی پێشمەرگەی کۆمەڵەم خێرا و بە شایی و زەوقەوە دەرگایان ئەکردەوە و پێشوازیان ئەکرد. ئەمە من بێ ئێغراق ئەیڵێم کە ئێمەی کۆمەڵە مەدیونی خەڵکی کوردستانین، ئێمەی کۆمەڵە قەرزداری خەڵکی کوردستانین، ئێمەی کۆمەڵە لە خەڵکی کوردستانین، لەو خوێنە دروست بووین، ئەوانیش لە خوێنی ئێمەن و هیچ جیاوازییەکمان نییە. جیاوازییەکەمان ئەوەندەیە، ئێمە تفەنگێکمان هەیە و ئەوان نییانە، ئێمە پێشمەرگەین و ئەوان ناویان پێشمەرگە نییە، ناویان خەڵکە بەڵام لە حەقیقەتدا بپرسی ئەوانیش پێشمەرگەن. ئەو حەرەکەتانە، ئەو یارمەتیانە، ئەو کۆمەکانە، ئێمە لەوانەو دیومانە من لە بیرەوەری خۆما کە تەمەنم ئێستا هەفتاو سێ ساڵە گەورەترین خزمەت کە لەو دەورانەدا بە ئێمە کراوە پێموانیە لە هیچ بزووتنەوەیەکی دونیادا کرابێت.

**پرسیار: ئەمەوێ ئەوە بپرسم، ئەو هەمووە سۆز و خۆشەویستی خەڵکە بۆ پێشمەرگە و ئەوەی کە جل و بەرگیان ئەدا، خورد و خۆراکیان ئەدا، پێڵاویان ئەدا، لە کاتی شەڕەکاندا ئەهاتن یارمەتیان ئەکرد، ئەم هەموە سۆز و خۆشەویستییە لە پێناو چیدا بوو؟**

**وەڵام:** بەشێکی لە پێناو رابردوودا بوو. رابردوویەك کە پڕ بوو لە زوڵم و زۆر و ناعەدالەتی و فشارێك کە لەسەریان بوو. بێجەد موشکلاتیان بۆ پێش هاتبوو، بێجەد تەشی دەدرسەر و زیندانیان و ئەوەشتانە بوون، بەشێکی ئەمانە بوو، بەشێکیش

خۆشەویستی پێشمەرگە بوو. ئەو دەورانە نازانم جەنابت چەندە لە بیرت مابێت، پێشمەرگە تێکەڵاوی ژیانی خەڵك بوو، پێشمەرگە ئەچوو بەنایی ئەکرد بۆ خەڵك، پێشمەرگە ئەچوو دیواری بۆ خەڵك دروست ئەکرد، پێشمەرگە ئەچوو جۆماڵی ئەکرد بۆ خەڵك، درەوی ئەکرد بۆ خەڵك، نۆکی ئەڕنیەو بۆ خەڵك، قوڕەکاری ئەکرد بۆ خەڵك. ئەمە یەکجار موهیمە. کۆمەڵە یەکجار زوو لە ناو دڵی خەڵکدا جێگەی خۆی کردەوە، بەو یەك دڵی و بەو یەك جەهەتی و بەو یارمەتی و بەو دڵسۆزییەوە کە بووی. لە راستیدا کۆمەڵە تێکەڵاو بوو لە گەڵ خەڵکەکەی، نە بێگانەگی بوو نە دووری و نە جیاوازی بوو لە گەڵ خەڵکەکەی. ئەگەر چەند ماشین پاسدار لە دێیەکەوە ئەچوون بۆ دێیەکی دیکە خەڵك وەحشەت دایئەگرتن، بەڵام ئەگەر پەنجا پێشمەرگە ئەچوو بۆ دێیەك سەد کەس بە منداڵ و جەهێل و گەورەوە ئەهاتن بەرەو پیری پێشمەرگە. ئەوە خۆشەویستی بوو، ئەوە هاوخەباتی بوو، هاوخوێنی بوو، هاودڵی بوو، ئەوانە شتانێکن حاشای لێ نەدەکرا. نەتدەتوانی ئینکاری بکەی، ئێمەش بە نیسبەت ئەوانەوە وا بووین. من یەك نموونەت بۆ بگێڕمەوە، لە بیرمە جارێك چوینە دێی "کەڵەکەجار"، لە بان گەردەنەی چلکنەوە کە ئەڕوانێت بەسەر تیکاپدا لەوێ پایەگایەك بوو، ئێمە چوینە دێکە و خەریکی قسەو باس بووین بۆ خەڵکەکە، منداڵێك هات وتی کا عەبدوڵڵا کێیە؟ وتیان ئەوە کا عەبدوڵڵایە بۆ چیتە؟ وتی باوکم بانگت دەکا. وتم باوکت کێیە؟ من باوکت ناناسم؟ وتی وەڵا باوکم منی ناردووە بۆ لای تۆ وتوویەتی بێ کارم پێیە. وتم ئاخر باوکت کێیە؟ نازانم وتی ناوی چییە. ناوەکەیم ئیسە لە بیر نەماوە. چووین و بردمیە لای باوکی. دوای سڵاو و ئەحواڵپرسی و ئەم لاولا ماچ کردن، وتی کا عەبدوڵڵا، وتم بەڵێ، وتی من لە دوورەوە ناوی تۆم بیستووە. لە دوورەوە تۆ دەناسم. نەتم بینیووە، شتێك هەیە دام ناوە بۆ تۆ، بۆ پێشمەرگە، وتم چییە؟ وتی پاسدارەکان لەو پایەگا هاتونەتە خوارەوەو دوو دانە فیشەکیان لێکەوتووە، من دیتومەوەو هەڵمگرتووە بیدەم بە ئێوە! کاك حەمید، ئەوە لە چییەوە دێت؟ مەسەلەن ئەوانە بەسیج بوون، پاسدار بوون، دوو دانە فیشەکیان لێکەوتووە، مەعلوم نەبوو هی پێنج مانگ لەوەپێش یا ساڵێك لەمەوبەر بوو، فیشەکەکانی هەڵگرتبوو بۆ پێشمەرگەی کۆمەڵە. ئێمەیشی نەدەناسی، تەنها ناو منی ئەزانی، لە بەر ئەوەش نەبوو کە من بناسێت.

**پرسیار: کۆبوونەوەتان ئەکرد بۆ خەڵك، بۆ ئەوەی کە باسی پەیڕەو و پرۆگرام و بەرنامەی کۆمەڵەیان بۆ بکەن؟**

**وەڵام:** پێش ئەوە بچینە ناو ئاوایی بەرنامە ڕێزی ئەکرا. کاتەکەی و مەسئولی سوخەنرانی دیاری ئەکرا. لە تەواو مزگەوتەکانا خەڵك کۆ ئەکراوە و لەسەر زوڵم و زۆر، ئیهانەت و بێحورمەتی، چەوسانەوە و بێمافی، و بە گشتی کێشەکانی ناو کۆمەڵگا و کوردەواری قسەیان بۆ ئەکرا و باس لە ڕێگا چارە و پەیڕەو و پرۆگرامی کۆمەڵە وەك بەدیلی ئەو ناهەمەتیانەی خەڵك دەکرا. باسی ئەوەیان بۆ دەکرا کە ئێمە پێشمەرگەی کۆمەڵە داوای چی ئەکەین بۆ ئێوە، هیچ دێهاتێك نەبوو کە قسە و باسی سیاسی بۆ نەکرابێت و سیاسەتی کۆمەڵەیان بۆ ڕوون نەکرابێتەوە. خەڵکیان بە مافەکانی خۆیان ئاشنا نەکردبێت. لە هەموو ئەو شوێنانە باس لەوە کراوەو بۆیان ڕوون کراوەتەوە کە چۆن چەوساونەتەوە، چۆن بێحورمەتیان پێکراوە، چۆن زوڵمیان لێکراوە. حکومەتی شا بە چ شێوەیەك زوڵمی لێکردوون و ئێستاش حکومەتی جمهوری ئیسلامی چ زوڵم و زۆرێکیان لێدەکات. ئێمەش داواکاری ئەو خاڵانەین بۆ ئێوە.

**پرسیار: لە واقیعدا ئێوە تەنیا کاری نیزامیتان نەدەکرد، بەڵکو کاری سیاسی و هۆشیارکردنەوە و ڕۆشنگەریشتان ئەکرد لە ناو خەڵکدا؟**

**وەڵام:** جەوڵەکانی ئێمە، جەوڵەی سیاسی نیزامی بوو. لە پێشدا کاری سیاسیمان ئەکرد، لە پەنای کاری سیاسیەکەشدا کاری نیزامیمان ئەکرد. کارە نیزامییەکەمان بۆ دیفاع لە خۆمان بوو، ئەگینا هەدەفی ئێمە زیاتر سیاسەت بوو. واتە ئاگادار کردنەوە و ڕۆشنکردنەوەی خەڵك بوو، خەڵك بە مافەکانی خۆیان، بە داهاتوویان، بە ژیانێکی شایستەی خۆیان ئاشنا بکەین. ئێمە تەنها کاری نیزامیمان نەدەکرد یا ئەوەی کە عاشقی کوشتن بین و بمانهەوێت چوار کەس بکوژین، بە پێچەوانە ئێمە زۆرتر عاشقی ئەوە بووین کە خەڵك بە مافەکانی خۆیان ئاشنا کەین.

**پرسیار: ئەو دەورانە ئامرازی تەبلیغی چیتان هەبوو؟**

**وەڵام:** لەم ئاخرانەو کە وابزانم ساڵی ١٣٦١ بوو، ڕادیۆیەکمان دامەزراند. بە داخەوە تلویزیۆنمان نەبوو. تلویزیۆن زۆر درەنگ دەستی پێکرد. ئێمە تەنیا ڕادیۆیەکمان بوو، ئەویش جمهوری ئیسلامی پارازیتێکی قەوی خستبووە سەری. باقیەکەی هەر تەبلیغی

مەسئول سیاسیمان بوو، مەسئول نیزامیمان بوو، کە ئەمانە کاریان جیاواز بوو. هەر بەشە مەسئول خۆی بوو. دەستەی سازماندەی ئێمە لە پەنای گوردانا کاری خۆیان ئەکرد، کاری رێکخستنی جەوانەکان و ئەو خەڵکەی گەرەکیان بوو کاری رێکخراوەیی بکەن ئەکرد، تەبلیغ و تەرویجی خۆی ئەکرد، دۆستەکانی خۆی ئەبینیەوە. جەوانەکانی جەلب ئەکرد. ئاموزشی پێیان ئەدا. ئێستایش خۆشبەختانە لە کوردستانا لایەنگیرمان زۆرە، یارمەتیدەرو دۆستمان زۆرە. ئەندام و رێکخستنمان زۆرە. ئەمە بنەماکەی هی ئەو کاتەیە، هەر هی ئێستا نییە. ئێمە لە رۆژێکەوە لە شارەکانەوە دەستمان پێکردووە تا ئێستاش نیسبەت بە چارەنووسی خەڵکەکەمان بێ تەفاوەت نەبووین و بەردەوام کارمان کردووە و تەبلیغ و تەرویجی خۆمان کردوە و ئێستاش هەر ئیدامەی کارەکانی رابردوومان ئەدەین.

**پرسیار: لە ساڵەکانی شەستدا ناوچەی ئازاد هەبوو. واتە ناوچە گەلێك بوون لە کوردستان کە بەدەست پێشمەرگەوە بوو، حکومەت دەسەڵاتی تێدا نەبوو. پێش ئەوەی حکومەت هێرش بکات و ئەو ناوچانە لەدەست پێشمەرگە دەر بێنێت، ئێوە لەو شوێنانە چیتان ئەکرد؟ کاری پێشمەرگە چی بوو؟**

**وەڵام:** پێشمەرگە ئەو کاتە بە ئەرکەکانی خۆی هەڵدەستا و بەردەوام بوو، لە راپەڕاندنی ئەرکەکانی. ئەو کات پێشمەرگە کاری تەبلیغی و تەرویج و بە گشتی کاری ئاگا کردنەوەی خەڵك و لە هەمان کاتتدا عەمەلیاتی نیزامیشی دەکرد. دەستەی رێکخستنی بوو. کاری تایبەت بە خۆی بوو. ئۆرگان گەل ستادی هەبوو، ئەوانیش کاری خۆیان بوو. ئەمە تایبەت بە ناوچەی دیواندەرە نەبوو، هەموو ناوچەکان بەو شێوە بوون. هەر لە کرماشانەوە بگرە تا سنە و مەریوان و سەقز و مەهاباد و سەردەشت و باقی شارەکانی دیکە هەموو پێشمەرگە و گوردانی خۆیانیان بوو. هەر ناوچە عەمەلیاتی خۆی دەکرد. جاروباریش پێش ئەهات هاوکاری گەلێك دەکرا. مەسەلەن لە ناوچەی دیواندەرەوە پەلێك پێشمەرگە ئەڕۆیشت بۆ یارمەتی پێشمەرگەکان سەقز یان لە سەقزەوە ئەهاتن بۆ دیواندەرە. بەم شێوە ناوچەکان یارمەتی یەکتریان ئەدات.

**پرسیار: ئەو یارمەتیانە بۆچی بوو یان لە چ بوارێکدا بوو؟**

**وەڵام:** یارمەتیەکان بۆ عەمەلیات بوو زۆرتر. مەسەلەن هەڵسەنگاندن دەکرا کە ئەم عەمەلیاتە سەدو بەنجا پێشمەرگەی دەوێت، یارمەتیمان بە پەلێك

پێشمەرگەیە، لەم بوارانەدا. ناوچەکانی جیران واتە ئەوانەی لە یەك نزیکبوون لە باری جوگرافییەوە یارمەتی یەکترمان دەکرد. دیارە هەر وەك باسمکرد ئەو یارمەتیانە بۆ عەمەلیات بوون. ئەڵبەت جار و باریش لە نێوان ناوچەکاندا کۆبوونەوەی هاوبەش دەکرا دەربارەی کاری رۆژ و هەندێك لەو چالاکییانەی کە رەنگە کاریگەرییان دەبوو، لەسەر یەکتر. بۆ ئەوەی جۆرێك لە هاوئاهەنگی و هاودڵی لە نێوان گوردانەکاندا دروست بێت. بۆ نموونە تیپی یازدەی سنە کە پێکهاتبوو لە گوردانەکانی شوان و ئارێز لە ناوچەی سنە، پێشمەرگەیان یەکجار زۆر بوو، و پێشمەرگەیان ئەدا بەو شوێنانەی کە لاوازتر بوون یا پێشمەرگەیان کەمتر بوو. لەو سەردەمەدا بە تایبەتی دوای ئەوەی پێشمەرگە لە شارەکان هاتنە دەرەوە عەمەلیات زۆر دەکرا و رۆژ نەبوو لە شوێنێکەوە زەربەیەك لە هێزەکانی رژێم نەدرێت. هاتنە دەرەوە لە شارەکان بەو مانا نەبوو کە ئیتر پێشمەرگە دەسەڵاتی نەماوە. لە راستیدا ئەو کاتەی کە پێشمەرگە لە ناو شارەکاندا بوو عەمەلیاتی نەبوو. عەمەلیاتەکان کاتێك دەستیان پێکرد کە پێشمەرگە هاتە دەرەوە لە شار و دەستی ئاوەڵاتر بوو. تا ئەو جێگایە کە من لە بیرم بێت و ئاگادارم لە ناوچەکاندا، لانی کەم حەفتە نەبوو کە پایەگایەکی رژیم لە لایەن پێشمەرگەوە دەستی بە سەردا نەگیردرێت. یان لە شوێنێکەوە هەڵنەکوتنە سەر هێزێکی رژێم لە سوچێکی کوردستان. ئەو دەم تەنها رادیۆیەکمان بوو، جاری وا بوو لە کاتی خوێندنەوەی هەواڵی عەمەلیاتێك یان شەرێك، هەواڵی پێدەگەیشت کە بۆ نموونە، تیپی یازدەی سنە، فلانە گروهی زەربەتی تارومار کردووە. گوردانی کاك فوئاد دەستی بە سەر فلانە پایەگادا گرتووە. بە تەمام ئەوە بڵێم کە هاتنە دەرەوەمان لە شارەکان وەقفەی نەخستە سەر کاری سیاسی و نیزامیمان، بەڵکو دەست و باڵمانی بازتر کرد. دیارە من ناچمە ناو وردەکاری ئەو عەمەلیاتانە، بەس هەر ئەوەندە ئاماژە پێدەکەم کە کۆمەڵە ئەڕۆیشت لە ناو دڵی دوژمن، رێك لەو شوێنانە کە پشتی جەبهە بوون بۆ رژێم، عەمەلیاتی دەکرد. بۆ نموونە، کۆمەڵە لە ناوچەی دیواندەرە پایەگای خۆش مەقامی گرت کە لە ناو دڵی بیجار و لە پشتی جەبهەی دوژمنەوە بوو. یا نموونەیەکی دیکە پایەگای جافراوا بوو کە "گوردانی کاوە" لە ناوچەی دیواندەرە گرتی. یا تیپی یازدەی سنە، لە چەم شار سنە پایەگای دەگرت. دەڕۆیشتنە ناو شار سنە و لەوێ عەمەلیاتیان دەکرد. مەریوان هەروەها گوردانی کاك فوئاد چەندین پایەگای گەورەیان گرت. ئەڵبەت ئەو چالاکییانە

تەنها بەم ناوچانەی کە ناوم بـرد نەبەسـترابوونەوە، بەڵکـو لە سەرتاسـەری کوردسـتاندا عەمەلیاتی لەو چەشنە دەکرا.

**پرسیار: ئارایشی ناوچەکان چۆن بوو؟ ناوی گوردانەکانت لە بیرە؟**

**وەڵام:** ئارایشی نیزامیەکە تا ساڵی ١٣٦٢ کە حیزبی کۆمۆنیستی ئێران دروسـت بـوو، وە دواتر کۆمەڵە بوو بە رێکخراوی کوردستانی ئەو حیزبە، بە شێوەی هێز بوو. کە هەر هێز لە چەند لق و پەل و هەر پەلیش لە چەند دەستە و دواتر تیم دروست دەبون. لە پاییزی ١٣٦٢ کە ئارایشی رێکخراوەیی کۆمەڵە گۆڕدرا، ئارایشی نیزامیش ئـاڵوگۆڕی تێـدا پێکهات. بەم شێوە کە گەورەترین واحیدی نیزامی کـۆمەڵە تیـپ بـوو. لە تیـپ خـوارتر گوردان و دوای پەل و دەستە و تـیم بـوون. زۆربەی ناوچەکـان یەك گوردانیـان بـوو، بە پێی ژمارەی پێشمەرگە، ژمارەی پەلەکانیشیان دیاری دەکرا. تەنها ناوچەی سنە تیپی بوو بە هۆی زۆر بوونی پێشمەرگە لەو ناوچە کە تیپی یازدەی سنەی ناو بـوو، پێکهـاتبوو لە گوردانەکانی شوان و ئارێز. هەر ناوچە گوردانی خۆی بوو، مەسەلەن کامیاران، گـوردانی شاهۆ. کرماشان، گـوردانی داڵاهـۆ. دیوانـدەرە، گـوردانی کـاوە و گـوردانی چیـا. سـەقز، گوردانی ٢٦ی سەقز. مەهابـاد، گـوردانی ٢٤ی مەهابـاد. بۆکـان، گـوردانی ٣١ی بۆکـان. مەریوان، گوردانی کاك فوئاد. گوردانی نەکەرۆز، بـۆ سەرشـیوی سـەقز و مەریـوان بـوو. بانە، گوردانی بانە. سەردەشت، گوردانی سەردەشـت. ورمـێ، گـوردانی ٢٢ی ورمـێ. بەم جۆرە هەموو شارەکان گـوردانی تـایبەت بە خۆیـان بـوو کە مـن ئەوەنـدەیانم لە بیـرە. بێجگە لە ئارایشی نیزامـی، هەر نـاوچەش کـۆمیتەی نـاوچەی خـۆی هەبـوو هەروەهـا کۆمیتەی مەڵبەندی موکریان و کۆمیتەی مەڵبەندی جنوبی کوردستانیشمان هەبوو. ئەم کۆمیتـانە بەگشـتی لە گەڵ فەرمانـدەی گوردانەکـان کاروبـاری ئەو ناوچانەیـان بە هاوئاهەنگی لەگەڵ کۆمیتەی ناوەندی بەڕێوە دەبرد .

لەو ماوەدا پێشمەرگە بێوچان عەمەلیاتیـان دەکـرد و زەربەیـان لە هێزەکـانی رژیـم دەدا. وای لێهـات کە رژیـم گوشـارێکی زۆری لەسـەر بـوو، بـۆیە لە سـاڵی ١٣٦٢رژیـم تەرحـی شـەڕێکی گەورەی لە کوردسـتان دارشـت بـۆ دەسـت بە سـەردا گرتنـی نـاوچە ئازادەکان، تا بەم شێوە پێشمەرگە لە شارەکان دوور بخاتەوە. بۆ ئەم مەبەستە هێزێکـی یەکجار زۆری رژانە کوردستان و بە پشـتیوانی ئەرتەش و سـوپای پاسـداران و بەسـیج و

ئازادەکان. بۆ نموونە هەر لە ناوچەی دیواندەرە کە شوێنی چالاکی ئێمە بوو، ئێمە مەقەرێکمان بوو لە ئاوایی دەرەگەزان لە مەنتەقەی سارآل. ئێمە ئاگادار نەبووین لەوەی کە رژیم تەجەموعێکی گەورەی کردووە و هێزێکی زۆری هێناوەتە ئاواییەکانی شەریفاوا و یاپاڵ و برایم ئاوا، کە لە دەرەگەزانەوە زۆر نزیك بوو. شەو رژیم هێرشی کردبوو، بەڵام ئێمە ئاگادار نەبووین. ئەوان یەکەم هێرشیان بۆ سەر کێوێك بوو بە ناو "کەڵکوژ" کە پایەگای ئێمەی لەسەر بوو. لەم لاشەوە بە جۆرەها چەك مەقەری دەرەگەزانیان داگرت و ئاگر بارانیان کرد. بە جۆرێك دەتگوت عەرزەکەت کێڵاوە. هەر ئەو شەوە کە ئەوان هێرشەکەیان هێنا یادی بەخێر شەهید" قادر بەهرامی" لە گەڵ چەند پێشمەرگەی دیکەدا رۆیشتبوون بۆ شناسایی"پایگای هەوازۆ"، کە بەسەر ئاوایی "تەورێز خاتون" دا ئەیڕوانی. ئەوان چوون کە ئەو پایەگا شناسایی بکەن و دواتر دەستی بەسەردا بگرن. کاتێك کە گەڕانەوە بۆ دەرەگەزان هێزی رژێم کەوتە نێوان پایەگاکەی ئێمە و کاك قادر بەهرامی و هاوڕێکانی. هاوڕێیانی خۆمان زۆر ئازایانە و بە لێزانی توانیان لە نێوانی هێزەکانی حکومەتەوە تێپەڕن و خۆیان بگەیەننەوە ئاوایی دەرەگەزان. ئێمە لە پشت مەقەرەکی دەرەگەزان سەنگەرێکمان بوو کە شەوانە چەند پێشمەرگە تا روناکایی لەوێ دەمانەوە، نازانم بۆچی ئەو شەوە کەس نەڕۆیشتبووە سەنگەرەکەوە، بەرەبەیان کە هاوڕێیان دەڕۆن بۆ ئەو سەنگەرە ئەبینن کە چەندین جاش و پاسداری تێدایە و لەوێ نوستوون. هاوڕێیانی ئێمەش لێیان هاتبونە دەست و هەر هەموویان دەکوژن و لە سەنگەرەکەدا جێگیر دەبن. ئەو رۆژە کە شەڕ دەستی پێکرد لە دەرەگەزان، پێشمەرگە مەقاوەمەتێکی زۆر قارەمانانەیان کرد. بە راستی پێشمەرگە سەرسەختی، ئازایەتی و دلێری لە خۆی نیشاندا. لە کاتێکدا ئێمە چەکی قورسمان نەبوو. رژیم تەیار بوو بە هەموو جۆرە چەکێك. قورسترین چەکی ئێمە"ئار پی چی" و "قەناسە" بوو. ئەو رۆژە تا ئێوارە شەڕ کرا و مەقاوەمەت کرا. لەو شەڕەدا بەداخەوە "کەماڵ حاجی میرزایی" ناسراو بە "کەماڵ باوەڕێز" مەسئولی پەل و پێنج پێشمەرگە شەهید بوون و حەوت کەسی دیکەش برینداربوون. شەهیدەکان بریتی بوون لە: شەهید "کەماڵ باوەڕێز" کە بە گوللەی تۆپ شەهید بوو. شەهید "مەنسور حەسار چەرموو"، "محەممەد موحەممەدی" ناسراو بە "حەمەی کەلەکان"، "بەهای قەرەول"، "ئەمین موراديان" ناسراو بە"ئەمینە سوور"، "ئەمین میرزایی" ناسراو بە

هاتین بۆ ئاوایی "شاقەڵا". رژێم ئاوایی شاقەڵایشی دایە بەر کاتیۆشا و تۆپ و خومپارە و جۆرەها چەکی قورسی دیکە. رژیم لەم شەڕەدا تەلەفات و کوژراو و بریندارێکی زۆریدا، سەرەڕای ئەوەش هەر نەگەڕایەوە. پاش حەڤدە رۆژ شەڕی سەخت، توانی بەشێك لە ئەو ناوچەی ساراڵ و خورخورە داگیر بکات. ئەڵبەت تەنیا توانی تا ئاوایەکانی بس و تەوەکەلان بێتە پێش، باقی ناوچەکە هەر بەدەست پێشمەرگەوە بوو. دوای ئەو شەڕە و دوای داگیر کردنی ئەو ناوچە ئێمە مەقەرمان هاتە دۆڵی گەڵاڵی، واتە ئاواییەکانی سرموسی و خاڵەوازە و دەورە قەڵا و ئەو دێهاتانە. لەو شوێنەش ماوەیەکی زۆر ماینەوەو پێشمەرگە دیسان دەستی کردەووە بە عەمەلیات کردن. لەو ماوەدا چەند عەمەلیاتی باشکرا، لەوانە: چەند پایەگای رژێم چەك کرا، بە دوای ئەوەدا رژێم دیسان هێزی کۆ کردەوە و دووبارە هێرشی دەست پێکرد بۆ ئەو ناوچانە کە لە ژێر دەستی پێشمەرگەدا بوو. پێشمەرگەش دوای داگیر کرانی ناوچە ئازادەکان وردە وردە بەرەو سنورەکان پاشەکشەیان کرد. پێشمەرگە سەرەڕای ئەوەی کە ماندوو ببوو، ئیمکاناتی نەبوو، چەکی قورسی نەبوو، خۆراك و جلوبەرگ و پێڵاوی باشی نەبوو، بەڵام سەرەڕای ئەو هەمووە بێ ئیمکاناتییە، وەکو قارەمان بەرخۆدان و مەقاومەتیان کرد. دیارە من زۆرتر ئاگاداری ناوچەی دیواندەرەم بۆیە هەر باسی ئەم ناوچە دەکەم، دەنا رژیم هاوکات لە ناوچەکانی دیکەشدا ئەو هێرشەی دەست پێکرد بوو، بۆ داگیرکردنی ناوچە ئازادەکان. لەو ناوچانەش پێشمەرگە بە هەمان شێوە مەقاومەتیان کردبوو. رژێم لەو شەڕانەدا تەلەفاتێکی یەکجار زۆریدا. بەداخەوە لەم شەڕانەدا پۆلێك پێشمەرگەی باشمان شەهید بوون و گیانیان لەدەستدا. تا ئەو جێگا من لەبیرم بێت ناوچەی دیواندەرە سەرجەم سەد و یازدە شەهیدی هەیە کە هەموو کەسانێکی باش و قارەمان بوون. کەسانێك وەك "ئەنوەر ئاغاجەری"، "قادر بەهرامی "، "عەتا قەمەری"، "رەحیم کەلەکان"، "سەعید قەدەم"، "ئیبراهیم تاڵشتی"، "عەلی نیکبەخت"، "مام رەحمان شەریفی"، "فارس شەریفی"، "رەشید باخچەلە"، "یەدی دالان"، "موزەفەر قەلاروتەلە"، "فایەق کانی کەبود"، "یەدی کانی کەبود"، "سانیە بەهرامی"، "ناسکە فەتحی"، "یەحیا لوتفی" و دەیان پێشمەرگەی قارەمانی دیکە کە بە داوای لێبوردن ئێستا حزوری زێهنم نییە کە ناوی هەموویان بەرم.

**پرسیار: هەر وەك باست کرد، رژیم لە هێرشێکی سەراسەریدا بەشێکی زۆر لە ناوچە**

**ناوچەیەی داگیر کرد و هەروەها لە بەشەکانی دیکەی کوردستانیش وەك سنە و موکریان و سەردەشت و مەریوانیش رژیم بە هەمان شێوە بەشێکی زۆر لە ناوچە ئازادەکانی داگیر کرد و بە دانانی پایەگا لەو شوێنانە جێگیر بوو. پێشمەرگەش پاش ئەو شەڕ و بەرخۆدانە لە نیهایەتتدا مەجبور بوو پاشەکشە بکات. دوای پاشەکشە و رۆیشتن بەرەو سنورەکان شێوازی چالاکی پێشمەرگە چ ئاڵوگۆڕێکی بەسەردا هات و چ شێوازێکتان گرتە بەر؟**

**وەڵام:** لە راستیدا شێوازی چالاکی پێشمەرگە ئاڵوگۆڕێکی سەیر و عەجایبی نەکرد. پێشمەرگە هەر وەك پێشتر کاری خۆی دەکرد، چ کاری ناو خەڵك و چ کاری نیزامی واتە عەمەلیاتکردن لە سەر دوژمن. دیارە ئێمە لە گەڵ کەم و کوڕی چەك و تەقەمەنی، هەروەها خۆراك و پێداویستی ژیان بەرەو روو بووین بە هۆی ئەوەی لە ناوچەکانی خۆمان دوور کەوتبووینەوە. ئێمە نەخۆشخانەیەکمان لە ئاوایی شاقەڵا بوو کە تەنها بۆ پێشمەرگە نەبوو بەڵکو خەڵکی ناوچەکەشی دەبینی و یارمەتیدەدان و بە پێی ئیمکان دەوا و دەرمانیشی بە نەخۆشەکان ئەدا. تەنانەت عەمەلیاتیشیان لە سەر نەخۆشەکانی بە پێی پێویست دەکرد. ئێمە دوکتۆر گەلێکی زۆر باشمان بوو، هەم ئینسان گەلێکی شۆڕشگێر و دڵسۆز و خەباتکار بوون هەم دوکتۆری بە تواناش بوون. کەسانێك وەکو دوکتۆر ئەحمەد هیدایەت، دوکتۆر ئەحمەد عەزیز پوور، دوکتۆر عوسمان و چەند کەسێکی دیکە. جودا لە دوکتۆرەکان ئێمە پزیشکیار و پەرەستاری زۆر باش و بەتوانا و دڵسۆزمان، زۆر بوو. ئەو کەسانەش ئەوەندە کاری پراکتیکیان کردبوو بە تەجرەبە هەر کامە دکتۆرێك بوون بۆخۆیان.

هەر وەك باسم کرد دوای داگیر کرانی ئەو ناوچانە لە لایەن رژیمەوە، هێزی پێشمەرگە بۆ جارێکی دیکە خۆی رێکخستەوە و لە مەنتەقەی "خورخورە" لە ئاواییەکانی "خاڵەوازە" و "شێخەدی" و "سەرموسی" مەقەرمان دانا. خەڵکی ئەو دێهاتانە مرۆڤ گەلێکی زۆر باش و زەحمەتکێش و دڵسۆز بوون، کۆمەڵە رێز و ئیحترامی بۆیان دادەنا و ئەوانیش هەروەتر رێز و ئیحترامیان بۆ کۆمەڵە دادەنا. کەسیان لێ بوو بە پێشمەرگە. ماڵیان شەو و رۆژ جێگای پێشمەرگە بوو. وەکو مەقەر وابوو. بە تایبەتی ئاواییەکانی سرموسی و دەورە قەڵا و خاڵەوازە و مەولاناوا. کولەن هەموو ئەو دێهاتانەی ئەو دەڤەرە هەر هەموویان دەرگای ماڵەکانیان بۆ پێشمەرگە ئاوەڵا بوو. هێزی پێشمەرگە پاش جێگیر بوون و حەسانەوە و خۆ رێکخستنەوە دەستی کردەوە بە

خاکی کوردستان، گرنگترین شوێن لە ناوچەی دیواندەرە ئەو کات مەنتەقەی "هەوەتوو" بوو، "هەوەتوو" لە قوڵایی ناوچەی دیواندەرەیە، لە ناو جەرگەی دوژمندا بوو، لە پەنای شاری دیواندەرەوە تێپەر دەبووی، چەندین پایەگا و قەرارگای گەورەی رژێمی تێدا بوو، بۆیە گرنگی تایبەتی خۆی هەبوو. لە بیرمە زستانێك چوینە ئاوایی "زەڕینە"، "زەڕینە" هەڵکەوتووە لە سەرجادە و لە پەنای ئاوایی "گاوەشەلە"دایە، "گاوەشەلە" هەم پایەگای رژێمی لێیە و هەم خەڵکەکەشی هەموو چەکداری رژێمن. لە زەرینە کە بووین دیدەبانەکەمان وتی جاش و پاسدار لە گاوەشەلەوە دەرکەوتن، گاوەشەلەش تا زەرینە ئەگەر هەڵە نەبم کەمتر لە پازدە کیلۆمتر بوو، وتیان ئەوە هاتن، پێشمەرگەش خۆی ئامادە کرد و خۆشی خۆشی وتیان لێیان دەگەڕێین تا دێنە پێشەوە ئەو کات غافلگیریان دەکەین و هەر هەموویان یا بەدیل دەگرین یا دەیانکوژین. بەڵام بەداخەوە لە نیوەی رێگا پەشیمان بوونەوە و نەهاتن و گەڕانەوە بۆ گاوەشەلە. ئێمە لەو بەشە هەموو دێهاتەکان دەڕۆیشتین و خەڵکیش زۆر بەگەرمی پێشوازی لێدەکردین. ئێمە کاری تەبلیغ و تەرویج واتە کاری راگەیاندن و شیکردنەوەی بەرنامەکانی کۆمەڵە بۆ خەڵك، لەقاودانی سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی و لە هەمان کاتدا عەمەلیاتی نیزامیشمان دەکرد. دەستەی رێکخستن خەریکی کاری خۆی بوو. خەریکی رێکخستن و سازماندان و دروستکردنی پەیوەندی لە گەڵ ئەو کەسانە بوون کە ئامادە بوون هاوکاریمان بکەن و ببنە لایەنگری کۆمەڵە. بەشی تەداروکات، خەریکی کۆکردنەوەی یارمەتی ماڵی بوو. دیارە یارمەتیەکان داوتەڵەبانە و بە پێی رەزامەندی خەڵکەکە خۆیان بوو. ئێمە لە کۆبونەوەیەکی گشتیدا بۆ خەڵکەکەمان باس دەکرد و زەرورەتی یارمەتیکردن بە هێزی پێشمەرگەمان شەرح دەکرد، دوای خەڵك بۆ خۆیان ئەو بڕە یارمەتیە واتە هەر کەس بە گوێرەی تەوانی خۆی یارمەتیەکەی دەهێنا بۆمان. ئەو جەولە ئەگەرچی لە قوڵایی ناوچە داگیر کراوەکاندا بوو، بەڵام کاتی وا بوو زیاتر لە یەك مانگی دەخایاند و درێژەی دەکێشا.

جارێکی دیکە لە بیرمە ئێمە لە ئاواییەکانی "داڵان"و "دەروەن" دا بووین، کە ئیتر زۆر چوبووینە ناوەوە، تەنانەت ئەو جارە ژمارەیەك لە هاوڕێیان چوونە ناو شار "بیجار" و لەوێ عەمەلیاتێکیان کرد ئەگەر بەهەڵەدا نەچم بەرپرسەکەیان "حەمەی سەیار" بوو. شەهید "ئیرەج موجتەهدیشیان" لەگەڵ بوو. ئێمە لە ئاوایی "گاوەمەتەر" بووین ئەوان

گەڕانەوە. دوای ئەوە ئـێمە بە ئاواییەکـانی "ئەمیـراوا"، "کـۆچ "، "داڵان" و "بـاخچەلە" گەڕاینەوە و هاتینەوە نسارە. یادیان بەخێر کاك "خەسرەو رەشیدییان"، کاك "عەبـدوڵڵای هۆشـیارییان"، "ئەشرەف مەلەکشـان" و نـزیکەی سـەدو سـی، سـەد و چـل پێشـمەرگە بووین. لە نسارە بووین کە کاك خەسرەو و کاك عەبدوڵڵای هۆشیارییان و نـزیکەی سـی چل پێشمەرگە گەڕانەوە بۆ ناوەندی بۆ کـۆنگرە. ئەو شـەوە لەسـەر پـرد نسـارە کە دوو ریستۆران و قاوەخانە و شوێنی نان خواردنی تێـدایە شـاممان خـوارد. مەبەسـت ئەوەیە کە پێشمەرگە باکی نەبوو لە کوێیە. چوون بە راست پێشمەرگە زۆر وەرزیدە، رەزمەندە و لێهاتوو بوو. پێشمەرگە شـەڕی زۆری بینیبـوو، بـۆیە هـیچ ترسـێکی لە دوژمـن نەبـوو رەگی دوژمنی ناسیبوو، لە هەر جێگایەك بووایەین ئەگەر خەتەرێکـیش ببـوایەت هـیچ باکێك نەبوو. پاش ئەو جەولە ئێمە هاتینەوە ئەمبەر جادە واتە ئاواییەکـانی قەرەخەوی، حاجی موسی و تازاوا و گوڵانە.

**پرسیار: ئەوە کام دێهات بوو، رژیم بە زۆر چەکداری کردبوون و کۆمەڵەش چەکی کـردن بە بێ ئەوەی یەك تەقەش بکەن باسی ئەو عەمەلیاتەمان بۆ دەکەی؟**

**وەڵام:** ئەوە ئاوایی"غەیسوور" بوو. رژیم بیسـت و یەك بـڕنەوی پێـدابوون، ئەڵـبەت چەکداری زۆرەملێ بـوو، خەڵکـی کوردسـتان بـێجگە ژمـارەیەکی تـایبەتی چڵکـاو خـۆر هیچێکی بە رەزامەندی خۆی چەکی بۆ رژیم هەڵنەگرت. رژیم بە زۆر چەکـی دەدانـێ. کـۆمەڵە چـوو ئـاوایی غەیسـووری چەککـرد. لێـرەدا دوو نـوکتەی خۆشـی تێـدایە ئەو عەمەلیاتە بۆتانی دەگێرمەوە. ئەو شـەوە مـن لە تاڵەسـوار بـووم. تاڵەسـوار، دەکەوێـتە پشت سەر قەڵاریانە و ئەم دیوی دەواخ. بە بێسـیم کـۆنترۆڵمان دەکـرد، مـن خـۆم لەو عەمەلیاتەی غەیسوور نەبووم، ژن و مێردێـك کە خەڵکـی غەیسـوور دەبـن، مێـردەکەی بڕنەوێکی پێ دەبێت، هەموو شەوێك ژنەکە گاڵتە بە مێردەکەی دەکات دەڵێت پیاوەکە خوا خراوت بۆ بکا هەڵسە پێشمەرگە هات، ئیدی ئەوەندە ژنەکە بە گاڵتە وای وتبوو بە مێردەکەی، عادەتی کردبوو، ترسی شکابوو. تا ئەو شەوە کە بەراست پێشمەرگە دەچـنە غەیسـوور و هەڵـدەکوتنە سـەر خەڵـکە چەکـدارەکە، ئەو ژنەش دیسـان بە مێـردەکەی دەڵێت هەستە پیاوەکە هەستە پێشمەرگە هات، ئەویش دەڵێ" دەی توخـوا وازم لێبێـنە با بخەوم. ژنەکەش دەڵێت" کورە خوا خـراوت بـۆ بکـا بەخـوا ئەم جـارە راسـت ئەکەم، ئاوەتان لە حەوشن". ئەویـش بـڕنەوەکەی دێنێـت و ئەبـدات بە پێشـمەرگەکان. بەکـی

دیکە لەو خەڵکە کە ئاخر کەس بوو هاوڕێیان چوو بوون چەکەکەیان لێ سەندبوو، کوڕێکی جەوانیان هاتبووە دەرەوە، لە سەر پلەکان و هەر کە پێشمەرگەکان ئەبینێت هەر وەك چۆن ئەو دەم رادیۆ کۆمەڵە کورتەی هەواڵەکانی بوو، کوڕەکەش وتبووی " کورتەی هەواڵەکان، غەیسوور چەك کرا ". بەم شێوە ئاوایی غەیسوور بە بێ ئەوەی کە یەك تاقە فیشەك بتەقێت بە تەواوی چەك کرا، بەڵام ماجەرای دوا رۆژی کە پێشمەرگە هەموو ماندوو، رێگایەکی زۆر دووریان بڕیبوو تا گەیشتبوونە غەیسوور و دووبارە دەبوایە بگەڕاینەوە، ئەوە بوو کە گەڕابوون بە دوای شوێنێکی ئەمندا کە تێدا بحەسێنەوە بە تایبەتی کە هەمو هیلاك و ماندو و بێخەو و برسیەتیش لە بانی، بۆیە ویستبوویان شوێنێك ببیننەوە کە تووشی شەڕ نەبن لە گەڵ رژێمدا، بیریان لێکردبووەو بە تایبەتی رەفیق گەلێك بوون کە شارەزای ناوچەکە بوون، وەکو "رەشید کوتك" و "موزەفەر کەریمی" ئەوانە وتبوویان ئێمە شوێنێك ئەزانین بچینە ئەوێ زۆر بێ شکە، دەرگیر نابین. ئەو شوێنە سەر شایجانی پێ ئەڵێن. جارێك کۆمەڵە لەوێ توشی شەڕ ببوو، من خۆم بووم لەو شەڕەدا، چەم گلەسووری پێ ئەڵێن، وتبوویان بچینە ئەوێ. ئەو شوێنە تەپۆڵکەیە، شاخ نییە. هاوین بوو، هەواش زۆر گەرم بوو، لەوێ هاوڕێی فەرمانده بریاری دابوو کە هەر پێشمەرگە لە شوێنی خۆی ئەخەوێت و ئیسراحەت بکەن، بەڵام ئاگر بۆ چای ناکەنەوە با پێمان نەزانن و توشی شەڕ نەبین، چونکە ماندووین. حکومەتیش بە دوای هاوڕێیاندا هەموو مەنتەقە گەڕابوو. ئیتر نازانم خۆیانیان عەمدەن گێل کردبوو یا نە؟ بەڵام نەچوو بوونە شوێنی حەسانەوەی هاوڕێیان و ئەو جێگەیانە نەدیتبووەوە. هاوڕێیان تا ئێوارە لە بەر ئەو خۆرە خەوتبون و توشی شەڕی نەخوازراویش نەبوون. رژیمیش هاتبوو، زۆرێك لە ئەو دێهات گەلە گەڕا بوون و دوایەش بەدەس خاڵی گەڕابوونەوە. ئەو چەك گەلە کە لە غەیسوور گیران ئیستاش هەر لە شوێنێکە و شاردراوەتەوە. یەك دانە بڕنەو کورتی تێدا بوو کە بە دەست کەسێکەوە بووە، ئەویش زۆر کورتە باڵا بووە. کەسەکە و بڕنەوەکە بە یەك ئەندازە بوون. ما باقی چەکەکان بڕنەو ڕەسا بوون.

**پرسیار: ئایا خەڵکە چەکدارەکانیشیان هێنا بوو لە گەڵ خۆیان؟**

**وەڵام:** نەخێر کەسیان نەهێنا بوو. خەڵکەکە هیچ گوناحێکیان نەبوو. ئەوان بە زۆر چەکدار کرا بوون. بە بێچەوانەی مەیل و رەزامەندی خۆیان چەکیان بە سەریاندا دابوو.

مەبەستم ئەوەیە کە ئەو کات پێشمەرگە هیچ کات غەفڵەتی نەکرد، نە لە کاری نیزامی و نە لە کاری سیاسی، نە لە کار رێکخستن، نە لە بەشی ماڵی، نە لە راگەیاندن و تەبلیغ و تەرویج لە هەموو بوارەکاندا هیچ هەلێکیان لەدەست نەدەدا. ئەگەر بمهەوێت باسی هەموو ئەو کارو چالاکیانە بکەم بە چەندین کتێب من بیرەوەریم هەیە. بەس لە دیواندەرە، باقی ناوچەکانی دیکە ئیتر هیچ، مەسەلەن شتهایەك کە من خۆم بەرەو رووی بوومەتەوە، نەك شەڕ بەڵکو موشکلاتێکی گەورەی دیکە کە تووشی بووم ئەگەر بیگێڕمەوە زۆر بەلاتانەوە سەیر و عەجایب دەبێت. مەبەستم ئەوەیە پێشمەرگە هیچ کات پەکی ئیش و کاری خۆی نەخست. رۆژ بە رۆژ جەسوورتر ئەبوو، رۆژ بە رۆژ دڵخۆشتر و سەرحاڵتر بوو، ئەمانە سەرەڕای هەموو جۆرە برسیەتی و تونیەتی و ماندوویی و بێ نانی و بێ ئاوی. با ئەوەش بڵێم کە ئەو کارانە نەدەکرا ئەگەر یارمەتی و هاوکاری خەڵکی کوردستان نەبووایەت بۆیە من لێرەشەوە پێداگری لەسەر ئەوە دەکەمەوە کە ئێمە تا ماوین مەمنونی خەڵکی کوردستانین، ماڵیان سەرپەنامان بوو. ئێستاش هەر ئەوان سەرپەنان، بە خۆشیەوە ئەو سەرپەنامانە لەدەستنەداوە. بێجگە ناموسیان نەبێت هیچ شتێکیان لە ئێمە دریغ نەبوو. خەڵکی وا بوو کرێکار بوو، تەنها یەك مریشکی بوو سەری دەبڕی بۆمان، هەرچی دەمانووت کاکە وا مەکە تەنها ئەو مریشکەت هەیە دەیگوت نا نابێت دەبێ سەری ببڕم بۆتان. نۆشی گیانتان بێت. مەبەستم ئەوەیە پێشمەرگە بێ ئەندازە خەڵك خزمەتی کرد. بۆ نموونە، جارێکیان ساڵ ١٣٦٢ کاتی پاشەکشەکان بوو، کاك ئەیوب نەبەوی یادی بەخێر هات وتی" فڵانە کەس وتم بەڵێ وتی" چەند بار چەکمان هەیە ئەبێ بیبەیتە پشتی جەبهە. وتم کاك ئەیوب، دەکرێت؟ وتی وەڵا نازانم. ئەکرێ یا نە دێنە دواوە یا نا نازانم، دەزانم زۆر سەختە چوون تەواو مەنتەقە دەرو دەشت هێزی رژێمی لێیە، بەڵام پێویستە چوار بار چەك و تەقەمەنی ببەنە پشتی جەبهە بۆ زستان پێویستمان پێیە، زستان بۆمان ئەملاولا ناکرێت. ئێمەش چوار بار چەك و تەقەمەنیمان برد و لە پشتی جەبهەوە دامان شارد. بردمانە دێیەك و دامان نیا. ئەڵبەت با باسی چوونەکەت بۆ بەکەم، زۆر سەخت بوو، پێنج نەفەر بووین، لە ئاوایی"سۆلە" و "ئیساقاوا" یەکێ کولێرەیەکمان بووە تا مەنتەقەی "قاڵقاڵی". شەو لە قادر کوژراو پشت نەرگسەلە بووین کولێرەکەمان خوارد و تەواو بوو. مەنتەقە چۆڵ بوو لە خەڵك، بارمان کرد و چووین. دەبوایەت کەس پێمانی نەزانیبایێت، کەس

گەیشتینە کابرایەك، رامان گرت، وتمان چ کارەی و خەڵکی کوێیت و بۆ کوێ دەڕۆیت؟ زانیمان کە پێشمەرگەیە و دەڕوات خۆی رادەستی حکومەت بکاتەوە. پێشمەرگەی لایەنێکی سیاسی دیکە بوو. ئێمەش گیرمان کردبوو بە دەستیەوە! نە دەکرا بیگرین، نە دەکرا بیکوژین، نە دەکرا ئازادی کەین، ئەگەر ئازادی کەین و ئێمەش لە ناو جەرگەی ناوچە داگیرکراوەکان و لە ناو دڵی دوژمنداین ئەویش دەڕوات خۆی رادەست بکاتەوە، ئەگەر هاتوو راپۆرتی کردین چ بکەین؟ نیهایەتەن لە گەڵ هاوڕێیاندا کە قسەو باس و مەشوەرەتێکمان کرد لە سەر ئەوە ساغ بووینەوە کە ئازادی بکەین. هەزار جار یادی بەخێر، فایەق حەیدەری ناسراو بە "فایەق کانی کەبود"یشمان لە گەڵ بوو. لە گەڵ ئەو کابرا قسەی کرد وتی" کاکە ئێمە رێگایەکی دوورمان لەبەرە و لێرە نابین، تۆش پێشمەرگە بوویت و شەرایەتی پێشمەرگە دەزانی، ئێمە ئازادت دەکەین تا بڕۆیت، بەڵام تۆش وریای دەمی خۆت بە باسی ئێمە مەکە. کابراش وتی" قەوڵتان پێدەدەم ناوتان نابەم. کابرا خودا حافیزی کرد و ئێمەش رۆیشتین و چەکەکانمان شەو بردە ئاوایی گلەسوور، زۆر بەداخەوە ئەو کەسە لە ژیاندا نەماوە و کۆچی دوایی کردووە، زۆر کەسێکی قارەمان و نەترس بوو، هات چەکەکانی لێمان وەرگرت، چوار بار هێستر چەك و تەقەمەنی بوو، هەمووی لێ وەرگرتین و شاردنیەوە و نان و چاییەکی پێداین. موشکلێك کە بۆمان ئەوە بوو کە لەو ناوچە کەس هێستری نییە، هەر کەس ئەو هێسترانە ببینێت سەرسام ئەبێت و بۆیان پرسیار ئەبێت. پێش هەوا رۆشنی هێسترەکانمان بردە شوێنێك بە ناو "رەسول شێخە" کە کەوتووەتە نێوان تازاوا و دەرەویان و حوسەین ئاوا و گلەسوور. ئێمە چووینە ئەو جێگا و بڕیارمان دا شەویش بچینە تازاوای ئێمە، ماوەیەکی زۆریش بوو کە نە رۆیشتبووینەوە، ئێمە دوور بینمان خست بۆ قەورسانەکان پشت دێیەکەی ئێمە دیتمان کە چوار ماشین پاسدار هاتن بۆ ئاوایی، ئەوێمان لێ شێوا، تەواو مەنتەقە گیرابوو، هاوڕێیان وتیان مامە عەودە چی بکەین؟ منیش وتم جا چی بکەین؟ ئەمشەو ئەڕۆینە ماڵ جاشێك! وتیان جیدی ئەژیت یان شۆخیەکەیت؟! وتم بە راست هەر بە جیدی ئەیڵێم! ئاخر چۆن ماڵ جاش؟ وتم ئەچین و هیچیشمان پێنایەت و خۆشیش دەیگوزەرێنین! کەسێك بوو کە کوڕێکی بێ عەقڵی بوو، ئەو کورە جاش بوو، دایك و باوکی کوڕە جاشەکە کەسێکی باش و بەحورمەت بوون. چووینە سەر بانەکەیان، بانگم کرد لە پیاوەکە، ژنەکەی وڵامی داوە،

منی خۆش دەویست، وتی مامە عەودە تۆیت؟ وتم ئەرێ وەڵا منم، پشت دەرگاکە لابە! ئێمە چووینە ماڵەوە، سێ چوار منداڵ نیمچە جاهێلی بوو. زۆر بە کەیف خۆشی هاتە دەم مانەو، وتم ئێمە ئەم شەو لێرە ئەبین، سبەینێش لێرە ئەبین، تۆ چی دەکەی؟ وتی هیچ چی بکەم؟ وتمان ئەی هاتوو جاشە بۆر کورت هاتەو هەر بەو زمانە! ژنەکە وتی جا دێتەوە با بێتەوە. من هەر ئێوەم خۆش دەوێت! وتم ئاخر چۆن باوەڕت پێ بکەم؟ وتی نا باوەڕ بکە، ئێوە شەرافەتمەندن، ئێوە خۆنەویستن، ئێوە خۆشەویستی هەموو کەسێکن، من بۆ خۆشتانم نەوێت، وەڵا من لە هەموو کەس زیاتر خۆشتانم ئەوێت، کوڕەکەیشم ئەگەر هاتەوە، بە شەرەف مامر و گۆشت بۆ ئێوە دروست دەکەم، ئێسقانەکەشی نادەم بە ئەو. ئەو شەوە لەوێ ماینەوە، بەڵام هەر ئەوەندە ماندوو بووین، وەکو جەنازەمان لێهاتبوو. پامان لە بنەوە پێستێکی خستبوو. منیش وتم بە ژنەکە با درۆت بۆ نەکەم ئێمە یەکجار ماندووین، ئێستە ئەخەوین، وتی باشە بە ئیسراحەت بخەون. بەیانی هەستاین، دیتمان پای هەر چوارمانی گرتووە لە خەنە. نازانم بیستووتە یا نە! خەنە پێست پا قایم ئەکاتەوە. ئەو ژنە لە کاتێکدا ئێمە خەوتبووین و لە ماندوویەتیدا وەکو بێهۆشمان لێهاتبوو، پای هەر چوارمانی لە خەنە گرتبوو. ئەو رۆژە تا ئێوارە مێردەکەی لە شار بوو، ئێوارە مێردەکەی هاتەوە. ژنەکە بە پیریەوە چوو، پێی وت میوانمان هەیە. مێردەکەیشی وتی کێیە میوان؟ وتی پێشمەرگە. وتی های های! پێشمەرگە! پێشمەرگە ها لە کوێ؟ بڕۆ لاچۆ! وتی بەخوا پێشمەرگەیە و مامە عەودەشیان لە گەڵە. ئەویش هاتە ماڵەوە و دڵی تەنگ بوو. بە ملماندا، دەستی کرد بە گریان. ژنەکە وتی بە مێردەکەی مەگیرە. بە خوا ئەبێ هەر بەو مینی بوسە بڕۆیتەوە بۆ شار سنە، میوە و شیرینیان بۆ بێنیت و بگەڕێیتەوە. پیاوەکەش رۆیشتەوە سنە دووبارە. کۆڵێك رێگایە. کۆڵێك میوە و شیرینی و خواردەمەنی بۆ هێناوین و دوا شەوەکیشی لەوێ ماینەوە بەرێ کەوتین بەرەو هەوارە گەرمەی مەریوان. ئێمە دووبارە هاتینەوە بنەسوورەی قزولاخ، یادی بەخێر "فایەق کانی کەبود" وتی مامە عەوەدە وتم بەڵێ، وتی قسەیەکت بۆ دەکەم پێت ناخۆش نەبێت! وتم نا بیڵێ چییە؟ "جا یەکجار فایەقم خۆش گەرەك بوو" وتی" گەرەکمە خۆم بکوژم" ! وتم شۆخی ئەکەی؟ وتی ناوەڵا! وتم بۆ؟ وتی جسمم نای کێشێت هێزم لێبڕاوە! من چوومە گژیا ئەوەی لە دەمم هات دوور لە ئێستای پێم کرد! وتی باشە باشە کەم قسەم پێ بکە، پیاو پیر بێت خوا لەونی لێ

بڕۆمەوە لای کۆماری ئیسلامی؟ تەسلیمی جمهوری ئیسلامی ببم!؟ خۆم بکوژم لەوە زۆر باشترە. وتم نە فایەق گیان، هەندێك دڵخۆشیم داوە، فایەق جەستەی زۆر کز و لاواز بوو. وتم فایەق گیان، بۆ تۆ هەر زۆر عەیبە قسەی وا بکەی. وتی" کاکە خۆ من لە سیاسەت ماندوو نەبووم، جەستەم نایکێشێت. هێزم تێدا نییە. ئەگینا لە خەبات ماندوو نەبووم، خۆشم قەد تەسلیم جمهوری ئیسلامی ناکەمەوە. ئێمە تا گەیشتینە هەوارە گەرمەی مەریوان تەنها لە لای کاریگەرێك لە پشت دۆزەغەرە تیکەیەك نانمان خواردووە ئیتر هیچ نان و خواردنێکمان نەبوو. لە هەوارە گەرمە تاهێر خالیدی لێبوو، کە ئێمەی بینی بە پیرمانەوە هات و لەوێ هەندێك حەساینەوە. مەبەستم ئەوەیە کە خەڵك بە راستی بەو شێوە خزمەتی ئێمەیان دەکرد. ئەمە بۆ ئەوە دەگێڕمەوە کە ئێمە دەبێ ئەمەك شوناس بین و هەیشین. ئێمە دەبێ دڵسۆزی خەڵك بین وە هەیشین، خەڵك زۆر خزمەتی بە ئێمە کردوە. ئەمانە کە من دەیگێڕمەوە قەترەیەکە لە دەریا. سەدانی ئاوام بینیووە. جا حەسابی بکە هاوڕێیانی دیکەمان لە ناوچەکانی دیکە، هەمانە دەیان بەرانبەر من بیرەوەری ناو خەڵك و خزمەتگوزاری خەڵکی هەیە.

**پرسیار: یەکێك لە ناخۆشترین بیرەوەریەکانت کە هەمیشە لە یادتە کامەیە؟**

**وەڵام:** یەکێك لە ناخۆشترین بیرەوەرییەکانم ئەوەیە کە شەڕی کۆمەڵە و دێموکرات بوو. ئەو رۆژە لە شوێنێك کە مێلە مەرزیەکەی پێ یەژن، لەو مێلە مەرزیا ئەو رۆژە زۆر بەداخەوە، ئەو شەڕە من نەفرەتی لێ ئەکەم، چواردە شەهید و حەڤدە بریندارمان بوو. بەداخەوە حیزبی دێموکراتیش لەو حەدا زیاتریش شەهید و بریندداریان بوو. بە داخەوەم. ئەو رۆژە، من بە دەست خۆم ئەو چواردە شەهیدەم لە گەڵ میرزا عەلی کتابیدا بەست بە سەر هێستردا و هاوردمان بۆ گۆرستانی بەردەرەش و دووپلورە. ناخۆشترین رۆژم بوو.

**پرسیار: لە کاتی شەڕی ناوخۆیی تۆ لە کوێ بووی؟**

**وەڵام:** لە کاتی شەڕی ناوخۆییدا، من بە داخەوە هەر لە ناوخۆی وڵاتتدا و هەر لە ناوچەکەدا بووم و ئاگام لە شەڕەکان بوو، بەڵام لە شەڕی ناوخۆییدا پێش نەهاتووە کە بەشداری بکەم. بەشداریم نەکردووە. فەقەت بۆ یەك جارش گەرەکمە بۆ تاریخ بی گێڕمەوە، من تەنیا کورێکم هەیە، کوڕەکەم فەرهادی ناوە. لەو کاتەدا مەقەرمان لە

پێشمەرگە، دوانزدە ساڵ تەمەنی ئەبوو، چوو بوو دەورەی دیبوو، دواتر بوو بوو بە پێشمەرگە و هاتبووەوە بۆ ناوچە. جارێکیان لە گەڵ حیزبی دێمۆکرات توشی شەڕ ببون فەرهاد بریندار ببوو، چۆکی بریندار بوو، ئێستاش تیکەیەك هەر هالە چۆکیا، ئەو کاتە من زۆرم پێناخۆش بوو، زۆر نیگەرانی بووم، تەنیا ئەو کوڕەم بوو، ئەویش زۆر منداڵ بوو. رەفیقەکانی کردبوویانە ژێر باقە گیا و شاردبوویانەوە، دوای رۆیشتبوون وەکو جەنازە هاوردبوویانەوە.

**پرسیار: رات چییە بەرانبەر ئەو شەڕە ناوخۆییە؟**

**وەڵام:** باوەڕم پێبکە، من ناتوانم، ئێستا خەتاکار جیا بکەمەوە. بۆم جیا نابێتەوە، بەڵام نەفرەتم لێکردووە و بۆ هەمیشە نەفرەتی لێدەکەم.

**پرسیار: یەکێك لە خۆشترین بیرەوەریەکانی دەورانی پێشمەرگایەتی کە قەد لە بیرت ناچێت کامەیە؟**

**وەڵام:** بیرەوەرییەکان زەمانێکە کە کۆمەڵە بوح بوحەی بوو. کەسانی باشی تیا بوو، مەسەلەن یەکێك لەوانە شەهید "قادر بەهرامی" فەرماندەی گوردانەکەمان بوو، کوڕێکی بێحەد ئازا و لێهاتوو بوو. جمهوری ئیسلامی هەر ئاخی هەڵدەکێشا، ئەیوت ئەو قەد و هەیکەڵە، ئەو ئازایەتی و ژیری و نەترسیە حەیفە کۆمەڵەیە، بۆ ئیسلام باش بوو. دوای ئەوەی کوڕگەلێکی باش گیانیان لەدەستدا، عەتای قەمەری بوو. دەیان کەسی ئاوامان گیانیان لەدەستدا. دەوران بیرەوەریەکان من ئەوە بوو، لەوکاتەدا ئەوان لە ژیاندا بوون زۆر خۆشم بوو. بەداخەوە ئەوان یەکە یەکە و دوو دوو شەهید بوون. ئیتر ناخۆش بوو دوای ئەوان.

**پرسیار: دیواندەرە و خەڵکەکەی، بەلای تۆوەوە چی ئەگەیەنێت ؟**

**وەڵام:** خەڵکی دیواندەرە، زۆر زۆر باش بوون، یەکجار خزمەتیان بە ئێمە کرد. ئێمەش خزمەتمان بە ئەوان کرد. ئێمە بە دڵێکی پاك و بە نیەتێکی پاکەوە لە خزمەت ئەوانا بووین. بە سەدان پێشمەرگەی کۆمەڵە خەڵکی ناوچەی دیواندەرە گیانی بەختکردووە، خەڵکی ئەو ناوچە بە راستی ئێمەیان وەك کوڕ و برا و کچ و کەس و کاری خۆیان دەزانی. کابرا خۆی گۆروا نەبوو لە پایا ژنەکەی ئەچوو گۆروای بۆ ئێمە

ئەچنی. دەسکێشیان بۆمان ئەچنی، خزمەتمانیان ئەکرد، لیباسیان بۆمان ئەشۆرد، وەکو یەك بنەماڵە وا بووین.

**پرسیار: مامە عەودە کۆمەڵێك خاترە و بیرەوەریت گێراوە لە هی خۆت و هاوڕێیانت لە ئەو دەورانە چی دیکەت ماوە لەو بارەوە کە بیگێریەوە؟**

**وەڵام:** راستەکەی ئەوەی کە من گێرامەوە تەنیا قەترەیەکە لە دەریایەك، لە کار کردەکانی کۆمەڵە. لە خزمەتگوزارییەکانی کۆمەڵە. عەمەلیاتەکانی کۆمەڵە. دڵسۆزی کردن دەرحەق بە خەڵکی کوردستان کە کۆمەڵە هێزێك بووە، ئەو خزمەتەی کردووە. ئێستاش هەروا بەردەوامە. کۆمەڵە لە سەر هەمان سیاسەتی پێشووی خۆی دەڕوات و ئیستاش وەك جاران ئامادەیە بۆ خزمەتگوزاری خەڵکی کوردستان. من لێرەدا تەنها باسی دیواندەرەم، کردووە. چوون بە دیواندەرە ئاشناییم هەیە. ناوچەکانی دیکەش زانیاریم هەیە، بەڵام ئێستا مەجالی ئەوەم نییە باسی ئەوان بکەم. بۆیە گێڕانەوەی ئەو بیرەوەریانە بەو مانا نییە ناوچەکەکانی دیکە کەم و کەسرییەکیان بووە یا لە ئێمە چالاکتر نەبوون. کاروباری کۆمەڵە لە سەرتاسەری کوردستاندا هەمیشە حەماسە لە کاری نیزامیدا و کاری سیاسی و ئاگاهگەری و خزمەتگوزاری بووە.

لە ئاخری قسەو باسەکەمدا، کە کۆتایی پێ بێنم پێمخۆشە ئەوە بڵێم، کە من سی و سێ ساڵە پێشمەرگەی کۆمەڵەم، نامهەوێت تاریف و تەمجید لە خۆمەوە بکەم، دەمهەوێت ئەوە بڵێم ئەم سی و سێ ساڵە من سی و سێ چرکە لەرزش و دوودڵی و ڕاڕاییم، لە سەر خەباتم، تێدا نەبووە. تا ئەو جێگە توانیبێتم و پێم کرابێت لە کاری باش، بە نیسبەت کۆمەڵە و خەڵکی کوردستان درێغیم نەکردووە. من ئێستاش و تا ماویشم خۆم بە بچووك، بە خزمەتگوزاری خەڵکی کوردستان دەزانم. دەمهەوێت شتێکی دیکەش رابگەیەنم، داوام لە گەنجەکانی کوردستان، لە خەڵکی خوێن گەرم و شۆڕشگێڕی کوردستان، ئەو خەڵکەی کە سی و سێ ساڵە ئەم پێشمەرگانە کە کور و کچی ئێوەن، منداڵی ئێوەن، کەسی ئێوەن، ئێوە بە هەزاران شەهیدتان داوە، ئەمانەش کە ماون بازماندە و درێژە پێدەری رێگای ئەوانن. بۆیە من ئەگەر چی خۆم بەو کەسە نازانم ئامەنەتی بدەم بە ئێوە یا نەسیحەتی ئێوە بکەم، بەڵام بە هەر حاڵ بە ئەرك و فەرزێکی ئەزانم لە سەر خۆم کە دەبێ بیڵێم، ئەویش ئەوەیە"ئامانەت کۆمەڵە و

خزمەتگـوزاری ئێـوە بـووە، هەر کەسـی ئێـوە بـووە، و ئیسـتایش هەر کەسـی ئێـوەیە. هیوادارم لە داهـاتوویەکی زۆر نزیکـدا هەموومـان بە ئاواتەکـانی خۆمـان بگەیـن. ئەو دەمەی کە بتـوانین بە بنەمـاڵەی شـەهیدەکان، بە بنەمـاڵەی زینـدانیانی سیاسـی، بە بنەماڵەی پێشـمەرگەکان، بە خەڵکـی کوردسـتان بەگشـتی دیـدارمان بە دیـدارتان، شـاد بێتەوە.

سڵاو و ڕێزم هەیە بۆ ئەوانەی کە شۆڕشگێڕن و دڵسۆزن و بە ئێحساس مەسـئولیەتن بۆ ژیان و داهاتووی خۆیان.

دەمهەوێت یەك شتی دیکەش بڵێم. من لە ژیانمدا تەنها یەك کوڕم هەبووە کە ناوی "فەرهاد"ە. نازانم کە تەمەنم چەندی مابێت، ئەمە بە دەس کەس نیـیە. بەس ئامـانەتی فەرهاد ئەدەم بە دەست کۆمەڵە.

دواییـن پرسیار لە کۆمەڵەدا ناخۆشترین شت چی بووە ئازاری داوی؟ بۆی گریاوی؟

"مامە عەودە لێرەدا هەناسەیەکی قوڵی هەڵکێشا و بۆ چەند خولەك بێدەنگ بـوو. چاوەکانی پڕ بوو لە فرمێسك و پاش چەند خولەك بە دەنگێکی کـپ و گـڕە وە وەڵامـی دایەوە"

"گیان بەختکردنی ڕەفیقەکان"!

## پاشکۆی بەشی یەکەم و دووهەم

لیستی گیانبەختکردووان

**سەعید خانی ناسراو بە "سەعید  قەدەم"**

لە ساڵی ١٣٢٤ لە ئاوایی "مەڕان"، لە بنەماڵەیەکی هەژار، لە دایك بووە. دژی زوڵم و زۆرداری ئاغاکان وەستاوەتەوە. ساڵی ١٣٥٩ پەیوەندی تەشکیلاتی لە گەڵ کۆمەڵە دروست دەکا و ساڵی ١٣٦١ دەبێتە پێشمەرگە. ساڵی ١٣٦٤ دەبێتە ئەندامی کۆمەڵە. لە بواری سازماندەیی ئەرك و کارەوە، ئەندامی دەستەی ڕێکخستن لە ناوچەی دیواندەرەو یەکێك لە کادرە ناسراو، خۆشەویست و جەماوەرییەکانی ئەو ناوچەیە بووە. بە داخەوە لە ڕێکەوتی ١٣٦٦/٤/٥ لە ئاوایی "دەرەهوان" لە کەمینی هێزەکانی رژێم گیانی ئازیزی بەختکرد.

**فایەق حەیدەری " فایەق کانی کەبوود"**

لە ڕێکەوتی ١٣٦٦/٧/٢١  لە ئاوایی"بس" لە ناوچەی دیواندەرە، کەوتە کەمینی هێزەکانی رژێم و گیانی بەختکرد.

**عەبدوڵڵا هۆشیاریان**

لە ساڵی ١٣٣٥ لە شاری سنە لە دایك بووە. ساڵی ١٣٥٢ پەیوەندی بە کۆمەڵەوە دەکات و یەکێك لە ڕێبەرانی سازماندەری مانگرتن و ناڕەزایەتییەکانی ساڵی ١٣٥٧ لە شاری سنە بووە. دوای هاتنە سەر کاری کۆماری ئیسلامی دەورێکی بەرچاوی لە ڕێکخستنی ناڕەزایەتیەکان لە سنەو مەریوان گێرا. یەکێك لە جەماوەریترین و خۆشەویستیرین کادرەکانی کۆمەڵە لە مەڵبەندی جنوبی کوردستان بووە. لە ماوەی کاری حیزبیدا، لە ئۆرگانەکانی وەکو کۆمیتەی ناوچەی کامیاران و سنەو دیواندەرە، کۆمیتەی مەڵبەندی جنوبی کوردستان بوو. ئاخرین مەئموریيەتی، یاریدەدەری بڵاوکراوەی پێشڕەو بوو. لە ساڵی ١٣٥٩ بووەتە ئەندامی کۆمەڵەو لە کۆنگرەکانی، دوو، سێ و پێنجی کۆمەڵە بەشدار بووە.  لە ١٣٦٧/٢/٢٥ بە هۆی بۆمبارانی فرۆکە جەنگییەکانی عێراق لە ئۆردووگای "بۆتێ " گیانی بەختکرد.

**یەدێ کانی چایی**

لە ساڵی ١٣٥٩ هاتۆتە ریزی پێشمەرگایەتی کۆمەڵەوە. سێ ساڵ پێشمەرگەی کۆمەڵە بووەو لە ڕێکەوتی ١٣٦٢/١/٢ لە ئاوایی ینگیرخ لە نزیك شاری دیواندەرە لە شەڕێکی قارەمانانەدا گیانی

**ئەیوب نەبەوی**

لە ساڵی ١٣٢٧ لە ئاوایی"زەلکە" لە دایك بووە. ساڵی ٤٧/٤٦ لە گەڵ مەسەلە سیاسییەکان و لە دانشگای تەوریز لە گەڵ هاوڕێیانی کۆمەڵە، ئاشنا بووە. لە ساڵی١٣٥٠ لە گەڵ کۆمەڵە پەیوەندی تەشکیلاتی ئەگرێ. لە کاتی شۆڕشی گەلانی ئێراندا یەکێك لە رێکخەرانی بزووتنەوە جەماوەرییەکان لە شار و دێهاتەکانی ناوچەی دیواندەرە بوو. وە هەروەها رێبەرایەتی خەباتی جوتیارانی دەکرد لە بە دەستهێنانی مافی زەویەکانیاندا. رۆڵی گێڕاوە لە گرتنی پادگانی ژاندرمەی سنە لە ساڵی ٥٧ و دروستکردنی شۆرا لە شارەکانی دیواندەرە و سنە، وە رێکخستنی هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵە لە جنوبی کوردستان. لە ساڵی ١٣٥٧ بووەتە ئەندامی کۆمەڵە و لە کۆنگرەی دوو و سێ دا بەشداری کردووە. ئاخرین مەئموریەتی، ئەندام بوون بووە، لە کۆمیتەی مەڵبەندی جنوبی کوردستان. لە ١٣٦٣/٢/٢٩ لە هێرشی کۆماری ئیسلامی بۆ داگیرکردنی ناوچە ئازاد کراوەکان لە ئاوایی"کەنۆڵان" لە سەرشیوی سەقز گیانی بەختکرد.

**سەدیق کەعبی**

لە ساڵی ١٣٣٩ لە شاری سەقز لە دایك بووە. دەورانی لاوێتی ئەو هاوکات بوو لە گەڵ شۆڕشی گەلانی ئێران، دژی رژێمی پاشایەتی. دەورانی خوێندنی تا وەرگرتنی دیپلۆم تەواو کردووە. بەشداری ناڕەزایەتی و خۆپیشاندانەکانی ناوشاری دژی رژێمی شا کردووە.

لە ساڵی ١٣٥٨ پەیوەندی بە کۆمەڵەوە دەکات و تا ساڵی ١٣٦١ دێتە نێو ریزی خەباتی ئاشکرای کۆمەڵەوە. تا هاتنی دوو جار زیندانی کراوە. بە داخەوە لە رێکەوتی ١٣٦٤/١١/٣٠ لە ئاوایی شەمسە لە بەربەرەکانی لە گەڵ هێزەکانی رژێم گیانی لە بەختکرد.

**ساڵح گۆمەیی**

لە ساڵی ١٣٤٤ لە ئاوایی "گۆمەیی" لە ناوچەی دیواندەرە لە دایك بووە. لە ساڵی ١٣٥٧ پەیوەندی بە کۆمەڵەوە کردووەو سێ ساڵ کاری نهێنی کردووە. ساڵی ١٣٦٠ بووەتە پێشمەرگە. لە رێکەوتی ١٣٦٢/١/٢ لە شەڕی ئاوایی ینگیرخ لە نزیك شاری دیواندەرە، گیانی بەختکرد.

**عەتا قەمەری**

لە رێکەوتی ١٣٦٠/٩/٦ لە ئاوایی"کاقولی" لە نزیك شاری دیواندەرە، لە کاتی پوچەڵکردنەوەی

**کەماڵ حاجی میرزایی "کەماڵ باوەرێز"**

لە رێکەوتی ١٣٦٢/٥/٢٢ لە بەرەنگاربوونەوەی لە گەڵ هێرشی هێزەکانی رژێم لە سەر شاخی "کەڵکوژ"، لە ناوچەی دیواندەرە، گیانی بەختکرد.

**مەنسوور حەسار چەرموو**

لە رێکەوتی ١٣٦٢/٥/٢٢ لە بەرەنگاربوونەوەی لە گەڵ هێرشی هێزەکانی رژێم لە سەر شاخی "کەڵکوژ"، لە ناوچەی دیواندەرە، گیانی بەختکرد.

**محەممەد محەممەدی ناسراو بە "حەمەی کەلەکان"**

لە رێکەوتی ١٣٦٢/٥/٢٢ لە بەرەنگاربوونەوەی لە گەڵ هێرشی هێزەکانی رژێم لە سەر شاخی "کەڵکوژ"، لە ناوچەی دیواندەرە، گیانی بەختکرد.

**بەهای قەرەول**

لە رێکەوتی ١٣٦٢/٥/٢٢ لە بەرەنگاربوونەوەی لە گەڵ هێرشی هێزەکانی رژێم لە سەر شاخی "کەڵکوژ"، لە ناوچەی دیواندەرە، گیانی بەختکرد.

**ئەمین مورادیان ناسراو بە "ئەمینە سوور"**

لە رێکەوتی ١٣٦٢/٥/٢٢ لە بەرەنگاربوونەوەی لەگەڵ هێرشی هێزەکانی رژێم، لە سەر شاخی "کەڵکوژ"، لە ناوچەی دیواندەرە، گیانی بەختکرد.

**مام رەحمان شەریفی**

یەکێك لە پێشمەرگە ئازاو خۆشەویستەکانی ناوچەی دیواندەرە بوو. لە رێکەوتی ١٣٥٩/٢/٩ لە کاتی بەرەنگاربوونەوەی هێزەکانی رژێم بۆ سەر ناوچەکانی کوردستان گیانی بەختکرد.

**ئەمین میرزایی  ناسراو بە "ئەمین قەرەدەرە"**

لە رێکەوتــی ١٣٦٢/٥/٢٢ لە بەرەنگــاربوونەوەی لە گەڵ هێرشــی هێزەکــانی رژێــم لە ئــاوایی "دەرەگەزان"، لە ناوچەی دیواندەرە، گیانی بەختکرد.

**موسا ساعد پەنا "موسا مارنج"**

لە ساڵی ١٣٤٦ لە ئاوایی "مارنج" لە ئاوایی ژاوەرۆی سنە، لە دایك بووە. ساڵی ١٣٥٨ پێوەندی بە کۆمەڵەوە گرتووە. دوای چوار ســاڵ کــاری نهێنــی، لە ســاڵی ١٣٦٢ دەبێــتە پێشــمەرگەو لە نــاوچەی کامیــاران و دیوانــدەرە، چــالاکی پێشــمەرگانەی بــووە. ئــاخرین بەرپرســایەتی جێگــری فەرمانــدەی دەستەیەك لە پێشمەرگەکان بــوو. بە داخەوە لە رێکەوتــی١٣٦٤/١١/١٤ لە شــەڕ لە گەڵ هێزەکــانی کۆماری ئیسلامی گیانی بەختکرد.

**رەحیم کەلەکان" رەحیم رۆستەمی"**

لە ئاوایی "کەلەکان" لە ساڵی ١٣٣٢ لە ناوچەی دیواندەرە، لە دایك بووە. ساڵی ١٣٥٧ پەیوەندی بە کــۆمەڵەوە کــرد. پــاش یەك ســاڵ کــاری نهێنــی، لە ســاڵی ١٣٥٨ هــاتە نــاو رێــزی پێشــمەرگایەتی کۆمەڵەوە، لە ١٣٦١ /٨/١١ لە ئاوایی ئیبراهیم ئاوا لە ناوچەی دیواندەرە، بە هــۆی تەقیــنەوەی مــین گیانی لە دەستدا.

**ئیبراهیم تاڵشتی**

١٣٥٩/٥/٥ لە ناو شاری دیواندەرە، لە کاتی هێرش بۆ سەر یەکێك لە بارەگاکــانی رژێــم بریــندار دەبێ و رۆژی دواتر بە هۆی سەخت بــوونی بــرینەکەیەوە، گیــانی لە دەســت دا. نــاوبراو لە یەکەم کەسەکانی شاری دیواندەرە بووە، کە بە کۆمەڵەوە پەیوەست بوو. وە لە هەمان کاتتدا لە ناو شــاردا مامۆستای وەرزش بوو.

**عەلی نیکبەخت**

١٣٦٣/٢/٣١ لە بەرەنگاری هێرشی هێزەکانی رژێم لە ناوچەی دیوانــدەرە، لە ئاوایی"خــاڵەوازە"، گیانی بەختکرد.

**فارس شەریفی**

١٣٦١/٦/١٣ لە کاتی هێرش بۆ سەر پایگای رژێم، لە ئاوایی "هەزار کانیان" گیانی بەختکرد.

**رەشید میسری "رەشید باخچەلە"**

لە رێکەوتی ١٣٦٦/٣/١ لە کاتێکدا لە ئاوایی"هەماراو" دەبـن. لە لایەن یەکێـك لە بەکرێگیـراوان راپۆرتیان لێدەدەن. دواتر گەمارۆ دران و دوای خۆراگرییەکی قارەمانانە گیانی بەختکرد.

**یەدوڵڵا ئاقایی ناسراو بە "یەدی داڵان"**

لە رێکەوتی ١٣٦٦/٣/١ لە کاتێکدا لە ئاوایی"هەماراو" دەبـن. لە لایەن یەکێـك لە بەکرێگیـراوان راپۆرتیـان لێـدەدەن. دواتـر گەمـارۆ دران. دوای ئەوەی لەو بەرەنگـاربوونەوەدا برینـدار دەبـێ، لە شوێنێك خۆی حەشار دەدا، رۆژی دواتـر شـوێنی حەشـارگاکەی دەبینـنەوەو دەسـتگیری دەکەن. بە داخەوە، هاورێ یەدێ بە بریندارى گوللە باران کرا.

**موزەفەر قەلاروتەلە**

لە رێکەوتی ١٣٦٥/٤/١٥ لە ئاوایی"شـاوڵێ"، لە نـاوچەی دیوانـدەرە، لە کـاتی شـەڕی نـاوخۆیی گیانی بەختکرد.

**سانیە بەهرامی**

لە سـاڵی ١٣٤٦ لە ئاوایی"قەڵارەیحـانە"ی نـاوچەی دیوانـدەرە، لە دایـك بـووە. لە سـاڵی ١٣٦٢ بووەتە پێشمەرگەی کۆمەڵە. مەسئولی تەداروکـاتی گـوردانی بـووە. هەروەهـا فەرمانـدەیی نیزامـی تیمێ لە پێشمەرگەکان بووە. لە ١٣٦٤/٣/٢٨ لە کاتی تێکشاندنی هێرشی هێزەکـانی رژێـم بـۆ سـەر ئاواییەکانی"مەوی" و "تازە ئاوا" لە ناوچەی دیوانەرە، گیانی بەختکرد.

**ناسکە فەتحی**

لە رێکەوتـی ١٣٦٤/١/١١ لە کـاتی شـەڕی نـاوخۆیی لە مەڵبەنـدی جنـوبی کوردسـتان، گیـانی بەختکرد.

**یەحیا لوتفی**

لە ڕێکەوتی١٣٦٧/٦/٢٧ لە جادەی بانە/ سەقز، لە بەرەنگاربوونەوە لە گەڵ هێزەکانی رژێم گیانی بەختکرد.

**خەسرەو رەشیدییان**

لە ساڵی ١٣٢٩ لە شاری سنە لە دایك بووە. لە ساڵی ١٣٥٨ هاتۆتە نێو ریزی پێشمەرگەکانی کۆمەڵەوە. بە هۆی لێزانی و ئازایەتییەوە دەبێتە یەکێك لەفەرماندەکانی کۆمەڵە، لە ناوچەی مەڵبەندی جنوب. لە شەری بیست و چوار رۆژەی سنەوە تا دوایین رۆژەکانی ژیانی سەدان عەمەلیاتی جۆراوجۆری سەرپەرەشتی کردووە. ئاخر سازماندەهی ئەندامی ستادی فەرماندەیی مەڵبەندی جنوبی کوردستان بووە. لە ساڵی ١٣٦١ بووە بە ئەندامی رەسمی کۆمەڵە. لە ١١/٢١/ ١٣٦٤ لە کاتی بەرەنگاربوونەوەی هێزەکانی رژێم بۆ سەر ناوچەی"حسێن ئاوا"ی ناوچەی دیواندەرە، بریندار دەبێ و وە لە ١٣٦٤/١٢/٣ بە هۆی سەختی برینەکەیەوە گیانی بەختکرد.

**ئەشرەف مەلەکشان**

لە ڕێکەوتی ٢١ /١١/ ١٣٦٤ لە ئاوایی "برنجاران" سەر بە ناوچەی بانە، بە هۆی خۆمپارە بارانی دێیەکە، لە لایەن رژێمەوە گیانی بەختکرد.

**قادر بەهرامی**

لە ساڵی ١٣٣٥ لە ئاوایی"قەڵاریحانە" لە ناوچەی دیواندەرە، لە دایك بووە. لە بزووتنەوەی ساڵی ١٣٥٧ بەشداری چالاکانەی هەبووە. ساڵی ١٣٥٨ بە کۆمەڵە پەیوەست بووە. دواتر بووە بە فەرماندەی واحیدی نیزامی لە کۆمەڵە. لەو ساڵەوە تا کاتی گیان بەختکردنی فەرماندەیی گوردانەکانی "کاوە و چیا"ی لە ناوچەی دیواندەرە، لە ئەستۆ بوو. لەو ماوەیەدا فەرماندەی دەیان عەمەلیاتی نیزامی لە ناو شار و لە گرتنی پایگاو لە تێك شکاندنی هێزەکانی رژێم فەرماندەیی کردووە. لە ساڵی ١٣٦١ دەبێتە ئەندامی رەسمی کۆمەڵەو ئەندامی کۆمیتەی ناوچەی دیواندەرە. لە ١٣٦٢/٩/٧ لە بەرەنگاریوونەوەی هێزەکانی رژێم. لە ئاوایی"کانی چەرموو" لە ناوچەی هەوشار گیانی بەختکرد.

**سی و یەك: حسەین پیر خزری**

لە هاوڕێیانی کۆنی کۆمەڵەیە. دوای داگیرکردنی شاری مەریوان لە ٢٨ی گەلاوێژ دەستگیر دەکرێ و لە ١٣٥٨/٦/٣ لە پادگانی مەریوان گوللە باران کرا.

ناوبراو ئەندامی کۆمەڵە و روخسارێکی ناسراوی ناوچەکانی مەریوان و دیواندەرە بووە. رۆڵی هەبووە لە ئاگادارکردنەوەو هۆشیارکردنەوەی خەڵکی زەحمەتکێش و جووتیاران. وە بە قسەکەرێکی بلیمەت و بەتوانا ناسراو بوو. لەو ناوچانە توانی کاریگەری زۆر و باش دابنێ و سەرنجیان بۆ لای کۆمەڵە رابکێشێ. یەکێك لە رێکخەرانی یەکێتی جووتیاران لە ناوچەی مەریوان و دیواندەرە بوو.

**نەورۆز گەنجی**

لە دایکبووی شاری سنەیە. دوای تەواو کردنی خوێندن لە دێهاتەکانی دەوروبەری دیواندەرە ببوو بە مامۆستا. لە ساڵەکانی پێش راپەرین لە رێگای هاوڕێ "حسێن پیرخزری"یەوە لە گەڵ کۆمەڵە ئاشنا بوو. ناوبراو وەك روخسارێکی دژە ئاغاو دەرەبەگەکان لە ناوچەکەدا ناسرابوو. هەر بۆیەش چەند جارێك ئاغاو دەرەبەگەکان هەوڵی تیرۆر و کوشتنیان دا، بەڵام لە لایەن خەڵکی ناوچەکەوە پوچەڵ کرایەوە. بەهاری ساڵی ١٣٥٨ بوو بە ئەندامی کۆمەڵەو وە لە رووداوی لەشکرکێشی ٢٨ی گەلاوێژی رژێم بۆ سەر خەڵکی کوردستان، ناوبراو بەرپرسی سیاسی و نیزامی ناوچەی هەورامان بوو. لە شەڕی ٢٤ رۆژەی شاری سنە فەرماندەی جەبهەی گردی گەڕۆڵ بوو. کە یەکێك لە جەبهە حەساسەکانی شاری سنە بوو. شەهید نەورۆز لە ١٣٥٩/٤/٢٤ لە رووداوی هێرشی پێشمەرگەکان بۆ سەر مەقەری سوپای پاسداران لە شاری رەوانسەر، گیانی بەختکرد.

**بەشی سێهەم:**

**مامە عەودە لە دیدی هاوڕێیانییەوە**

## کەسایەتیەك بە نێوی مامە عەودە

مامە عەودە یا مام عەبدوڵڵا، پیاوێکە کەم گۆشت، بە قەد و قەڵافەت مام ناوەندی، بە بێ هیچ تایبەتمەندییەکی رواڵەتی.

لە چەندێتی تەمەنی بە وردی نازانم چونکە هەڵنەکەوتووە لێی بپرسم، لەوانەیە بۆم گرنگ نەبوو بێ، بەڵام هەروا بە مەزەندە لە تەمەنی ٧٠ – ٧٥ ساڵ تێنەپەڕیووە. وەك من لێی بزانم سەرەتای ژیانی مامە عەودە لە دیواندەرەوە هەڵ بووە کە دەکەوێتە ناوچە نزیکەکانی باشوری رۆژهەڵاتی وڵات.

ئاگاداریم لە پێشووی چالاکی سیاسی مامە عەودە نییە کە لە رابردوودا چی و چۆن بووە، بەڵام دەزانم بە مەعلومی لە سەرەتاکانی ئاڵوگۆڕی رێژیمی پاشایەتی بۆ دەسەڵاتی رژیمی خومەینی و کۆماری ئیسلامی، مامە عەودە هاوزەمان دەگەڵ پشکوتنی ئەحزاب و تەشکیلاتی سیاسیی بە ئاشکرا لە رۆژهەڵاتی وڵاتدا هاتۆتە کۆڕی خەبات و تێکۆشانی سیاسییەوە و لە پێناو بە ئامانج گەیاندنی ئارەزووە لەمێژینەکانی خەڵکی کوردستان و بە سەمەر گەیاندنی عەداڵەتی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگەی خۆیدا، کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێرانی وەك حیزبی سیاسی گونجاوی خۆی، بۆ خۆی دیاری کردووە و لەوان رۆژگاران را لێبڕاوانە دێ و نەسراوەتەوە، هەروا هەڵوەدای ئازادی و رزگاری کوردستانە و باری گرانی تێکۆشانی بە کۆڵەوەیە و شان بە شانی خەڵکانی دیکەی هاوتەشکیلاتە سیاسیەکەی، بەرەو ئامانجی پیرۆز لە خەباتدایە، تەمەنی درێژ بێ و بە ئامانجی پیرۆزی شاد بێ.

سەرەتای ئاشنایەتی من دەگەڵ مامە عەودە، دەگەڕێتەوە بۆ رابردوویەکی سێزدە، چواردە ساڵە، لەو کاتانەوە را کە هاوکاری و هاوسۆزی ئێمە، منیش وێڕا، دەگەڵ کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران پەڕەیەکی زیاتری بەخۆیەوە دیوە و لە بەرهەمدا هاتووچۆیەکی زیاتر بەردەوامە و زۆرتریش ئەم شانس و هەلانە هەر وە بەر من دەبڕێ کە سەردانی بارەگای ناوەندی کۆمەڵە بکەم و تەوفیقی دیداری مامە عەودەی بەڕێزم پێ ببڕێ. من هەر لە یەکەم دیداری خۆمدا دەگەڵ مامە عەودە هەستی رێز و خۆشەویستیم بۆی بزوت، پیاوە ریش سپێك وەك دەگوترێ سیمپاتیك و رەزا سووك کە لە ناو کۆمەڵە گەنجێکی کادر و پێشمەرگەی کۆمەڵەدا کە لە هەموو لاوە بە حورمەتەوە چاوی لێ دەکرا، بۆ من سەرنج راکێش بوو. کاتێك کە بابی قسە و راوێژمان پێکەوە کراوە زیاتر بۆم دەرکەوت کە ئەم

بۆچـوونە هەروا بە هەوە نـتە نەبـۆتە لایەنـی پـرس و ڕا و جێگـای مـتمانەی گشـتی لە نـاو تێکۆشەرانی کۆمەڵەدا.

لە دەسـپێکدا لام وا نەبـوو کە مـامە عەودە خوێنـدەواری چـوونە مەکـتەب و لانـی کەم مزگەوتیشی بەدەستەوە نەبێ. ئەوەم پاشتر زانی و زانیم کە شـعوری کـۆمەڵایەتی وشـیاری و رووناکبیری، هەروەها دەسەڵاتی مامە عەودە بەسەر لێك ئاڵا کردن و لێکـدانەوەی سیاسـی و گیـرو گـرفتە کۆمەڵایەتیەکـان لە کـوردەواری دا، ئەمرێکـی تەبیعـی و سروشـتییە کە وە پـاڵ مرۆڤێـك دەنـرێ، هەر بەو چەشـنە شـە، هەسـت و شـعوور، تێگەیشـتوویی، وڵات و گەل خۆشەویستی هەموو جارێ لە پەیوەندی دانیە دەگەڵ خوێندەوار بوون بە مەعنـای کەلـیمە، مامە عەودە نموونەیەکی بەرچـاوە لەم بـوارانەدا، بـۆیە لە راسـتیدا مـامە عەودەی کەیخـودا کەسـایەتییەکی هەڵـکەوتەیە هەم لە سیاسـەت کردنـدا، هەم لە پارێزگـاری لە عەداڵەتـی کۆمەڵایەتی و تەنانەت نوخبەیەکی تەواو و کەماڵە لە پارێزگاری لە ژینگەشدا.

من بۆم دە رکەوتووە کە لایەنێکی دیکەی جوان و بەرچاوی مامە عەودە ژینگە پـارێزییە. مامە عەودە بەڕاست ئەویندارى پاك و خاوێنی و دارنانەوەیە، ئاشقی ئاو و باغ و شیناوەردە. ئەم عەلاقە و دڵسۆزییەی مامە عەودە هەر بە سوکە چاولێکردنێکی دەوروبەری مەنـزڵەکەی خۆی، کە ئەویش هەر لە بارەگای ناوەنـدی کـۆمەڵەدایە، بە گەشـی لە چـاو دەدا. جیـاواز لە هەمووی ئەمانە و گەلێکی دیکەی لەم چەشنانە. تا لە بیرم نەچۆتەوە با ئەوەندەش بڵـێم کە مـامە عەودە رەسـەنێکی تەواوی میـوان و میوانـداریيە کە لە کەو نـاراوە لە کـۆمەڵگەی کوردەواریدا لە باو و نەریتدایە، بۆیە زۆر جار دێتە پێش کە گەلە میـوانێکی بـۆ دێ و بە بـێ بەرگری لە مەنزڵ و ماڵی خۆیدا میوانداری خۆی بەرێوە دەبات. کورت و موختەسـەر ، مـامە عەودەی خـاوەن وەفـا بە خەبـات و تێکۆشـان سـەرەڕای ئەمەش کە هـیچ پـایە و پلەیەکـی رەسـمی تەشـکیلاتیی حیـزبەکەی خـۆی وەرنەگرتـووە، بەڵام هەروا جێـی رێـز و تەرەفـی مەشوەرەتی گشتییە لە کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردسـتانی ئێـران دا، لە کەم و کورتەوە تا دەگاتە زۆر و گشت.

تەمەن درێژ بێ و رێگای پڕ دەوام و پڕ رێبوار بێت.

**ئەمیر قازی**

٢٠١٧/٧/٢٦

## کورتەیەك سەبارەت بە مام عەودەی بەڕێز

مام عەودە هاوڕێیەکی دێرینە و ناسینی من سەبارەت بە کەسایەتی و تێکۆشانی ئەو دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمێك کە پێکەوە لە یەك سەنگەردا خەباتمان دەکرد. ئەوە بۆ نزیکەی ١٧ ساڵ دەچێت کە بەداخەوە لەیەکتر دابڕاوین. بەڵام سەرەڕای ئەوە هەرچی کە سەبارەت بە مام عەودە دێتەوە یادم هەر بیرەوەری شیرین و جێگای دەرس لێ وەرگرتنە. لە بیرمە کە یەکەم جار لەسەفەرێکم بۆ ناوچەکانی جنوبی کوردستان، لەسەر رێگا بە ناوچەی دیواندەرەدا تێپەڕ بووین و شەو و ڕۆژێك میوانیان بووین. ئەوەی کە بەشێوەیەکی سەرنج ڕاکێش کەوتە بەر چاوم، تێکەڵاویەکی زۆری تەشکیلاتی ئێمە لە ناوچەی دیواندەرە لەگەڵ خەڵك بوو. هەر لەو سەفەرەدا بوو کە لەگەڵ مام عەودە ئاشنا بووم. ئەوەندەی میوان بۆ لای دەهاتن و ئەوەندەی کە خەریکی وەڵامدانەوە بەکێشەی ئەم و ئەو بوو، مەجالێکمان بۆ گفتۆگۆ دەست نەکەوت. دواجار لە مەقەرەکانی ناوەندی کۆمەڵە لە مالومە بوو کە یەکترمان زۆرتر ناسی.

کەسایەتی مام عەودە سیمای کۆمەڵەمان نەك تەنیا وەکوو ڕێکخراوێکی دیاریکراو بەڵکوو وەکو بەشی پێشڕەو و وشیاری کۆمەڵگایەك پیشان دەدات، ڕێکخراوێك کە هەرگیز بەرژەوەندیەکی جیا لەبەرژەوەندی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش و چەوساوە نەبوو. مام عەودە یەکێك لەو کەسانەی ناو جەرگەی جەماوەری خەڵك بوو کە وەها بارودۆخێکیان بۆ کۆمەڵە خولقاند بوو.

مام عەودە لەناو خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێشدا بەزمانی سادە و پاراوی تایبەت بەخۆی، ڕێگای رزگاری پێ نیشان دەدان. وەکوو کەسێکی بە ئەزموون کێشە کۆمەڵایەتییەکانی چارەسەر دەکرد، ئاوی بە ئاگری نابەوەخت هەڵگیرساودا دەکرد. لەناو ریزی پێشمەرگەدا باوك و برا و دڵسۆزی هاوڕێیانی بوو، سەنگی سەبوورییان بوو، سفرەی دڵی خۆیان بۆ دەکردەوە، بە بێ ئەوەی نیگەرانی ئەوە بن هەرگیز ڕۆژێك لە ڕۆژان نهێنیەکانیان بدرکێنێت. هەمیشە ژیانێکی سادەی هەبوو کە هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ هاوڕێیانی دیکەیدا نەبوو، ئەگەر ژیانی سەخت بوو، ئەگەر مەترسی بوو، ئەگەر خۆشی بوو، ئەگەر ناخۆشی بوو بۆ

دەدا کە تۆزێك جیاوازی بۆ لەبەر چاو بگـرن، قەت نەمبیسـت و نەمـدیت کە قبـوڵی بکـات. بیرم نایەت هەرگیز کەسێك دڵی لێ ڕەنجا بێت.

لەو کاتەوە کە بەهۆی جیاوازی سیاسی لەیەکـتر دوور کەوتـوینەتەوە، ئەو حەسرەتە هەر لە سەر دڵم قورسایی دەکات کە بۆچی وا هات کە ئـێمە لە هـاوڕێیەکی ئـازیزی ئـاوا بێـبەش بین. لەم یەك دوو ساڵەی رابـردوودا هەر کـات تووشـی ڕووداوێکـی نـاخۆش بـوو بـین، مـام عەودە یەکەم کەس بووە کە سنورەکانی بەزاندووە و سەردانی کردووین.

داوای تەندروستی و تەمەن درێژی بۆ دەکەم. ئەو ئاوێنەی بـاڵانوێنی بەشـێك لەمێـژووی هاوبەشمانە.

**ئیبراهیم عەلیزادە**

٢٠١٧/٠٨/١١

**مامە عەودە، مێژووییەك لە خەبات**

هاوڕێ عەبدوڵڵا عەزیمی کە لە ریزەکانی کۆمەڵە دا بە مامە عەودە ناوی دەرکرد، یەکێك لەو کەسانەیە کە لە زۆر بواردا وەك نمونە و هێمای ڕەوشت بەرزی و خۆڕاگری دەناسرێ. ئەو نەك خۆشەویستی ناو ریزەکانی کۆمەڵەیە، بەڵکوو "عەودەی مرادخان" ناوێکی دیاری نێو خەڵکی دیواندەرە و بەشێك لە گەڕوس، سنە و مەریوانە. مامە عەودە یەکێك لەو کادر و تێکۆشەرانەی کۆمەڵەیە کە هەر لە یەکەم دیداردا دەچێتە ناو دڵ. من شانازی ئەوەم هەیە کە بڵێم سی و پێنج ساڵە هاوڕێیەتی و ناسیاویی لە نزیکەوەم لەگەڵ هاوڕێ عەبدوڵڵا هەیە و، لە نزیکەوە کاری حیزبیم لەگەڵ کردوە، لە تەنگانە و خۆشیدا دیومە، ئاگاداری هەڵسوران و کاری بووم، هەوراز و نشێوم لەگەڵ پێواوە و لە گۆڕانکارییەکانی ناو کۆمەڵە و تەنگ و چەڵەمەکاندا پێکەوە بووین. جوامێری و ڕەوشت بەرزی ئەو پیاوە تا هاتووە خۆشەویستیی ئەوی لای من زیاد کردوە. لە ژیانی ئەو تێکۆشەرە دێرینەی کۆمەڵەدا چەند قۆناغێك هەن کە لە درێژەدا ئاماژەیان پێدەدەم:

یەك: عەودەی مرادخانی یاغی: مامە عەودە هەر لە هەڕەتی لاوەتیدا دژ بە زوڵم و زۆری دەرەبەگ و زۆرداران نەك هەر وەستاوەتەوە، توانیویەتی بڕوای خەڵکیش وەدەست بێنێ و پێکەوە "نا" بڵێن بە نەزمی دزیو و زاڵمانەی عەشیرەتی و دەرەبەگایەتی. بەو جۆرەش لە ناو خەڵکی قاڵقاڵی و دیواندەرە وەك کەسایەتی جێگای بڕوا شوێنی خۆی کردەوە. ئەو کاتانە من نەمناسیوە، بەڵام کە بۆ کاری ڕێکخستن هاتووچۆی ناوچەی ساڕاڵم دەکرد لەگەڵ سۆفی عەبدوڵڵای هاڵەرە ئاشنا بووم و پێوەندی ئەوم لەگەڵ کۆمەڵە دامەزراند، بە دیتنی سۆفی عەبدوڵڵا و نفوز و کەلامی لە نێو خەڵکدا منی لاوی خوێندکاری زانکۆ ئەو جۆرە ڕابەرانەی ناو بزووتنەوەی جوتیاریی وڵاتەکەم باشتر ناسی و لە دەوریان تێگەیشتم، دواتر کە سۆفی عەبدوڵڵا گیرا و بەو پەڕی ورە بەرزیی و خۆڕاگری ڕاوەستا و کۆماری سێدارەی ئیسلامی ئیعدامی کرد، بە دیتنی مامە عەودە و وێکچوونەکانیان لەگەڵ سۆفی عەبدوڵڵا، زۆرتر هەستم بە نزیکی لێی کرد( تا ئێستاش هەڵسوکەوتی سۆفی عەبدوڵڵای هاڵەرەی ژوروو بیرەوەری زۆر شیرنن لای من و نەمانی لە سەرەتای شۆڕشدا داغێکی گەرمە لەسەر دڵم). بە تایبەت کاتێك زانیم مامە عەودە سۆفی عەبدوڵڵا دەناسێ و وەفای بۆ دادە مەلێی هاوسەر هەیە و هەواڵی ئەو ژنە سالارەی ڕۆژە سەختەکانی کاری نهێنی دەگەیاندە منیش، ئەوەندەی دیکەم خۆشویست. روانینی خەڵکی ناوچە بۆ عەودەی مرادخان، هەمیشە ئەوی وەك رابەرێکی

چەوساوەکان دێنایە بەر چاوی من و ئەو یاغیگەریەی بەرانبەر زوڵم و ناحەقی لە لام شیرین بوو.

دوو: مامە عەودەی ڕێکخستن: دوای هێرشی نیزامیی رژیم بۆ کوردستان و هەڵگیرسانی بەرەنگاریی چەکدارانە، عەودەی مراد خان، یاغییە جوامێرەکەی قاڵقاڵی وردە وردە بوو بە مامە عەودەکەی کۆمەڵە. ئەو کاتانەش ماندوویی نەناسانە کاری ڕێکخستنی دەکرد، دێ بە دێ و ناوچە بە ناوچە دەگەڕا و تۆوی خەبات، وشیاری و بەرخۆدانی بڵاو دەکردەوە، یارمەتی بۆ پێشمەرگە و شۆڕش کۆ دەکردەوە، شوێنی حەوانەوەی هێزی دیاری دەکرد، زانیاریی لەسەر دوژمن کۆ دەکردەوە و خەباتی سیاسی و چەکداری لێك گرێ دەدا. من ئەو کات کە بەرپرس بووم لە مەڵبەندی جنوب"ئەردەڵان" دەوری ئازایانە و کاری وەستایانەی ناو خەڵکم لە مامە عەودە دیوە و زۆرێك پێشمەرگە و کادر لێی فێر دەبوون. بیستنی ڕا و نەزەری لەسەر روداوەکان هەمیشە بەلامەوە بە نرخ بوو.

هەر ئەو سەردەمانە کە وڵات زۆرتر لە باری نیزامیەوە داگیر کرا، مامە عەودە لەگەڵ درێژەدان بە کاری ڕێکخستن زۆرتر لەگەڵ هێزی پێشمەرگە دەگەڕا و دەوری بەرچاوی هەبوو کە لە مەنتەقە داگیرکراوەکانی وا کەوتبوونە ژێر دەسەڵاتی دوژمن، چالاکیی پێشمەرگانە بەڕێوە بچێ. ئەو سەرەڕای تەمەنی پێ بە پێی لاوەکان لەگەڵیان بوو، وەرەی پێدەبەخشین و دەرسی خۆشەویستیی خەڵکی فێر دەکردن و هاوکات خۆشەویستیی خۆی لە نێو ریزەکانی کۆمەڵەدا زیاد و زیادتری کرد.

سێ: مامە عەودەی دڵسۆزی بنەماڵەی پێشمەرگە: یەکێك لە کارەکانی مامە عەودە پێوەندی راگرتن بوو لەگەڵ بنەماڵەی گیانبەختکردووان و پێشمەرگەکانی کۆمەڵە، دەورەیەکیش بەرپرسی ئەو بەشەی کۆمەڵە بوو. لەو بوارەشدا زۆر بە دڵسۆزی و پەرۆشەوە سەرپەرەستی ئەو ئەرکەی دەکرد. بۆیەش بوو بە پردی پێوەندی چڕوپڕی ئەو ئازیزانە لەگەڵ کۆمەڵە و بوو بە کەسی باوەڕپێکراو و جێگای متمانەیان. ئاگادارم کە زۆر جار بە حەق لەسەر ئەوان لێمان دەبوو بە ئوپۆزیسیۆن و لای لێ دەگرتین، بە زۆری لە ڕێگای مامە عەودەوە گلەیی و داواکاریی ئەوانمان پێدەگەیشت. ئێستاش مامە عەودە کەسی خۆشەویستی ئەوانە و پێوەندیی باشی لەگەڵیان هەیە. لەو کارەشی دا قازانجی زۆری بەو پێوەندیانە گەیاند و سەری کۆمەڵەی بەرز کردەوە.

چوار:مامە عەودەی ڕابەر و بە مشور: کۆمەڵە تووشی چەندین کەند و کۆسپ و لێکدابران هات. هاوڕێ عەبدوڵڵای عەزیمی لە هەموو ئەو کەند و گرفتانەدا دیفاعی لە

خۆی دەربڕیوە، چ لە کێشە ناوخۆییەکانی ناوچە و مەنتەقە و چ لە کێشە گەورە سیاسیەکانی نێـو حیـزبەکە، ئینسـانێکی تیـژ و وردبـین بـوو کە ئەگەر بەرپرسـی سـەرەوەش نەبـووبێ، بەرپرسەکان هەر لە ناوچەوە تا کومیتەی ناوەندیی نەزەر و تێبینی و قسەی ئەویان بە هەند وەرگرتوە، ئاسـان نەبـوو گـوێ لە قسـە و هەڵوێسـتی دڵسـۆزانەی رانەگـری. ئەو یەکێـك لەو کەسـانەیە کە زۆر بە تونـدی بەرەنگـاری ڕەوتـی چەواشـەی بە نـاو "کۆمـۆنیزمی کرێکـاری" بـویەوە و زیانەکـانی ئەو ڕەوتەی بـۆ کـۆمەڵە و بـزوتنەوەی چەپ و بزاوتـی رزگـاریخوزای کوردستان باش ناسی. لە وەختی ڕەوەکەی ئەم ڕەوتە چەواشەیە، کاتێك دیتی لەسەر کەلاوەی وێرانکاریەکانی ئەوان ئیرادەی هەستانەوە و مانەوە لە نێو کۆمەڵەدا ماوە و زیندوە، سەرەڕای تەمەنی، لە تورکیاوە گەڕایەوە کوردستان و بۆ بووژانەوەی کـۆمەڵە وەگەڕ کەوتەوە و دەوری باش و بە دەربەستانەی گێڕا. بەڵـێ، عەودەی مـراد خـانی یـاغی و کەم سـەوادی قاڵقـاڵی لە پرۆسەیەکی دوور و درێژی کار و تێکۆشان وەك ئەندامی ناوەندیی کـۆمەڵە جێـی گـرت. ئەو کاتانەش کە لە رێبەرایەتی کۆمەڵەدا دیتومە، خاوەن قسە و هەڵوێستی خـۆی، بە دەربەسـت بـۆ یەکریـزی کـۆمەڵە، ڕاسـتگۆ و بە دایـم پێـداگر لەسـەر لایەنـی بـوون لەگەڵ خەڵـك و نزیکبوونەوە لێیان چرای رێنوێنی بووە. موخالفیشت بوایە نەی دەڕوشاندی، پێوەندیی خـۆی نەدەپچڕاند و سەرەنجام بۆ لێك تێگەیشتن لەگەڵ نەیارانیشی حەولی داوە. بێگومـان هـاوڕێ عەبـدوڵڵا وەك هەموومـان و بە پـتر لە چـل سـاڵ خەبـاتی سیاسـی، بـێ هەڵە و پەڵە و بـێ کەموکوڕی نەبووە، بەڵام هەموو ئەوانە لە ژیانی سیاسی ئەودا کـورت مـاوە و کـاتی بـووە و جەوهەری کار و چالاکیی ئەو پشتێنەیەکی مێژوویی دیارە کە ئەو پێناسانە تێیـدا پـڕ ڕەنگـن. ئێستاش کە هێزی چاوی کەم بووە و بە گۆچـان دەڕوات، کـۆڵە بـارەکەی مـام ڕەحـمان، کـاك سەعیدی قەدەم، خەسرەوی ڕەشیدیان، قادری بەهرامی و عەبدوڵڵای هۆشیاریانی لە خەباتدا لە کۆڵ دانەگرتووە و لێی ماندوو نەبوە و نابێ. هێشتا فـرێش و تـازەیە بـۆ بیـر کـردنەوە لە ڕێگا چارەی وەلانانی کۆسپەکانی ئێستای سەر ڕێگای کۆمەڵەمان. هیوام ئەوەیە تەمەن درێـژ بێ.

**عومەر ئێلخانیزادە**

١٧ی ئاگوستی ٢٠١٧

## ڕێز گرتن لە مرۆڤێك كە شایانی ڕێزە !

كارتی  پێناسی كەسێك بە ناوی "عەبدوڵڵا عەزیمی" ڕەنگە ئەگەر لە ناو كۆمەڵێك كارتی پێناسی تر بۆ هەر مەبەستێك بێتە بەر دەستی كارمەندی ئیدارەیەك لە كوردستان، سەرنجێكی تایبەت ڕانەكێشێ و وەك هەر ناوێكی ئاسایی چاوی لێ بكرێ. بەڵام وشەی "مام عەودە" لەو ناوانەیە كە بە بیستنی لە ڕۆژهەڵاتی كوردستان، و لە ناو كۆڕ و كۆمەڵی سیاسی لە باشووری كوردستان، دەسبەجێ سەرنج و ڕێز بەرەو خۆی ڕائەكێشی."مام عەودە" ئەو وشەیە كە ساڵیانێكی زۆرە جێگای"عەبدوڵڵا عەزیمی" گرتۆتەوە و بۆتە ناسناو و ڕەمز و پێناسەی كەسایەتیەكی شۆڕشگێڕ و خۆشەویستی ڕۆژهەڵاتی كوردستان. لێرەدا ئیتر نە وشەی "مام" بەو شێوەی لە زمانی كوردی دا باوە هەڵگر و نیشانەی پلەیەكە لە تەمەنی مرۆڤ و نە "عەودە" بەیانی گۆڕدراوی وشەی "عەبدوڵڵا" یە لە زاراوی كوردی دیواندەرەیی دا. "مام عەودە" لە سەر یەك بۆتە یەك وشەو یەك ناسناو بۆ ناساندنی یەك كەسایەتی.

پێش چەند ساڵێك قەرار بوو مام عەودە ئاوڕێك لە رابردوو و ژیانی خۆی بداتەوە و سەرگوزەشتەی خۆی بگێڕێتەوە و هاوكات ئەم بەسەرهاتە كە لە زمانی خۆیەوە باس دەكرێ بە هیممەتی هاوڕێ حەمید بەهرامی بەكامێرا تۆمار بكرێ. ئەم كارە ئەنجام درا و ئێستا هەر هەمان ئەرك كەوتۆتە سەرشانی كاك حەمید تا ئەمجارەیان بە شێوەی كتێب بچێتە ژێر چاپ. ئەمە هەنگاوێكی كەمە بۆ پێزانین و ڕێز لێنان لە كەسێك كە هەموو ژیانی خۆی لە پێناو شۆڕش و بەختەوەری گەلەكەی دا تەرخان كرد. "مام عەودە" خۆشبەختانە لە ژیاندایەو دەرچوونی ئەم كتێبەش بە سەرینی خۆی، بێگومان هێمایەكە لە ئەمەكداری و ڕێز لێنان لە خەباتی دوور ودرێژو لە مێژینەی "مام عەودە". ئەم ڕەوتە ماوەیەكە دەستی پێكردوە كەوا ڕێز دەگیرێ لە تێكۆشان و چالاكی كەسایەتیەكانی كورد لە كاتێكدا بۆ خۆیان لە ژیاندا ماون و بە چاوی خۆیان دەبینن كە نەسڵی تازە بە شانازی و سەربەرزییەوە دەڕوانێتە خەبات و تێكۆشانی نەسڵی پێش خۆی. جێی خۆیەتی ئەم ڕەوتە بەرز بنرخێندرێ و پەرەی پێبدرێ.

ژیان و بەسەرهاتی "مام عەودە" وەك دیتنی شانۆیەكە لە تاریخی كورد كە بەردەوام دووپات دەبێتەوە: ژیانی پڕ لە زوڵم و بێداد لە لایەك ، خەبات و سەر دانەنواندن و بەرەنگار بوونەوی زوڵم لە لایەكی ترەوە. دەورانی مێرمنداڵی و گەنجی "مام عەودە" داستانی

هەمیشە پاڵپشتی حکومەتی مەرکەزیان بە ژاندارمە و زیندان و ئەشکەنجە بۆ دەستەبەر کرابوو. دەڵێی رۆمانی " ئینجە مەمەد(حەمەدۆك) ی یاشار کەماڵ دەخوێنیەوە! ئەم داستانە درێژ دەبێتەوە تا خۆی دەگەینێتە ڕاپەڕینی ١٣٥٧ ی گەلانی ئێران. لێرەدایە کە "مام عەودە" کە حەز و ئارەزووە دێرینەکانی خۆی لە ئاواتە بەرز و ئینسانیەکانی کۆمەڵەدا بەدیدەکات چەکی پێشمەرگایەتی کۆمەڵە دەکاتە شان و زۆر زیاتر و بەرفراوانتر دەبێتە روخسارێکی خۆشەویست و ناسراوی ناوچەی دیواندەرە و کادرێکی لێهاتوو کارامەی کۆمەڵە کە بە وردی و بە قووڵی شارەزای ژیان و داب و نەریتی کۆمەڵگاکەی خۆیەتی و هەر بەم بۆنەوە دەبێتە کادرێکی ئیمکان ساز بۆ هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵە و دادوەرێکی باوەڕ پێکراو و جێی متمانە بۆ حەلی کێشە و گرفتەکانی نێو ژیانی کۆمەڵانی خەڵك. "مام عەودە" کە متمانەی زۆرینەی ئەندامانی کۆمەڵەی لە پشت بووە، لە چەندین کۆنگرەدا و بۆ چەند دەورە وەك ئەندامی کومیتەی ناوەندی هەڵدەبژێردرێ و تا ئەو کاتەی بۆ خۆی واز دێنێ هەر لەم پۆستەدا دەمێنێتەوە."مام عەودە" نەخوێندەوارە و لە کۆمەڵە و لە کاتی پێشمەرگایەتی دا رەنگە فێری 'ئەلف' و 'بێ ' بوو بێت. هیچ بڕیارنامەیەکی حیزبی بە قەڵەمی خۆی نەنوسیووە و هیچ گوتارێکی لە هیچ کۆڕ و کۆمەڵێك دا لە رووی کاغەزەوە نەخوێندۆتەوە، بەڵام ئەو هاوڕێ و هەڤاڵانەی لە نزیکەوە لە گەڵ "مام عەودە" ئاشنایەتیان هەیە دەزانن و بێگومان لە گەڵ من هاودەنگ دەبن ئەگەر بڵێم بیر و بۆچوون و ڕاوێژەکانی" مام عەودە" بە تایبەت لە سەر کێشە کۆمەڵایەتیەکان و ئەو ئاستەنگانەی دەهاتنە سەر ڕێگای کۆمەڵە هەمیشە بایەخ و گرنگی تایبەتی هەبووە لە ناو کومیتەی ناوەندی کۆمەڵەو لە جەلەسات و کۆبوونەوە حیزبیەکاندا.

لەوانە هەمووی گرینگتر، بە بڕوای من، ئیشارە بەم ڕاستیەو بەرجەستە کردنەوەی ئەم ڕەوشت و ئاکارە لە کەسایەتی" مام عەودە"یە کە لە ژیانی سیاسی و لە کێشە حیزبیەکانیش دا هەرگیز لانی ناهەقی نەگرت، بە لێکدانەوەی حیسابی سوود و زیانی شەخسی خۆی بڕیاری سیاسی نەدا، دەنگی خۆی و بۆچوونی خۆی نەکردە مایەی مامەڵە.

لە ئاخردا هەر ئەوەندە دەبێ بڵێم "مام عەودە" هەر خۆش بی بۆمان و نموونەت زۆر بێ.

**محەممەد شافعی**

٢٠١٧/٧/٣١

**مامە عەودە و هەڵویستەکانی وەك خۆی**

سەرەتا پێویستە دەستخۆشی لە هاوڕێی خۆشەویستم کاك حەمید بەهرامی بکەم، وەك هاوڕێیەکی وەفادار لە هەوڵی ئەوەدایە تا بەشێکی کەمیش بووە لە رەنج و خەبات و زەحمەتەکانی مامە عەودە بخاتە پێش چاو. رەنگە ئەمە بۆ خۆی باشترین رێزگرتنیش بێ لە خەباتکارێکی زەحمەتکێش کە تەمەنی خۆی بێ پاداش لە پێناو گەل و هاوچینەکانی بەڕێکردووە.

سوپاسی دەکەم کە منیشی وەك یەکێك لە هاوڕێ نزیکەکانی مامە عەودە هەڵبژاردووە تا بە کورتی شتێکی لە بارەوە بنووسم. من زیاتر لە ٢٥ ساڵە لە نزیکەوە هاوڕێی عەبدوڵڵای عەزیمی ناسراو بە "مامە عەودە" دەناسم سەرەڕای جیاوازی تەمەنمان بەڵام هاوڕێیەکی نزیك و رۆژانە پێکەوە بووین. دوور لە هەر پیاهەڵدانێك پیاوێکی قسە خۆش و خۆڕاگر، رووخۆش، ماڵی هەمیشە پڕ لە میوان، دەست و دڵکراوە سەبارەت بە ماڵی دونیایە. تا بڵێ بە ئەزموونیشە لە ژیانی شەخسی و سیاسی دا.

بە داخەوە مامە عەودەش وەك سەدان هەزار کەسی هاوتەمەنی خۆی لە نیعمەتی خوێندن و خویندەواری بێبەش بووە، بەڵام ئەوە هیچی لە توانای و هەست بە کێشە و بێ مافیەکانی ژیان لە کۆمەڵگا ، ناسینی زوڵم و خەبات کردن بۆ ئازادی و رزگاری لە دەرك و وەستانەوەی ئەوی کەم نەکردووە. هەر بۆیە بە گەنجی و سەرەتای لاوێتیەوە بە دژی خان و مالکی ناوچەکەیان دەکەوێتە ململانێ و وەستانەوە. شەڕیان لە گەڵ دەکا، دەچێتە زیندان و کۆڵ نادا، ئازاد دەبێ و دەست پێدەکاتەوە. سەروبەندی شۆڕشی گەلانی ئێران وەك خۆی دەڵێ ئەویش "بڕنەوێکی" درێژ دەکڕێ و هیوایەکی دیکە بۆ رزگاری یەکجاری لە دڵیدا سەری هەڵدا.

مامە وەك زەحمەتکێشێکی وشیار لە سەروبەندی ئاشکرا بوونی هەڵسووڕانی کۆمەڵەدا لە گەڵ کۆمەڵە ئاشنا دەبێ و ئەو رێبازە هەڵدەبژێرێ و ئارەزووەکانی خۆی لەم حیزبە گەنج و چەپ و بزێوەدا دەبینێتەوە. چەکی پێشمەرگایەتی لە شان دەکا، شار بەشار و دێ بە دێ وەك هاوەڵانی دەکەوێتە مەیدانی خەباتێکی سەخت و دژوار. ٣٨ ساڵ خەباتی ئاشکرا و بێوچان و هەڵکشانی تەمەن هێشتا هەست بە ماندوویەتی ناکا لە رووی بیروباوەڕ و رۆحیەی خەباتکارانەوە.

لەم ماوە دوور و درێژەشدا شانازییەکی دیکەی ژیانی مامە ئەوەیە وەك زۆر کەس لە

تا وەك ئەوانیتر لانیکەم ببێتە خاوەن خانوویەك، پاسپۆرتێك و یا خانەنشینێك کە داهاتووی ژیانی زەمانت بکا، بۆیە تا ئێستاش بێجگە لە شانازی کردن بەو خەباتە سەخت و درێژ ماوە نەبێ خاوەنی هیچ سەروەت سامانێك نییە.

جیا لەوانەی باسم کرد، من هەوڵدەدەم بە کورتی چەند وێستگەی گرینگی ژیانی سیاسی مامە عەودە زۆر بە کورتی باس بکەم. مامە عەودە لە کێشمەکێشە سیاسی و تەشکیلاتیەکانی ناوخۆی کۆمەڵەدا وەك کادرێکی ژیرو سیاسی هەڵوێستی گونجاو و دروستی گرتووە. من بە پێویستی دەزانم ئاماژە بە چەند رووداو بکەم کە لە روانگەی منەوە لە مێژووی سیاسیی کەسەکاندا گرینگە بۆ هەڵسەنگاندن. لە کاتی سەرهەڵدانی بەحسە چەوتەکانی "مەنسوری بێ حیکمەت"لە ژێر ناوی"کۆمۆنیزمی کرێکاری" زۆربەی هەرە زۆری رێبەری و کادرو پێشمەرگەکانی کۆمەڵە لە گەڵی کەوتن، بەڵام مامە عەودە و کاك بەهمەن و ژمارەیەکی کەم لە تێکۆشەرانی کۆمەڵە لەم دەورانەدا بوون بە خاوەن مێژوویەکی پرشنگدارو لە گەڵ ئەو رەوتەی پەرەپێدەری ئاشبەتاڵ نەکەوتن و تەنانەت وەستانەوەو باجی وەستانەوەکەشیان ئەو سەردەم دا. ئاشبەتاڵەکەی کۆمۆنیزمی کرێکاری و مێژووە رەشەکەیان لێشاوی ناردن و رۆیشتنی رێبەری و کادەرکانی کۆمەڵە بۆ ئەوروپا، مامە عەودەش یەکێك لەوانە بوو لەو هەل ومەرجە خوڵقاوەدا بەناچاری و لە سەر قسەی یەکێك لە هاوڕێیانی رێبەری ئەو کاتی کۆمەڵە رووی لە وڵاتی تورکیە کرد. بەڵام کە "ئاشبەتاڵ"چیەکان، سوید و دانمارك و ئاڵمان و ..... بوو بە نیوەی رێگایان و بارەگا و بنکەکانی کۆمەڵەیان بە چۆڵی هێشتەوەو بارودۆخەکە گۆڕا. جێگای ئاماژەیە ژمارەیەکی کەم کادر و پێشمەرگە و کەسانێك لە رێبەری کۆمەڵە لێرە مابوونەوە. مامە عەودە کە لە وڵاتی تورکیە دەبێ و قەبوولی وڵاتی سویدی دەبێ، بە بیستنی چۆڵ بوونی ئۆردوگاکان و خراپی بارودۆخی کۆمەڵە جارێکیتر هەڵوێستێکی ئازایانە دەگرێ و دەست لە رۆیشتن بۆ ئەوروپا هەڵدەگرێ و لە گەڵ هاوڕێ بەهمەن عەلی یار و عەلی فەرزان دەگەڕێنەوە مەقەڕەکانی کۆمەڵە. بۆ جارێکیتر پاراستن و هەستانەوەی کۆمەڵە. بەڵێ، لەو دەورانە پڕ لە نائومێدیەی کە بەناو "رزگارکەرانی بێ ناونیشانی کرێکارانی جیهان" خوڵقاند بوویان گەڕایەوە مەقەڕەکانی کۆمەڵە و لە پێناو بوژاندنەوەی کۆمەڵە دەورو نەقشی خۆی گێڕاو ئەمە یەکێك لە لاپەڕەکانی پڕ لە شانازی هەڵویستی سیاسیی مامە عەودە ئەژمار دەکرێ.

لە روداوێکی دیکەی گرینگی سیاسی و تەشکیلاتی کۆمەڵەدا واتە لە سەروبەندی کێشە ناوخۆییەکانی کۆمەڵە و حکا کە نزیك بە دوو ساڵی پڕ لە بەحس و کێشەی تەشکیلاتی

هات، جارێکیتر لەم بڕیاردانە سیاسیە گرینگەشدا بە حەق بۆ خۆم شاهید بووم مامە عەودە پێشەنگ بوو و دەور و نەقشی شیاوی خۆی گێڕا وەك کادرێکی بە ئەزموون دروستترین رێگەی سیاسی هەڵبژارد و کاریگەریشی لە سەر دەیان کادرو پێشمەرگەی کۆمەڵە بوو. ئەو ببووە هیوای زۆر کەس لە دەورانێکی پڕ لە زوڵم و زۆری دیکەی تەشکیلاتیدا کە باڵی دەسەڵات بەدەستی هاوڕێیانی کۆمەڵە و حکا بە سەرماندا سەپاندبوویان. بۆ مێژوو دەیڵێم ئەو لە زۆر کەسی خوێندەوار و بەرپرسی سەتحی سەرەوەی کۆمەڵە کە دواتر و بە دڵەراوکێ و نیگەرانیەوە لە گەڵ ئەو خەتە سیاسیە کەوتن، زۆر لە پێش بوو.

خاڵێکی دیکەی گرینگ و هەڵویستی سیاسیی مامە عەودە لە کێشە تەشکیلاتیەکانی ساڵی ٢٠٠٧ بوو، کە ژمارەیەك لە هاوڕێیانمان لە کۆمەڵەی شۆڕشگێڕ جیابوونەوەو دواتر بە ناوی کۆمەڵەی زەحمەتکێشان حیزبێکی نوێیان راگەیاند. مامە عەودە لێرەشدا بێ دوو دڵی و لێبڕاوانەوە هەڵویستی گرت و ئەو جیابوونەوەی ئەوانی بە هەڵە زانی و لە گەڵ کۆمەڵەی شۆڕشگێڕ مایەوە. لەم دەورەیەشدا بە پێی توانای خۆی بۆ پڕ کردنەوەی بۆشاییەکان و کەم کردنەوەی ئاسەواری ئەو جیاییە کە هۆکاری سیاسی نەبوو کاری کرد و خۆی ماندوو کرد. هەرکام لەو کێشە سیاسی و تەشکیلاتیانە کە ئێمە لێرە بە کورتی باسیان دەکەین بۆ خۆی هەڵگری دەیان وتارە و نەقشی مامە عەودەش زۆرتر لەوە هەڵدەگرێ کە ئێمە لێرەدا زۆر بە کورتی ئاماژەمان پێکردووە.

بۆ مێژوو دەیڵێم ساڵانێك پێکەوە لە گەڵ مامە عەودە لە کومیتەی ناوەندیی کۆمەڵەدا بووین هەمیشە شاهیدی ئەوە بووم لە کۆبوونەوەکانی کومیتەی ناوەندی، لە کۆبوونەوە جۆراوجۆرەکانی دیکەی تەشکیلاتیدا بە سەراحەتەوە روانگەو بۆچوونەکانی خۆی بەیان کردووە، وەستاوەتەوەو هەڵویستی گرتووە ئەوەی بڕوای پێی بووە لە سەری رۆیشتووە ئەگەر بە تەنیاش ماوەتەوە، ئەمەش یەکێك لە سیفەتە باش و بە پرەنسیپەکانی مامە عەودەیە.

ژیان و ماندوو بوون، خەبات و فیداکارییەکانی ئەم پیاوە بە تەمەن و تێکۆشەرە لە کورتە نوسینێکی مندا نە جێگای دەبێتەوەو نە هەموویشی ئاگادارم. لە کۆتاییدا هیوای لەش ساغی و تەمەن درێژی بۆ مامە عەودە و هەموو تێکۆشەران و خەباتکارانی کۆمەڵە و کوردستان دەخوازم.

**ئەنوەر محەممەدی**

١ی ئاگوستی ٢٠١٧

## چۆن مامە عەودەم ناسی؟

ئەگەر بیرەوەرییەکانم درۆم لەگەڵدا نەکەن، هاوینی ساڵی ٢٠٠٦ لە دوای مەراسمێکی تایبەت لە مەکتەبی ڕێکخراوە دیمۆکراتییەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە سلێمانی و دوای تەواوبوونی ڕێوڕەسمەکە لە حەوشەی مەکتەبەکە و لەکاتی سڵاوکردن لە کاك سەلاحەددینی موهتەدی، کەسێکی پێ ناساندم، کە دواتر زانیم ناوی (مامە عەودە)یە، چونکە کاك سەلاح کاتێ ڕووی تێکردم و وتی: دەتەوێت کەسێکت پێ بناسێنم، کە بە دوژمنی بنەماڵەیتان ناسراوە؟ ئەوە مامە عەودەیە و خەڵکی دیواندەرەیە، خەڵکی ئەو سنوورەی کە عەلی خانی حەبیبی، حەمەڕەشید خانی بانەی باپیرە گەورەتی دەرمانخوارد کرد. کاك سەلاح بە زەردەخەنەیەکەوە ڕووی لە من و مامە عەودە کرد. مامە عەودە بە دەنگە گڕ و هێواشەکەی ڕووی لە کاك سەلاح کرد و و وتی: جا کاك سەلاح ئەوە تەعارفە؟ تۆ دەماندەی بە شەڕ، یان بە یەکدیمان دەناسێنی؟ کاك سەلاحیش لە وەڵامدا وتی: جا قەیدی چییە، بە یەکدیتان دەناسێنم و خوێنیش بەش دەکەین. کاك کەیوانیش خۆی و شیری خۆی (بە زەردەخەنەیەکەوە)، تۆڵە دەکاتەوە یان نا، ئێمەش یان لە گۆشتەکەی دەخۆین یان لە گۆشتاوەکەی. ئەو ڕۆژە بۆ من مێژوویەکی تایبەت و لەبیرنەکراو بوو، چونکە دوای چاپکردن و بڵاوبوونەوەی کتێبی (حەمەڕەشیدخانی بانە) تۆمارکردنی ئەو ڕووداوە مێژوویەی دەرمانخواردکردنی حەمەڕەشیدخان لەلایەن عەلی خانی حەبیبی لە گوندی تیلەکۆی سەر بە شارستانی دیواندەرە و دواتر کوشتنی عەلی خان لەلایەن کەسێکی نزیك بە حەمەڕەشید خانی بانە لە شاری سەقز، جارێکیتر و دوای نزیکەی ٦١بە ٦٢ ساڵ بیرەوەرییەکی تاڵی ڕۆژانێکی سەختی خەبات و ململانێی ناوخۆیی کوردم ژیاندەوە، کە نە حەزم دەکرد ڕووبدات نە من و نە هاوتەمەنەکانی دوای ئەو مێژووە لە هەردوولا تێدا بەشدار بووین. تۆماری ئەو ڕووداوە و چەندین ڕووداوی دڵتەزێن و ناخۆشیتر، وەك سەراپای ڕووداوە تاڵ و ناخۆشەکانی مێژووی نەتەوایەتیمان، کارێکی کردبوو، کە لەم سەردەمە جیهانگیری و بەناو ئازادی ودیمۆکراسییەدا هەمیشە لە بیر و ئەندێشەی هەر تاکێکدا زیندوو و هەستیار بن، هەر بۆیە ناحەقی کاك سەلاحیش نەبوو لە شێوەیەکی سوعبەت و پێکەنیناویدا بەهۆی مامە عەودەوە ئاوێك بە ئاگردا بکات. ئەوە سەرەتای ناسینی من بوو بەو کەسەی دواتر بۆم دەرکەوت، چەندە هێمن و لەسەرخۆ و پاك و بەئەدەب و تێکۆشەرە. دیارە کاك سەلاحی موهتەدیش هەروەك پێشینەی خۆی ویستی وەك کەسێك نزیك لە بەندە و خانەوادەکەم و هاوڕێیەکی

کەسایەتییەدا دروست بکات. لێرەوە ناسینی من بە مامە عەودە دەستی پێکرد. خاڵێکی گرنگیتر ئەوە بوو، خۆ مامە عەودە لە کوڕ و نەوە و بنەماڵەی عەلی خانی حەبیبی نەبوو، تەنیا ئەوەندە نەبێ، کە خەڵکی دەڤەری دیواندەرە و خۆرهەڵاتی کوردستان بوو. ئەمە بە پێچەوانەی عەلی خانەوە نەچوو بووە بەرەی دەوڵەتی و بۆ یەك ساتیش خزمەتی بە بنەماڵەی پەهلەوی و دەوڵەتی ئێران نەکردبوو. تەنانەت کاتی ناسینم ئەو ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران بوو. لێرەوە ناسینی من و مامە عەودە دەستی پێکرد. لە ماوەی چەندین ساڵ ناسینیشیدا لەو شوێن و بۆنانەی یەکترمان تێدا بینی، کەسێکی هێمن و لەسەرخۆ و پاك بوو، ئەگەرچی جیاوازی تەمەنمان زۆر بوو، بەڵام هەرگیز ڕۆژێك هەستم نەکرد لەگەڵ کەسێکی لە خۆم گەورەتر قسە دەکەم، بەڵکو تا حەز کەیت سادە و پاك بوو. من مامە عەودەم وا ناسی و یەکێکیش بوو لەوانەی شانازیم بە ناسینییەوە کرد.

هەروەها نابێ ئەوەش لەیاد بکەین، کە ڕاستە ڕۆژگار و مێژووییەك بەهۆی جیاوازی سیاسی و بیرکردنەوەی سیاسی و عەشیرەتییەوە، ناکۆکی کەوتە نێوان حەمەڕەشید خانی باپیرە گەورەم و گەورەی بنەماڵەکەمان و عەلی خانی حەبیبی و دواتر هەردووکیان چوونە شوێنی حەقی خۆیان، بەڵام ئەوە بەو مانایە نەبوو کە دوو بنەماڵەی خانی بانە و خانی تیلەکۆ و دوو شار و شارستانی بانە و دیواندەرە ببنە نەیاری یەك و درێژە بەو ناکۆکییە بدەن، بەڵکو بەو مانایە بوو هەردوولا و نەوەی هەردوو بنەماڵە سوود و پەند لە ئەزموونەکانی مێژوو وەربگرن و کۆتایی بە ململانێی و ناکۆکی ناوخۆ بهێنن و بەیەك دەست و یەك بیر و یەك کردار بۆ ڕزگاری نیشتمانی کوردستان تێبکۆشن، چونکە ژێردەستەیی و پەرتەوازەیی کورد لە ناکۆکی ناوخۆیی و قوڵکردنەوەی ئەو ناکۆکیانەدا بووە. دیارە ئەوەش جیاواز لەوەی کە بەندە و جەنابی مامە عەودە دوور بووین لە هەر چەشنە ناکۆکی و کێشەی بنەماڵەیی و شەخسی و شتی تر. تەمەنێکی درێژ و لەشێکی ساغ بۆ مامە عەودەی تێکۆشەر و نەحەساوە لە ژیان و ئازادی.

**د. کەیوان ئازاد ئەنوەر**

مامۆستای بەشی مێژوو

لە زانکۆی سلێمانی

**من و مامه عەوده**

ساڵەکانی ١٣٥٦ و ١٣٥٧ دەسپێکی ناڕەزایەتی خەڵك و خوێندکاران لە ئێران و کوردستان بوو. لەو ساڵانەدا مامۆستایانی شۆڕشگێڕ و ئازادیخواز لە کوردستاندا، بۆ هاودەنگی خەڵکی دێهاتەکان و پشتیوانی ئەوان لە شۆڕشی گەلانی ئێران چوونە دێهاتەکانەوە. من و دوو هاوڕێی ترم بۆم مەبەستە رووومان لە دێهاتەکان کرد. لە مەنتەقەی قاڵقاڵی، لە ناوچەی دیواندەرە، لە یەکێك لە دێهاتەکان، سەرگەرمی کۆبوونەوە لە گەڵ گەنجانی ئەو دێهاتە بووین. لەو کاتەدا هەواڵێك هات لە نێوان دوو بنەماڵە لە سەر زەوی و زار کێشە دروست بووەو لە بەرامبەر یەکدا بە ئامادەیی وەستاون، وە هەر کات ئەگەری رووودانی کارەسات هەیە. بەو بۆنەیەوە داوایان لێکردین لەم بوارەدا دەخاڵەت بکەین. ئێمەش خێرا دەست بەکار بووین و بارودۆخەکەمان ئارام کردەوەو بەڵێنی بەدواداچوون و چارەسەری کێشەکەمان پێیاندا.

بۆ ئەم کارە لە گەڵ بەشێك لە خەڵکی ناوچەکە قسەمان کرد و رامان وەرگرتن، کە یەکێك لەوان کاك عەبدوڵڵا عەزیمی ناسراو بە عەودەی مرادخان بوو. دانیشتبووین، کاك عەودە، کە هاتە ژوورەوە ، بە تەواوی کەماڵی ئەدەبەوە هاتە ژوورەوەو لە بەرامبەر من دانیشت. دوای ئەحواڵپرسی، دەستی کرد بە گێڕانەوەی تەواوی کێشەکە لە سەرەتاوە تا ئەو کات. بۆمانی شی کردەوەو رێگای هاتنە دەرەوەو چارەسەرەکەشی پێمان پێشنیار کرد. کە بە بڕوای من زۆر واقیعبینانە بوو. لە راستیدا هەر واشمان کردو کێشەکەش بە باشی چارەسەر کرا.

پێم خۆشە ئەوەڵین دیداری خۆم لە گەڵ ناوبراو باس بکەم کە پیاوێکی بە هەیبەت و ئارام، بە لیباسێکەوە کە لەسەر کار گەڕابووەوەو ئارەق بە سەر تەوێڵی و دەم و چاوێکی سووتاو بە دەم خۆرەوە هاتە ژوورەوە. بە کەماڵی ئارامیەوە قسەی دەکردو من بە تەواوی گوێم بۆ شل کردبوو لە رووومەت و لە قسەکانیدا راستگۆییم دەبینی و بۆم گرنگ بوو لە گەڵیدا لە پەیوەندییدا بم. ئەم دیدارە تێپەڕی، تا پاییزی ١٣٥٨ کاتێك کە پێشمەرگەکانی کۆمەڵە بە سەرکەوتوویی هاتنەوە ناوچەی دیواندەرە. وە بە ناو شار و دەوروبەر، لەو کاتەدا زانیم کە کاك عەودە لەگەڵ پێشمەرگەکان لە ریزی پێشەوە بە چەکی خۆییەوە دێتە ناو شاری دیواندەرە. زۆر خۆشحاڵ بووم جارێکیتر بینیمەوە. لە کاتێکدا کە کۆمەڵە لە شارەوانی دیواندەرەدا جێگیر ببوو، مامە عەودە دوو مەسئولییەتی لە ئەستۆ بوو. یەکەم: کۆکردنەوەی شتوومەکی خۆراکی و پێداویستی رۆژانە بۆ و هاورێیانەی لە مەقەری ناوشاردا جێگیر بوو

دیوانده‌ره‌مان به ده‌سته‌وه بوو کاره‌کانی خۆی به باشی به‌ڕێوه ده‌برد. وه له کۆتایی به‌هاری ١٣٥٩ که رژیم دیسان هێرشی کرده‌وه بۆ داگیرکردنی شاره‌کان ده‌سته‌یه‌ك بۆ گواستنه‌وه‌ی شته‌کان بۆ ده‌ره‌وه‌ی شاره‌کان ته‌رخانکرا که کاك عه‌وده یه‌کێك له‌و هاوڕێیانه بوو. که تا ته‌واوی شتومه‌که‌کانی برد بۆ ئاوایی "تازاوا" وه دوای ماوه‌یه‌ك بۆ ئاوایی "قه‌زڵ بڵاخ" وه له‌وێ له ته‌داروکاتتدا سازماندرا. سه‌ره‌ڕای ئه‌وه‌ش به‌ڕپرسی به‌دواداچوونی کاروباری خه‌ڵك بوو. کاك عه‌وده جارێك به توندی به هۆی بۆمبارانی رژیمه‌وه بریندار بوو. دواتر بردیان بۆ ئاوایی شاقه‌ڵا تا چاك ئه‌بێته‌وه‌و دواتر له به‌شی کڕین و کۆکردنه‌وه‌ی یارمه‌تی به‌رده‌وام ده‌بێت. له هێزی کاوه، وه دواتر له گوردانی کاوه و چیا، پاییزان که بۆ جه‌وله‌ی پێشمه‌رگایه‌تی ده‌چووین بۆ ناوچه‌کانی"هه‌وه‌توو" و" قه‌ره‌ته‌وره" وه جه‌وله‌ی سیاسی_نیزامی و ته‌داورکاتی بوو تا کۆتایی زستان ناوبراو به‌ڕپرسی کۆکردنه‌وه‌ی ماڵی بوو. وه له هه‌مانکاتتدا به‌ڕپرسی کێشه‌کانی خه‌ڵك بوو. وه دوای ماوه‌یه‌ك له ده‌سته‌ی سازمانده‌ی قاڵقاڵی و قه‌مه‌ری سازماندراو که کاری ئه‌م واحیده له ناوچه‌ی داگیراوه‌کاندا بوو. به جێگای ئه‌وه‌ی که واحیدی گه‌وره توانای بوونیان نه‌بوو. ئه‌م ده‌سته بچووکانه جگه له کاری رێکخستن کاری راگه‌یاندنی و ته‌داروکاتیشیان ئه‌کرد. له ته‌واوی وه‌رزه‌کان ناوبراو یه‌کێك له کادره به تواناو لێزانه‌کانی ئه‌و ده‌سته‌یه بوو. به داوی داگیرکردنی ته‌واوی ناوچه‌کانی کوردستان و پاشه‌کشه بۆ ناوچه‌کانی کوردستانی عێراق، کارو چالاکی ناوبراو گۆردرا. کاتێ که کوردستانی عێراق بوو به پشتی جه‌بهه‌مان و باره‌گاکانی کۆمه‌ڵه و حیزبی کۆمۆنیست له ده‌وروبه‌ری رانیه بوون. مامه عه‌وده، له رانیه، به‌ڕپرسی مه‌قه‌ری میوانان بوو. که رۆژانه ژماره‌یه‌کی زۆر له که‌س و کاری هاوڕێیانی پێشمه‌رگه بۆ دیدارو پشوودان ده‌هاتنه ئه‌وێ. له ته‌واوی ئه‌و ماوه‌یه به شێلگیری ته‌واو، وه به میهره‌بانی، پێشوازی له میوانه‌کان ده‌کرد. دوا به دوای ئه‌وه‌ی به هۆکاری ئه‌منیه‌تی رانیه‌مان به‌جێهێشت، کاك عه‌وده هه‌مان کاری به ئه‌ستۆ گرت و هاوکاتیش یارمه‌تی نوێنه‌رایه‌تی کۆمه‌ڵه‌ی ده‌کرد. له ته‌واوی ئه‌و ساڵانه‌دا که من هاوکار و په‌یوه‌ندیم له گه‌ڵی بووه یه‌کجار نه‌مبینیوه، که هاوڕێیه‌ك یان که‌سێ، چ له ده‌ره‌وه و چ له ناوه‌وه، بێڕێزی و سوکایه‌تیه‌کی به که‌سێ کردبێ. وه هه‌میشه به هه‌ست و سۆز و میهره‌بانیه‌وه هه‌ڵسوکه‌وتی کردووه. ئه‌مه خه‌سڵه‌تی کادر و پێشمه‌رگه‌یه‌کی حیزب بوو. خۆش به‌رخورد. سه‌بوور و میهره‌بان و به‌سۆز، له تایبه‌تمه‌ندییه باشه‌کانی ئه‌م ئازیزه بوو. له هامانکاتتدا خۆش قسه و شۆخی که‌ریش بوو. یه‌کێك له شۆخییه‌کانی لێره‌دا ده‌گێڕمه‌وه.

شه‌وێك له ناوچه‌دا، له دێیه‌کدا بووین. من و مامه عه‌وده‌و دوو که‌سیتر بووین. ئێواره چووینه ماڵی که‌سێك بۆ نانی ئێواره‌و بۆ خه‌وتن. خاوه‌ن ماڵ، زۆر به رووخۆشی به پرمانه‌وه

هات، وە فەرموو فەرموو، چووین بۆ دیوەخان. ئێوارە دوای نـانخواردن، هـاوار بەرز بـووەوە، کە دوو سەر حەیوان ساحێب ماڵ دیار نییە. هەوا تاریك بوو، ئیمکانی نەبـوو، بە تـاریکی بە دوای حەیواندا بگەڕێی بۆیە کەوتە دەمەو بەیان. خاوەن ماڵ نیگەران بوو، کا عەودە بۆ ئەوە تۆزێ لە نارەحەتی دەریان بێنێ، وتی"نیگەران مەبن، من دەم گورگتان بۆ ئەبەسـتم". لە ژێـر لێوەوە تۆزێك شتی وت و دوایی خەوتین. دەمەو بەیانی تاریك و رۆشن، هاوار بەرز بووەوە، خـوا ماڵـت بە قـوڕ بگـرێ مـامە عەودە، گـورگ هەردوو حەیـوانەکەی لەت و پەت کـردووە. ئێمەش هەموومان نارەحەت بووین. چ مامە عەودە وتی" باوکە، من دەم گورگی دیوانـدەرەم بەست، ئەوانە گورکی مەریوانن".

ئارەزووی سڵامەتی و تەندروستیم بۆ ئەم پێشمەرگە فیداکارە هەیە.

**موزەفەر پاکسرشت.**

٣ی ئاگۆستی٢٠١٧

## رێزێك له مامه عەوده

كاك حەمید بەهرامی لوتفیان هەبوو و پەیوەندی له گەڵم گرت بۆ ئەوەی كورتەیەك له سەر بیرەوەری خۆم له گەڵ مام عەوده"عەبدوڵڵای عەزیمی" بنووسم.

له راستیدا هەست به ناتەوانی دەكەم. ناتەوانی لەم بابەته كه من چۆن بتوانم به پەله و به كورتی كردەوەی مام عەودەی ئازیز له درێژایی زیاتر له ده ساڵ پێكەوه بوون، بنووسم. من له تەمەنی ١٩ ساڵی له پاییزی ساڵی ١٣٥٨ كه پێشمەرگه بۆ جاری دووهەم گەڕانەوه بۆ ناو شارەكان، مام عەودەم ناسی. ئەو دەم له مەقەڕی كۆمەڵەو چوون بۆ چەند مەئموریەت پێكەوه بووین، بەڵام به هاتنه دەرەوەی پێشمەرگه له ساڵی ١٣٥٩ بۆ ماوەی زیاتر له ١١ ساڵ چڕوپڕ پێكەوه بووین و دەیان و سەدان بیرەوەریمان له گەڵ یەك تۆمار كرد، كه به داخەوه هەموویم له بیر نەماوه، مەگەر به باسكردن له رووداوەكانی ئەو كاته، بێتەوه بیرم. هەر چەند من به هۆی كار له دوكان و پێوەندی به خەڵكەوه، به پێی تەمەنم ئەزموونی زۆرم هەبوو، بەڵام مام عەوده وەك مامۆستا و ئامۆژگاری خۆم له زۆر بواردا به تایبەت له بواری هەڵسوكەوت له گەڵ زەحمەتكێشان، دەزانم. له سەرەخۆ بوون، سەراحەت و دەربڕینی بیرو باوەڕ و ماندوویی نەناسی و خۆ نەویستن و جوربەزە و فیداكاری له بواری نیزامی و زۆر شتی دیكه، وەك سوچێك له كردەوه و كاراكتەری ئەم ئازیزە پێناسه دەكرێت.

مام عەوده بۆ من و بۆ هاوڕێیانی دیكەی كەم تەمەنتر، وەك باوك دڵسۆز و بەدەربەست بوو. له بواری كێشەی ئاغا و رەعەیت، هەر چەن كێشەی قوڵی چینایەتی له مەنتەقەی قاڵقاڵی نەبوو و مام عەوده له گەڵ هەموو خەڵكی مەنتەقه و لەوانه، بنەماڵەی ماڵی مەجید خان قاڵقاڵی دۆستایەتی هەبوو، بەڵام لەو جێگا كه كێشه چینایەتیەكان، تەشەنەی دەسەند مام عەوده لایەنگری شێلگیری چینی هەژار و چەوساوه بوو. بۆ نموونه لایەنگری خەڵكی هەژار بەرانبەر" كوێخا عەبدول محەممەد"ی كانی كەوه بوو. هەر چەن به خزمایەتی و دۆستایەتیش له گەڵ كوێخا، به یەك دەگەیشتن.

مام عەوده، له بواری هەڵسوكەوت لەگەڵ خەڵك، و هەوڵدان بۆ چارەسەر كردنی كێشەكانی نێوانیان وەك پسپۆڕێك هەڵسوكەوتی دەكرد. هەر چەند مام عەوده بژێوی ژیانی خۆی زۆر خراپ نەبوو، بەڵام هیچ كات هەستی نەكرد كه خۆی له هەژارانی دەوروبەری و یان مەنتەقەكه جیا بكاتەوه. هەر بۆیه خۆشەویستی تاكه تاكەی بنەماڵەی ئەو مەنتەقه بوو. ئێمه، گەنجەكانی ئەو دەمەی ناو ریزەكانی كۆمەڵە، به تایبەت هاوڕێیانی شاری كه ئەزموونی ژیانی لادێی و هەڵسوكەوت لەگەڵ جوتیارانیان نەبوو، له مام عەوده زۆر شت فێر بووین. له دڵسۆزی بۆ ماڵ و ژیانی زەحمەتكێشان ئەو ڕچه شكێن بوو. هەموو كات ئامۆژگاری هاوڕێیانی دەكرد. "ئەرێ برا قاتر و ئەسپی خەڵكتان هێناوه، دەبێت هۆشتان پێوه بێت و

لەکـاتی خۆیـدا، سـەهل ئەنگـاری نەکەن. نابێـت بە هەوسـارەوە ڕایگـرن و پێتـان وابێـت دووچەرخە و ماشێنە کە دوای ڕاوەستان وازی لـێ بێـنن. ماشـینش بەخێـوکردنی گەرەکە، کە جارێکی دیکە بتوانی سواری بیت.

بەخۆشیەوە بە هۆی لەش ساغیەوە سـەرەڕای ئەوەی کە لە هەموومـان بە تەمەنـتر بـوو، بەڵام هیچ کات هەستی بەماندوویی و بڕان لە هاوڕێیـانی گەنجـی خـۆی نەدەکـرد. بـاوەڕ و شـور و شـەوق ئەوی هانـدەدا، پـێ بە پێـی ئـێمە لە هەڵسـووڕاندا بێـت. وەکـو شـارەزا بە مەڵبەندی دیواندەرە، زۆر جار پێشـی هاوڕێیـان ڕێ دەکەوت و خـۆی حـازر دەکـرد بـۆ هەر چەشنە فیداکارییەك.

ئەم ئازیزە لە بواری نیزامی، پاراسـتنی هاوڕێیـانی وەپـێش پاراسـتنی خـۆی دەخسـت، لە ڕاستیدا نازانم کام بیرەوەری بخەمە بەر چاو. لێرە بە چەند بیرەوەری چاوێك دەخشێنم.

لە ساڵی ١٣٦٣ لە گەڵ ١٠ کەس لە هاوڕێیان بە دوای ئەرکی تەشکیلاتی بووین، هەواڵمان زانی کە دەستەیەك لە هاوڕێیان بە سەرپەرەشتی هاوڕێ موزەفەر پاکسرشت لە ئاوایی گوڵانە گەمارۆ دراون و دوای شەڕێکی قورس هاوڕێ مەنسور باقری گیانی بەختکردووە.

ئێمە لە ئاوایی بەردەڕەش بووین، کە گروپی بە نـاو زەربەت بە پەنامانـدا ڕۆیشـتن بەرەو ئاوای"قەڵاگە".

مام عەودە وەك ئەوەی دەبێت ئێمە ئەزموونی تاڵیان بـدەینێ دای بە سـەر ڕانـی خۆیـدا وتی"ئای ڕۆڵە ڕۆ، چـۆن لە دەسـتمان دەرچـوون" بە دوای ماشـینەکان کەوتـین و لە ئاکامـدا بەرپرسـی بە کرێگیراوانـی مەحەلـی بە نـاو "پەرویـز کاکسـەوەندی" کـوژرا و یەك پاسـداری دیکەش بە دیلی گیرا و دەست بەسەر ماشێنەکانیشیدا گیرا. هەستم کرد سـوکنایی نەدەهـات ئەگەر ئێمە زەبرێکمان لە ئەم گروپە شەروە نەدایەت.

لە جۆزەردانی ساڵی ١٣٦٤ بە مەئموریەتێکی زۆر پڕ خەتەر لە مەڵبەنـدە داگیرکراوەکـانی هەوەتوو و قەرەتەورە بەشداری کرد و من لە بیـرەوەری خـۆم سـەبارەت بە گیـانبەختکردنی هاوڕێ سانیە بەهرامی، باسی ئەم ئەرکە تەشکیلاتیەم کـردووە. هەروەهـا بیسـتوومە کە مـام عەودە ئەم مەئموریەتەی بە تێرو تەسەلی گێراوەتەوە. مەئموریەتێك کە ئەگەر مام عەودەمان لە گەڵ نەبوایەت، لەوانەیە نەمان توانیبایە بە سەرکەوتنەوە بیبەینە پێش.

تەکبیـر و ڕاوێـژ و هاوکـاری لە گەڵ مـام عەودە هاسـان بـوو. دەتـوانم بڵـێم هـیچ کـات بچووکترین گیروگرفتمان پێکەوە نەبـوو. مـام عەودە بە سـەراحەتەوە بیـروڕاو تێبینـی خـۆی باسـدەکرد، یـان ئەوەی بە بـێ ڕاڕایـی، بڕیارەکـانی بەڕێـوە دەبـرد، کە کەلێنێـك لە کـاری تەشکیلاتی نەیەتە، پێشەوە.

هەروەها لە زستانی ساڵی ١٣٦٤ کە کۆماری ئیسلامی بە تەواوی هێزەوە، گـوردانی کـاوە،

دابوو، هاوڕێیانی کادری دیواندەرە و مام عەودە دەوری زۆریان گێرا، کە بە یارمەتی خەڵك بریندارەکان بگوێزرێتەوە یان تەقەمەنی بگاتە دەستمان و زۆر شتی دیکە.

مام عەودە دڵخۆش بوو کە دەتوانێت گیروگرفتی خەڵك و هاوڕێیانی چارەسەر بکات. ئەمە وەك پرۆفایل و پێناسی ئەو بوو. هەر بۆیە لەم ساڵانەی دوایشدا هەر چەند بە هۆی جیابوونەوەی چەند رێکخراو لە کۆمەڵە هەر کەسە لە رێکخراوێك گیرسایەوە، بەڵام مام عەودە دۆستایەتی خۆی لە گەڵ هاوڕێیانی پێشوو راگرت و بەدڵ و بەگیان ئامادە بوو کە لە کاتی پێویست یارمەتیدەر بێت، بە بێ لە بەرچاو گرتنی چوارچێوەی حیزبی و رێکخراوەیی.

هەر بۆیە چەند ساڵ لەمەوپێش کاتێك بۆ سەردان هات بۆ ئەوروپا، هەواڵی هاتنی دەم بەدەم و وڵات بە وڵات دەگەڕا و دەیان و سەدان کەس خۆیان حازر کرد کە چاویان پێ بکەوێت و پێشوازی لێبکەن. بە خۆشیەوە منیش لە ماڵی کاك عەلی جام سەحەر چاوم پێکەوت. دەتوانم بڵێم هیچ سکرتێری رێکخراوێك بە ئەو ئەندازە، بۆ هاوڕێیانی ئەوروپا گرینگ نەبوو کە بە دڵ دەیان ویست مام عەودە ببینن، هەروەها بۆ مام عەودەش بەو ئەندازە گرینگ بوو کە هاوڕێیانی ببینێ.

لە راستیدا هەروەها کە لە سەرەتاوە باسمکرد بە پەلە و بە کورتی باس لە ئەم کەسایەتیە خۆشەویستە کە تایبەتیش نێوانمان خۆشبوو، کارێکی ئاسان نیە. من لە کاك حەمید بەهرامی و یان هەر کەسی دیکە کە بیهەوێت تێکۆشانی مام عەودە وەك کردەوەیی شەخسی بخاتە بەرچاو سوپاسگوزاری دەکەم. بەم دوو لاپەڕە خۆم بە قەناعەت دەگەیەنم کە بڵێم منیش لە رێزگرتنی مام عەودەدا بەشدار بووم ئەگەر نە دەیان لاپەڕەش هەر کەمەو بە هیوام شیاوی ئەو خۆشەویستەمان بێت.

تەمەن درێژی بۆ بە ئاوات دەخوازم و هەبوونی بۆ هاوڕێیانی و بۆ منیش بەتایبەت، جێگای شانازییە.

رێزدارتان

**ئیبرایم رۆستەمی**

٥ی گەلاوێژی ١٣٩٦

٢٨ی جولای ٢٠١٧

**مامە عەودەی هەمووان**

منیش وەك زۆربەی هاوڕێیانی پێشمەرگە مامە عەودەم لە سەردەمی هاتنم بۆ پێشمەرگایەتیدا ناسی. ئەو سەردەمە بوونی هاوڕێیانی لە چەشنی مامە عەودە کە بە تەمەنتر و بە ئەزمونتر لە زۆربەی هاوڕێیانی پێشمەرگە بوون بۆ ئێمە جێگای ڕێز و ئیحترام بوون. هەر بۆیە لە ناو ریزەکانی پێشمەرگەی کومەڵەدا هەموو کەس ئەوی بە مامە عەودە بانگ دەکرد و بۆ گشتمان وەك کادرێکی هەڵسووڕاو و جێگای متمانە دەناسرا. بەداخەوە لە مەودای ساڵەکانی پێشمەرگایەتیمدا (١٣٦١- ١٣٧٠) ئەو دەرفەت و ئیفتیخارە بۆ من نەڕەخسا کە لە نزیکەوە ببمە هاوکاری ئەم ئازیزە.

مامە عەودە بە شاهیدی هەموو ئەو هاوڕێیانەی کە لە نزیکەوە دەیانناسی لە سەردەمێکی زۆر هەستیاری وەك هەرەسەکەی کۆمۆنیزمی کرێکاری و مەنسووری حیکمەت هەڵوێستی دروستی گرت و پرۆژەی هاتنی بۆ ئەوروپای نیوە تەواو بە جێ هێشت و بۆ تەقویەتی کۆمەڵە گەڕایەوە بۆ کوردستان.

مامە عەودە لە ساڵی دوو هەزاردا یەکێك لەو کادرانەی ڕابەری بوو کە لە پرۆژەی بوژانەوەی کۆمەڵەدا دەور و ڕۆڵی بەرچاوی بوو. مامە عەودە ئەوسا نەك هەر کادرێکی بە ئەزموونی کۆمەڵە، بەڵکوو بە خۆشحاڵییەوە لە سەرووی کۆمەڵە و چوو بووە ئاستی ڕێبەرایەتیەوە. جێی وەبیر هێنانەوەیە کە مامە لەو کاتەدا نەك هەر ڕوخسارێکی ناسراو لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو، بەڵکوو هەر بەم ڕادەیە بگرە زیاتریش لە کوردستانی باشوور بەتایبەت لە شاری سلێمانی و دەوروو بەری ناسرا بوو.

ئەو سەردەمە من سەرلە نوێ توانیم هاتووچۆی کوردستان بکەمەوە و لە نزیکەوە و بەیەکەوە لە سەر پرسە سیاسییەکانی سەردەم و ئاسۆی دواڕۆژی کاری کۆمەڵە پێکەوە ڕاوێژ بکەین و بدوێین. ئەو کات بە هۆی ئازادی لە باشووری کوردستان، هەموو ڕۆژێ لە شارەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستانەوە، میوانی بۆ دەهات. دڵسۆزی و میوانداریەکانی مامە بێ وێنە بوون. مامە لە سەر ئەو بیرو بڕوایە بوو کە کۆمەڵە ئەبێ جارێکیتر جێگە و پێگەی خۆی لە نێو خەڵکی زەحمەتکێشی کوردستان دا بکاتەوە. مامە کە زۆرتری وەختەکەی لە سلێمانی بوو، توانیبووی کە لە دڵی خەڵکی ئەم شارەدا جێگە بکاتەوە و هەر ئەم تێکەڵاویە ئینسانیە

تێکەڵاوییە کۆمەڵایەتییە چارەسەر بکا. هەر چەند بە درێژایی هەموو ئەو ساڵانە هەمیشە رێگەی هاتنە دەرەوە بۆ مامە ئاوەڵا بووە، بەڵام ئەو کوردستانی بەجێ نەهێشت و ژیانی لە ناو ریزەکانی کۆمەڵە دا و لە ئۆردوگاکان لە باشووری کوردستان هەڵبژارد.

یەکێك لە خسووسیەتە بەرز و بەرچاوەکانی مامە عەودە ئەوەیە کە هاوڕێیانی دێرینی خۆی لە یاد نەکردووە و هەمیشە بە رێز و ئیحترامەوە ناویان دێنێ و یادیان لێ ئەکات. هەموو هاوڕێیانی دێرینی کۆمەڵە کە لەم ساڵانەدا هاتووچۆی کوردستانیان کردووە ئەتوانن بی سەلمێنن کە چۆن مامە بەدەمیانەوە چووە و لە دیداریان خۆشحاڵ بووە و چلۆن باوەشی پڕ لە خۆشەویستی خۆی و دەرگای ژوورە بچکۆلەکەی بە ڕوویاندا کردوەتەوە.

ژیان و خەباتی مامە هەتا ئێستا لێواو لێوە لە هەستی بەدەربەست بوون و هەڵوێستی مەسئولانە. من خۆم لە نزیکەوە لە کۆنگرەی سێزدەی کۆمەڵە شاهید بووم کە چۆن لە باسێك لە سەر کەمکردنەوەی ژمارەی ئەندامانی رێبەری کۆمەڵە مامە بە تەنیا وەستا و ئیستدلالی کرد کە بە کەمکردنەوەی ئەندامانی رێبەری نە تەنیا کۆمەڵە بەهێز ناکەین، بەڵکو کۆمەڵە بچووك ئەکەینەوە. ئەو پێی وابوو کە ئێمە نابێ کۆمەڵە تەنیا لە ئەمڕۆدا ببینین، بەڵکوو ئەبێ لە چاو خەڵکی زەحمەتکێشی کوردستانەوە و لە دوا رۆژێکی رووناکدا ببینین کە بە هەزاران کادرمان پێویستە. پێی وابوو ئێستا کە دەرفەتمان هەیە ئەبێ ئەو کادرانە پەروەردە بکەین. بەداخەوە نەزەرەکەی مامە دەنگی نەهێنا و دواتر لە سەر ئەم بابەتە کاك عەبدوڵڵا موهتەدی هەستا و وتی"هاوڕێیان مامە عەودە، لە هەموومان ژیرتر بوو، خۆزگە کۆنگرە گوێی لە نەزەرەکەی مامە عەودە رادەگرت، ئێمە بەم حەرەکەتە کۆمەڵەمان گەورە نەکردەوە". مامە عەودە هەر لەم کۆنگرەیەدا بە خواستی خۆی خانەنشین بوو کە ئەمە لە ناو باڵەکانی کۆمەڵەدا حەرەکەتێکی نوێ بوو. چوون هەتا ئەو کات کەس ئەم کارەی نەکرد بوو. مامە عەودە سەرەڕای ئەوە کە هەمیشە خاوەنی هەڵوێست و ڕاو بۆچوونی خۆی بووە، بەڵام هیچ کام لە جیاییەکان و جیاوازییەکان لە ناو ریزەکانی کۆمەڵەدا بۆ مامە عەودە نەبوونە کۆسپ کە لە هاوڕێیانی دووری بگریت و بەردەوام لە هەوڵی یەکگرتووی ریزەکانی کۆمەڵەدا بوو.

هەر چەند مامە عەودە لە کۆنگرەی سێزدەی کۆمەڵەوە خانەنشین بووە، بەڵام ئەمە مامە عەودەی لە کاری سیاسی و دەربڕینی ڕاو بۆچوونی خۆی لە سەر پرس و کێشە سیاسییەکانی ڕۆژ لە کوردستان دوور نەخستۆتەوە. یەکێك لە ئاواتەکانی مامە عەودە کە هەمیشە مەلەکەی فیکری بوو، یەکگرتنەوەی ریزەکانی کۆمەڵەیە. بۆ نموونە مامە یەکێك لەو کەسانە

یەکخستنەوەی کۆمەڵەی شۆڕشگێر لە گەڵ کۆمەڵەی زەحمەتکیشان و لە کۆنگرەی چواردەدا، زۆر تێکۆشا بۆ تەسویبی قەتعنامەیەك کە ئەرکی یەکخستنەوەی ریزەکانی کۆمەڵەی دەخستە ئەستۆی کومیتەی ناوەندی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی چوارده. لە بەرانبەر دەرکردنی بە کۆمەڵی بەشێك لە کادرەکانی کۆمەڵە لە ساڵی ٢٠١٥ بە توندی راوەستا و بە ئاشکرا را و بۆچوونی خۆی لەم بابەتەوە دەربڕی.

لە کۆتاییدا هیوادارم مامە هەمیشە تەندروست و لەش ساغ بێت و هەر بژیت بۆ کۆمەڵە.

**روفیا رەمەزانعەلی**

١٥ی ئاگوستی٢٠١٧

## کورتەیەك لە مێژووی ژیانی پێشمەرگەیەکی دێرین

عەبدوڵڵا مرادخان عەزیز (مامە عەودە) شۆڕەتی عەزیمی لە ساڵی ١٩٣٩ی زایینی لەگوندی گڵەسوور سەر بەدیواندەرە لە بنەماڵەیەکی جوتیار چاوی بە جیهان هەڵهێناوە. پێنج برا و خوشکێکی لە خۆی بە تەمەنتر هەبووە. بە هۆی نەبوونی خوێندنگا لە گوندەکەیان لە خوێندەواری بێبەش بووە. بەڵام دواتر خۆی فێری خوێندنەوەو نوسین کردووە. ناوبراو هەر لە سەرەتای لاوێتییەوە هەستی بە ژێر دەستەیی و چەوساندنەوەی نەتەوەکەی کردووە و کەسێکی نیشتمانپەروەر و هۆشیار و دێموکرات و ئازادیخواز بووە. بەو هۆیەوە لە بەرانبەر زوڵم و زۆر و چەوساندنەوەی ئاغاو و دەرەبەگەکانی دەڤەرەکەی خۆی بەرهەڵستی کردووە و دژیان وەستاوە و خەڵکی ناوچەکەی لێ هاندان. لە ساڵی ١٩٦٥ی زایینی هەتا راپەڕینی گەلانی ئێران و گەلی کورد ئەو هەڵوێستە جوامێرانەی بوو بە هۆی خۆشەویستی جەماوەر و بڵاوبوونەوەی ناو و ناوبانگی لەو سنورەی خۆی. تێکۆشەران و خەباتکارانی کۆمەڵەش سەرنجیان خستە سەری و پێوەندییان پێوە کردو و لە ریزەکانی خۆیاندا رێکیان خست. لە دوای ئەوەی کۆماری ئیسلامی لە بەڵێنەکانی بە مافی گەلی کورد پەشیمان بوویەوە هێرشی بۆ سەر کورد و کوردستان هێنا، مامە عەودە بە چەکی خۆیەوە پەیوەندی بە ریزەکانی پێشمەرگەی کۆمەڵەوە گرت و قۆڵی مەردانەی لێ هەڵکرد و ماندوو نەناسانە و فیداکارانە وێرای هاوڕێ پێشمەرگەکانی دیکەی زوو بە زوویی دژی هێرشی رژیم وەستاو بوێرانە بەربەرەکانی کرد، لەو مەیدانەدا دوو جار بە پارچەی خومپارە بریندار بووە، بەو دڵسۆزی و مەردایەتی و بە ئاکار و رەوشتی بەرز و پیرۆزی کوردانە و مەردانە لە لای حیزبەکەی و هاوڕێکانی و پلەی بەرپرسایەتی ساڵ بە ساڵ بەرزکراوەتەوە و متمانەی پێدراوە، کە سەرەئەنجام لە ئاخری ساڵی ٢٠١٠ی زایینی کەئەندامی سەرکردایەتی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران بوو بە داخێکی زۆرەوە بە هۆی نەخۆشی جۆراوجۆر ئەرکەکانی سەرشانی بۆ ئەنجام نەدەدرا لە بەر ئەوە لەسەر داوای خۆی شوێنەکەی بۆ هاوڕێیانی بە جێهێشت. کۆمەڵەش بۆ رێز لێنان لە خەبات و ماندوو بوونی مامە عەودە، لە رێوڕەسمێکی شایستەدا، بە پلەی خۆی خانەنشینی کرد و شوێنێکی شایستەی لە ناوەندی کۆمەڵە و لە ریزی هاوڕێکاندا بۆ دابین کرد و وەك برا گەورە رێزی لێدەگرن. جگە لەخۆی فەرهادی کوڕی و ئەیوبی کوڕەزای پێشمەرگە بوون و ئێستاش ئەندامی کۆمەڵەن. مامە عەودە لە ناو جەماوەری کورد و کوردستان و لە لای حیزبەکان خۆشەویست و رێز لێ گیراوە.

**مەلا ئەحمەد رۆژهەڵاتی**

## کا عەودەو دڵسۆزییەکانی

من بە خۆم ئیجازە نادەم لەسەر شەخسیەت و کەسایەتی کا عەودە قسە بکەم. کا عەودەش کەسێك نییە کە من بتوانم لەسەریەوە نەزەر بدەم. بە یەك ئاشنا بوون و ناسینی من و ئەو، هەڵ ئەگەڕێتەوە بۆ ساڵەکانی٥٩و٦٠ی هەتاوی لە ناوچەی دیواندەرە لە ناو کۆمەڵە. لەو دەمەوە من کا عەودەم ناسیووە، ئێحساسم دەکرد، کە هەر کەسێك لە هەر ئەوزاع و ئەحوالێکدا، چ بە خۆشی، چ بە ناخۆشی، چ بۆ دڵدانەوە، چ بۆ شۆخی کردن، لە هەموو ئەم بوارانەدا رووت لە کا عەودە دەکرد لێی بێتاقەت نەدەبوویت. تایبەتمەندییەکانی کا عەودە، تەنها لە ناوچەی دیواندەرەدا و لە بەین ئێمە وەك جەمعێك کە دەمانناسی قەتیس نەببوو، بەڵکو ئەو هاوڕێیانەی کە لە ناوچەکانی دیکەشەوە وەك سنە، مەریوان، سەقز کە رێگەیان دەکەوتە لای ئێمە و کا عەودەیان بدیبایەت دەیانزانی چ ئینسانێکە و چ هەڵسوکەوت و بەرخوردێك ئەکات، چ ئینسانێکە کە بە دڵەوە نزیك و دڵسۆز و پاکە. بۆ کاری تەشکیلاتیش تا ئەو جێگە من لە بیرم بێت لە بەشی تەداروکاتدا سازماندەهی کرا. بەشی تەداروکاتیش کەم کەس هەیە ئا بەو شێوە سەرکەوتووانە لە ئاو دەر بێت. دەور و رۆڵ و توانایی چ لەئەمبەری جادە"مەنتەقەی قاڵقاڵی و قەمەری لە ناوچەی دیواندەرە" و چ لە ئەو بەری جادە"مەنتەقەی هەوەتوو" لە کۆکردنەوەی یارمەتی ماڵی بۆ کۆمەڵە جۆرێك بوو کە هیچ کەسی عاجز نەدەکرد. ئەوانەش کە لە تەداروکات لە گەڵیا کاریان کردووە تەنها یەك نموونە نەبووە لە نارۆشنی لە کاریدا و هەڵەیەك ببیننەوە لە کاریدا. هەمووان بە دەسپاکی و دڵپاکی مامە عەودە باوەڕی قوڵیان هەبووە. لە هەمانکاتدا هەڵسووکەوتی لە گەڵ خەڵکدا ئەوەندە گونجا بووە کە ئیحساست دەکرد کە ساڵەهای ساڵە لە ناو شۆرشدا بووە و ئابدیدە بووەو، جیاوازی لە نێوان مەردمدا دانەدەنا. عەزیەتی خەڵکی نەدەکرد، لێدان لە مەردمی پێ غەڵەت بوو، فشاری پێ خراپ بوو، هەر شتێکی لەو بابەتەی لە لایەن هەر کەس و بەرپرسێکەوە دیبایەت نارەزایەتی خۆی دەڕدەبری تا ئەو جێگا کە ئەیتوانی و لە دەستی ئەهات. بێگومان هەر چەندە دەربارەی کا عەودە بڵێم ناتوانێت گوزارشت لە کەسایەتی ئەم مرۆڤە تێکۆشەر و خەباتکارە بکات. لە کۆتاییدا زۆر خۆشحاڵم کە بەشداری ئەم رێز لێنانە بووم و هیوای تەندروستی بۆ دەخوازم.

**محەممەد کوردی ناسراو بە حەمە ڕیش**

٣١ی جولای ٢٠١٧

# بەشی چوارەم: یادگارییەکان بە وێنە

ئاوایی تازائاوا شوێنی لە دایك بوونی مامە عەودە.

یەکەم وێنەی مامە عەودە تاران ساڵی ١٣٣٥ مامە عەودەو محەممەد ئەشرەفیان

مامه عەوده



مامە عەودە

مامە عەودەو نەهیەی خوشکی

مامه عەوده و فەرهادی کوڕی

ئەیوب، مامه عەوده، نیگار. "کوڕەزاکانی"

مامە عەودە لە گەڵ کەس و کاری

مامە عەودە، نیگار،  گوڵێ، ئەیوب

حسێن ئەحمەدی،  نەناسراو، مامە عەودە.

لە راستەوە: سورەییا بەهرامی، خاوەر محەممەدی دایکی شەهید قادر بەهرامی، غەزاڵ بەهرامی، عارف بەهرامی باوکی شەهید قادر بەهرامی، موزەفەر پاکسرشت، مامە عەودە، دانیشتووان، نەناسراو ، مام ساڵح باقچاڵە

مەجید ئەحمەدی، سەرۆك عەشیرەتی قاڵقاڵی

ساڵح عەزیمی  برای گەورەی مامە عەودە، فەرهاد، مامە عەودە.

نیگار، فەرهاد، مامە عەودە، ئەیوب

گوڵێ، فەرهاد، نیگار، عەبەی بێساران، مامە عەودە، ئەیوب

مامە عەودە

مامه عەودە.

مامه عەودە

مامە عەودەو هونەرمەند عەباس کەمەندی

مامە عەودەو هونەرمەند نەجمەدین غولاّمی

هونەرمەند کەریم کابان و مامە عەودە

مامە عەودەو هونەرمەند مەزهەری خالقی

هونەرمەند ئەنوەر قەرەداغی، شاعیری گەورەی کورد شێرکۆ بێکەس، مامە عەودە.

لالە حەمەو مامە عەودە لە سەر گڵکۆی هاوڕێ خانەی موعینی.

مامە عەودەو بەهمەن عەلیار

مامە عەودەو کۆمەڵێك لە هاوڕێیان لە ئۆردووگای زڕگوێز.

مامە عەودەو کۆمەڵێك لە هاوڕێیانی کۆمەڵە، ساڵی ٢٠١٣، کۆنگرەی چوارده.

مامە عەودە، لە زەماوەندی سێ لە هاوڕێیانی پێشمەرگەدا.

مامە عەودە و پۆلێك پێشمەرگەی کۆمەڵە لە کاتی جەولەی سیاسی نیزامی.

سدیق قوبادی، فەرهاد" کوری مامە عەودە"، مامە عەودە، سابیر لوتفی، ستار ئاویهەنگ. ئۆردووگای مالومە.

مامه عەوده، لە گەڵ دەستەیەك لە پێشمەرگەكانی كۆمەڵە لە كاتی جەولەی سیاسی نیزامی، زستانی ١٣٦٤.

فەرهاد عەزیمی، سەلاحودینی موهتەدی، مامە عەوده، ئەبوبەكر مودەڕسی.

مستەفا چاوڕەش، مامە عەودە.

ڕەسوڵ عەلیدوست، نەوید میهرئاوەر، جەمیلە ڕەحیمی، مامە عەودە، عەبە سوور.

د. ئاوات عەلیار، مامە عەودە، جەمیلە رەحیمی.

عەلی سێف، یوسف پاوە، مامە عەودە، رەسوڵ عەلیدوست.

مامە عەودە، یەحیا محەممەدی، موزەفەر پاکسرشت، موزەفەر محەممەدی.

فاروق وەکیلی، رەسول عەلیدوست، فاروق مەعانی، عەباس رەزایی، مامە عەودە، حەبیبوڵڵا کێڵانە، وەحید عابدینی، تایەر عەبدپەنا، مینە حیسامی.
دانیشتووان: نەجمەی گەڵپەروەر، محەممەد شافعی، بەهمەن عەلیار

مامە عەودە، هاوڕێی گیانبەختکردوو یەدێ دالان، ستار فەتحی
بە دانیشتنەوە: مام حەبیب، هاوڕێی گیانبەختکردوو رەحمەت مەفاخری، هاوڕێی گیانبەختکردوو فایق کانی کەوە

عەلی سیف، فەرهاد عەزیمی، خالید عەلیپوور، مامە عەودە
دانیشتووان: سالح شەریفی، موزەفەر، ئەمیر شەریفی، فاروق بابامیری، نەجمەی

عومەر ئێلخانیزادە، مامە عەودە، عەبدوڵڵا موهتەدی



مامە عەودەو عەبەدلێر و دوو هاوڕێی پێشمەرگە

مامە عەودەو عەبدوڵڵا موهتەدی لە کاتی خانەنشین بوونی لە کۆنگرەی سێزدەی کۆمەڵە لە ساڵی ٢٠١٠

حەمید بەهرامی، فاروق بابامیری، عەبدوڵڵا عەزیمی

حەمید بەهرامی و مامە عەودە لە سەر گڵکۆی شەهیدانی کۆمەڵە لە سلێمانی

مامە عەودەو ئەیوبی کوڕەزای

مامە عەودەو حەمید بەهرامی

مامە عەودە لە کۆنگرەی نۆی کۆمەڵە لە ساڵی ٢٠٠١

مامە عەودەو شەهید فایەق حەیدەری

مامە عەودە، عەبدوڵڵا موهتەدی، فاروق بابامیری

هاوڕێانی گیانبەختکردوو قادر بەهرامی و ئەنوەر عەبدی
بە دانیشتنەوە: موزەفەر کەریمی

یەحیا دەوەنداری و مامە عەودە

عەبدوڵڵا موهتەدی، مامە عەودە، د. عەبدوڵڵا موردوخ، سەلاحودینی موهتەدی، جەماڵی حەمەی خوا کەرەم.

مامە عەودەو ئەنوەر محەممەدی

له چەپەوە" مام جەلال، فاروقی مەلا مستەفا، عومەر ئێلخانیزادە، مامە عەودە، ڕەسول عەلیدوست، ئەنوەر محەممەدی. بارەگای ناوەندی کۆمەڵە.

سەرکردایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و کۆمەڵەی شۆڕشگێڕ، ساڵی ٢٠١١

سەرکردایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان و کۆمەڵەی شۆڕشگێڕ.

عەبدوڵڵا موهتەدی، مستەفا هیجری، ئەبوبەکر مودەڕسی، مامە عەودە.

مامه عەوده، سمایل ئاغای ئێلخانیزاده، عومەر ئێلخانیزاده.

دایه ئامین، مامه عەوده، لاله حەمه

مامە عەودە عەبدوڵڵا تەوافقی

مامە عەودەو رەشید رەزاقی

مامە عەودە و پۆلێك لە پێشمەرگەکانی کۆمەڵە

مامە عەودە،  شەهید سەعید خانێ، شەهید فایەق حەیدەری

مامە عەودە، حاجی بەختیاری چەرمەگا

مامە عەودەو پۆلێك پێشمەرگەی کۆمەڵە

شوعەیب زەکەریایی، سالار پاشایی، یوسف ئەردەڵان، مامە عەودە.

مامە عەودە لە نێو هاوڕێیانی پێشمەرگەدا

مامه عەوده له ڕێو ڕەسمی بیست و شەشی ڕێبەندانی ساڵی ٢٠١٢
حەفتا: مامه عەوده

کاکە شاروخی ئازیز
ئەوە بۆ بەرگی پشتەوەی کتێبەکە
هەر بژیت

کە من سی و سێ ساڵە پێشمەرگەی کۆمەڵەم، نامهەوێت تاریف و تەمجید لە خۆمەوە بکەم، دەمهەوێت ئەوە بڵێم ئەم سی و سێ ساڵە من سی و سێ چرکە لەرزش و دوودڵی و ڕاڕاییم، لە سەر خەباتم، تێدا نەبووە. تا ئەو جێگە توانیبێتم و پێم کرابێت لە کاری باش، بە نیسبەت کۆمەڵە و خەڵکی کوردستان درێغیم نەکردووە. من ئێستاش و تا ماویشم خۆم بە بچووك، بە خزمەتگوزاری خەڵکی کوردستان دەزانم.

مامە عەودە لە ساڵی ٢٠١٣